
# پارادۆکسەکانی شیعری مۆدێرن

موراد فەرهادپوور

وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود



کتێبی ژنەفتن
١٤

# پارادۆکسەکانی شیعری مۆدێرن

موراد فەرهادپوور

وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود

# پارادۆکسەکانی شیعری مۆدێرن

موراد فەرهادپوور

وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: پارادۆکسەکانی شیعری مۆدێرن
نووسینی: موراد فەرهادپوور
وەرگێڕانی: فازڵ مەحموود
بابەت: وتار و ڕەخنە
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە:
هەولێر، ئایاری ٢٠٢٢
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٩٣ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێك لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

# پێشەکی

شیعری مۆدێرن ئاماژەیە بۆ ئەو شیعرانەی کە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور لە ساڵانی ١٨٥٠ تا ١٩٥٠ بە نەریتی شیعری مۆدێرن نووسراون. لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ناکۆکیی زۆر لەسەر پۆلێنکردن و سەرچاوەی سەرەکیی شیعری مۆدێرن هەیە، بەڵام ئەوەی بە گشتی لەسەری کۆکن، سەرچاوەی سەرهەڵدانی شیعری مۆدێرن هەر ئەم دوو شەپۆلەیە کە باس کرا: سیمبولیزمی فرەنسی و شێوازی شیعری ئازاد[1] و پەخشانەشیعره و، شەپۆلی دووەمیشیان: شیعری ئیماژیزم و بڕگەییی ئەمریکای باکووره. کاریگەریی شاعیرانی سیمبولیستی فرەنسی وەک بۆدلێر و ڕەمبۆ و مالارمێ نەک بەسەر شاعیرانی فرەنسی زمان، بەڵکووو بەسەر شاعیرانی تری مۆدێرنیستی جیهانیشدا حاشاهەڵنەگره. ئەم شاعیرانە بە پلەی یەکەم پشتکردنیان بوو لە نەریتی شیعری ڕۆمانتیزم و کەشفکردنی جیهان و پەیوەندی نێوان شتەکان لە ڕوانگەیەکی نوێیەوە. شیعری مۆدێرن بە پێچەوانەی زانست و تەنانەت فەلسەفەش کە هەمیشە هەوڵ دەدات دوالیزمەکان لە تەنیشت یەک دابنێت بۆ تێگەیشتنی ئەمیان لە ڕێگای ئەویان، بۆ نموونە لە ڕێگای نادادپەروەری بزانێت دادپەروەری چییە، عەقڵ چییە و ڕۆح کامەیە و پیرۆز و ناپیرۆزی و هتد، هەوڵ دەدات تەواوی پارادۆکسەکانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی بۆ نێو شیعر بگوازێتەوە.

بۆیە لای شاعیرانی مۆدێرن بە پێچەوانەوەی شاعیرانی ڕیالیست و ڕۆمانتیک زمان چیتر کەرەستەیەک نییە بۆ وەسفکردنی واقیع و نواندنەوەی هەست و سۆز بەرانبەر ئەم واقیعە... چونکە وشەکان هاوتەریب نین لەگەڵ ئەو شتانەی کە بڕیارە دەریانبڕن. وەک ت. ئیس. ئێلیۆت دەیڵێت: وشەکان دەستیان کردووە بە «خلیسکان». لای ئەوان زمان لە کاتی هەوڵدان و بەرەنگاربوونەوە و زاڵبوون بەسەر ئەم واقیعەدا لێک دەترازێت... و لێرەدا زمان تووشی قەیران دێت، چونکە ئەو پەیوەندییە سەرەتایەی زمان لەگەڵ جیهاندا واتە ناولێنان و وەسفکردنی شتەکان و دیاردەکانی نێوی چیتر ڕوون نییە و تەمومژاویبوون و هەڵەتێگەیشتن و تەنانەت کۆڵنەدان بۆ وەسفکردنیش شوێنی بە دەلالەتە

١ Vers libre

باوەکان لێژ کردووە ... هاوشێوەی ئەو ئەزموونەی لە ڕۆمانی «لە هەناوی تاریکیدا[٢]» کە کۆرتێز خەونەکانی خۆی تەنیا لە شێوەی «ترس و تۆقین»دا دەردەبڕێت! یان ئەو ئەزموونەی بێکێت کە دەڵێت: ناتوانم بەردەوام بم، بەردەوام دەبم! بۆیە شیعری مۆدێرن بە جۆرێک بریتییە لە شکستی ئەزموون و لەناوچوونی زمانی شیعر و، زۆربەی شاعیرانی مۆدێرن قەیرانەکانی نێو کۆمەڵگای مۆدێرنیان لە شێوەی پارادۆکسە ناوەکییەکانی شیعردا ئەزموون کردووە و، لێرەدا بوونی پارادۆکس وەک دیوێکی ئەرێنی سەرنج دەدرێت و مەبەست لێی قووڵبوونەوەی شاعیرانە لە سەردەمی خۆیان و ئەزموونکردن و قبووڵکردنی هەموو پارادۆکسەکانی نێو ژیانی مۆدێرنە. ئەم کتێبەی بەردەستان هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی جیهانی شیعری مۆدێرن، کە وتاری یەکەمی لەلایەن «ئێریش هیلەر» نووسراوە و بە جۆرێک ڕەتکردنەوەی ئەم جیهانە شیعرییە و، پێی وایە ئەزموونی ئەم شاعیرانە ئافراندنی کۆمەڵێک جیهانی لێوانلێوە لە سیمبولی ئاڵۆز و ناڕوون، کە بوونیان لە ئەنجامی لێکترازانی شیعر و ژیان و دواتر لەدەستچوونی سادەیی (زمانی) شیعرە. لە هەمان کاتدا دەرکەوتنی واقیعێکی بێواتا و واتایەکی ناواقیعییە، کە هەرجۆرە هەوڵێک بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ژیان و هونەردا لەناو دەبات. ئەم وتارە لەلایەن خودی مورادی فەرهادپور وەرگێڕاوە[٣]، وتاری دووەمیش کە نووسینی خۆیەتی، هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەرگومێنتەکانی هیلەر لە هەمان کاتیشدا دەروازەیەکە بۆ چوونە نێو ئەم جیهانە ئاڵۆزەی ئەزموونی شیعری مۆدێرن و شیکردنەوەیان بە ئەرگومێنتی فەلسەفی و مێژووییەوە. لە کۆتاییشدا گفتوگۆیەکی تێر و تەسەلە لەگەڵ نووسەر سەبارەت بە ئەدەب و شیعری مۆدێرن و ئەو باسانەیش کە دەیخاتە ڕوو سەبارەت بە کۆنەپارێزی ئەدەبی ئێران دەشێت وەک نزیکییەکی کولتووری بۆ توێژەران ببێتە سەرچاوەیەکی باشی بیرکردنەوە سەبارەت بە ڕەوتی شیعر و ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیشدا.

وەرگێڕ

٢٠٢٢

---

٢ Heart of Darkness

٣ وەرگێرانەی منیش هەر لە سەر دەقە وەرگێڕاوەکەی مورادی فەرهاد پور خۆیەتی

# سەرکێشییەکانی شیعری مۆدێرن

## ن: ئێریش هیلەر

یەکشــەممەی جەژنــی ئاخێـزەو[٤] فاوسـتی گۆتـە پـاش ئـەوەی بـە یەکێـک لـە لیریکیتریـن ئـەو گەشـتانەی کـە لـە ئەدەبـی ئەڵمانیـدا وەسـف کـراوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر کتێبـەکان و خوێندنـەوەی خـۆی، سـەگێکی بچووکـی ڕەشـی سـەیری لەگەڵدایە، کە لـە مەزراکانـی دەرەوەی شـاردا بە لاسارییەوە خـۆی بـەودا هەڵواسـیوە. فاوسـت ئینجیلەکـەی یۆحەنـا دەکاتـەوە و مکوڕە لەسـەر ئـەوەی وەریبگێڕێتـە سـەر زمانـی ئەڵمانـی، زمانـە ئازیزەکـەی. بـەڵام هـەر لـە یەکـەم دێڕدا پەکـی دەکەوێت. ئـەو شـتە چییـە «کە هەر لە سـەرەتادا هەبـووە؟» لۆگـۆس –وشـە؟ نەخێـر، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی وشـە تـا ئـەم ڕادەیـە، مەحاڵـە. ڕەنگـە «واتـا» باشـتر بێت، بـەڵام ئەمـەش لـەوە لاوازترە، کە بتوانێت سـەرچاوەی ئـەو شـتانە بێـت کـە هەیـە. فاوسـت وشـەی «هێـز» تاقـی دەکاتـەوە، بـەڵام ئێسـتا کـە وەرگێـڕ تـا ئـەم ئاسـتە لـە دەقە سـەرەکییەکە دوور کەوتووەتـەوە، ئـەی بـۆ مافـی ئـەوەی نەبێـت لـەم ئازادییـەی خۆیـدا بـەرەو پێـش بـڕوات؟ «لـە سـەرەتادا کـردە هەبـوو». ئـەم وشـەیە بـڕوا بـە فاوسـت دێنێـت و دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی سـەگەکە بشـڵەژێت. بـەڵام وەرگێڕانەکـە بـاش دەرناچێـت، چونکـە ئێسـتا سـەگەکە ئارامـی لـێ بـڕاوە و تەنانـەت گـوێ بـۆ کاریگەرتریـن وێـردە جادووییەکانـی فاوسـت بـۆ هێورکردنـەوەی شـەیتانەکانیش ڕانادێرێـت. لەبـەر ئـەوەی سـەگەکە خـۆی لـە دۆزەخـەوە هاتـووە و خۆیشـی شـەیتانە. یەکشـەممەی جەژنـی ئاخێـز و جادووگەرێـک: لـە لۆگۆسـەوە بـۆ وشـە، لـە وشـەوە بـۆ کـردە، لـە سـەگەوە بـۆ شـەیتان، دیمەنەکـە بـۆ قومارێکـی مەترسـیداری شـیعری مۆدێـرن ئامادەیـە. بـەڵام پێش ئـەوە، دەبێت ڕەچاوی بنەماکانی توێژینەوەی زانستی بکەین. کەواتـە مۆڵـەت بـدەن بپەرژێینـە مێـژووی ئەنجوومەنـی پاشـایی: واتـە دامەزرانـدن، بەرنامـە و پێشـکەوتن لـە پەرەسـەندنی فەلسـەفەی ئەزموونـی. تۆمـاس ئیسـپراتی قەشـەی ڕۆچسـتەر، ئـەم کتێبـەی لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی حەڤدەدا نووسـیوە. شـاعیرێک بـە نـاوی «کالـی» دەروازەیەکـی شـیعری بـۆ ئـەم کتێبـە نووسـی و ناوەڕۆکـی دیالێکتیکی کتێبەکـەی بـە گوڕوتینێکـی زیاتـر لـە خـودی نووسـەرەکە دەربـڕی و بـە خشـڵی شـیعری ڕازاندییـەوە.

[٤] Pâques Easter

چونکە سەبارەت بە مەسەلە دونیاییەکان و ئەم جیهانە، شاعیر لە قەشە دەست کراوەترە. لەم شیعرەدا ستایشی فەلسەفە یان عەقڵ دەکرێت و شاعیر بۆ ئاماژەدان بەوە، سوود لە جێناوی کەسی سێیەمی تاکی نێر وەردەگرێت، چونکە بە گوتەی ئەو عەقڵ «فەزیلەتێکی» نێرە.

«بەڵام مەخابن پارێزەران و مامۆستایان،

(هەندێکیان خافڵ و لێنەزان و هەندێکیان هەلپەرست)

هەرگیز ڕازی نابن بە ئازادییەکەی

یان بۆ هێزە جەوهەرییەکەی کە توانای بینینی دەداتێ

نەکا ئەم ئیشە ببێتە هۆی کۆتاییهێنان بە مەرجەعیەتی ئەوان.

بۆ ئەوەی «عەقڵ» ئیشی خۆی لەبیر بکات،

ئەویان سەرقاڵی فێڵ و زیرەکی کرد و

لەباتی گۆشتی نەرمە کە دەبێتە هۆی زۆربوونی تواناییەکەی،

میوە و شیرینییەکانی شیعرییان دەرخواردی دا...».

بەڵام خۆشبەختانە ئەوەی وا گۆشتی نەرمەی هاوردە دەکرد هەر لەو ناوە بوو:

دواجار، بیکێن، پیاوێکی مەزن، دەرکەوت،

ئەو کە سروشت و پادشایەکی عاقڵ، وەک وەزیر هەڵیانبژارد و

هەردووکیان سەروەری یاساکانی خۆیان سپاردە ئەو.

ئەویش بێ سڵەمینەوە پەیامی داکۆکی لە عەقڵی، واتە ئەم شاگردە بریندارە، لەئەستۆ گرت. بەڵام ئەم خوازیارە یەکەمەی زانست، پەیامی بوێرانە و توندی وەزیری گەورە چۆن لە شیعرەکەی خۆیدا وەسف دەکات؟

لە وشەکان کە وێنەی هزرن

(هەرچەند کە ئێمەی لادەر بیرکردنەوەکانی خۆمان لەوانەوە وەردەگرین)

هزر ئاماژەیە بۆ شتەکان، بابەتە سەرەکییەکانی بیر

ئێمە هەروەک باڵندەیەکی نەزان بەرەو هێشووە ڕەنگاوڕەنگەکان هەڵفڕین.

ئەویش لەپێناو ئێمە لە گەڕاندا بوو بۆ حەقیقەت و ئامادەی کرد

ئەوکات کە ئەو هەموو هێشووە هەڵبژاردە ڕاستەقینەیە دەستەبەر بوو

بە عەقڵ و پیشەی خۆی ئەوانەی گوشی

هەتا گوشراوی هەموویان لە دەفرێکدا کۆ ببێتەوە

هەڵهاتنی لە شێوەی خواردنێکی خوداوەندانە،

شەرابێکی گوڕپێبەخشی ڕۆحێکی تینوو.

ڕەنگە ئەمە یەکەمین شیعری گاڵتەجاڕانە و هاوکات سەرنجڕاکێش بێت، کە لە تەواوی مێژوودا نووسرابێت، سەرەڕای ئەمەش واتا و گرنگیی خۆی هەیە. ئەم شیعرە نەک لە پێشگۆیی و لاساییکردنەوەی گاڵتەجاڕانەی، «لە وشەوە بۆ کردە »ی فاوست دەچێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە جدییەتێکی کرچ و کاڵ و منداڵانە ناوەڕۆکێک دەردەبڕێت، کە بڕیار بوو بۆ سێ سەدەی داهاتوودا هەروەک نەفرەتێکی هەمیشەیی سێبەری خۆی لەسەر ژیان و بەرهەمی شاعیران و هونەرمەندان دابنێت و بە گوێی ئەوانیشدا جارێک زایەڵەی هەڕەشە شوومەکانی سەرابی واقیع و جارێکی دیکەش کەڵکەڵەکانی شکۆ و مەزنی باڵایی و جیهانەکەی دی بچرپێنێت. ئایا دەکرێت شوێنی ئاڕاستەی فڕینی باڵندە نەزانەکان بەرەو پاشەوە بەرەو هێلانە هەڵبگرین، لەو شوێنەی لە شەقەی باڵیان دا و لەسەر باڵەکانی وشە، کە تەنیا وێنەکانی هزرن، شتە ڕاستەقینەکان یان بابەتە ڕاستەقینەکانی زەینیان تێپەڕاند. ڕەنگە لەبری ئەم تێڕوانینە گشتییە بۆ دیمەنێکی وەها ئاڵۆز و بەرفراوانی کات، باشتر وابێت دیمەنێک لە شاری ماربۆرگ بۆ توێژینەوەیەکی وردتر هەڵبژێرین. لەوێدا دیبەیتێک سەبارەت بە تیۆلۆژیای تیۆری لە ئارادا بوو. لایەنەکانی ئەم دیبەیتە دوو تیۆلۆژیست و ڕیفۆرمخوازی ئایینی کاریگەریی سەدەی شازدە: مارتین لۆتەر و ئۆلریچ زوینگلی. لە سەردەمی نوێدا لە تێڕوانینی خەڵکانی ئاسایی و ئەوانەی پلەوپایەی ئایینییان نییە، ڕەنگە ئەم مشتومڕەی ئەوان بە جۆرێک وەک شیتەڵکاریی سکولاستیکی سەدەکانی ناوەڕاست بێتە پێشچاو، بەڵام ئەم باس و مشتومڕە زیاتر لە چیرۆکی سامسۆن و بڕینی پرچی دەچێت، کە بێگومان ئەنجامەکەی بووە هۆکاری داڕووخانی ئەو

ستوونانەی، کە بینایەکی مەزنی لەسەر بونیادنرابوو[٥].

ئەو مەسەلەیەی کە کەوتبووە بەرباس، پەیوەندی بە ماهیەتی جەژنی سوپاسگوزاری[٦] و ڕێوڕەسمەکانی دوایین خوانی مەسیح، نان و شەرابەوە هەبوو. ئایا ئەمانە لە ڕاستیدا جەستە و خوێنی مەسیحن یان تەنیا «سیمبولێکی ئاسایین»؟ لۆتەر سەرەڕای هەموو لادان و پاشگەزبوونەوەکانی لە ڕێسای بیروباوەڕە ترادسیۆنییەکان، هێشتا هەر سەر بە سەدەکانی ناوەڕاستە و بۆ ئەو، وشە و نیشانە بە تەنیا «وێنەی هزر» نین، بەڵکووو خودی شت یان بابەتەکەن. بەڵام لە ڕوانگەی زوینگلی کە ئاشنا بوو بە هزری ڕۆشنگەرانەی ڕێنیسانسی ئیتاڵیا و خاوەن پێگەی هزریی خۆی بوو، ئەم بۆچوونە تەنیا پاشماوەی قسە پووچەکانی سەردەمی بەربەریەت بوو. جەژنی سوپاسگوزاری «تەنیا» سیمبولێکە، واتە ئەوەی کە لە زاتی خۆیدا نییەتی، وەک سیمبول دەیناسێنێت.

لێرەدا بەڕاستی ڕووبەڕووی دۆخێکی تایبەت دەبینەوە. بابەتی مشتومڕەکە سیمبولێکی تاک و پیرۆزە، مژارەکەش بەباشی پێناسە و دەستنیشان کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەم مەسەلەیە نوێ نییە، نموونەکانی پێشووتری، لە تەواوی مێژووی گۆڕانکاری لە تیۆلۆژیای مەسیحیدا بەرچاو دەکەوێت. هەموو ئەمانە دەبێت ئێمە لە گشتاندنێکی سادە و ڕووکەشی بابەتەکە دوور بخەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، حەقیقەتێک هەیە ئەویش ئەوەیە ئەم پرسە هەرگیز گرنگی و هەرایەکی وەهای دروست نەکردبوو، چونکە لەنێو مشتومڕی لۆتەر و زوینگلی، ئەم پرسە وەک دواترۆپکی تیۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕانەی زۆر قووڵتر دەردەکەوێت، شۆڕشێک لە هزر و هەستی ئەو خەڵکانەی کە لە ڕێگایەوە بەرانبەر بەو جیهانەی کە تێیدا دەژین، کاردانەوە دەنوێنن. هەنووکە ئەو ساتە میلتۆنییە بۆ حەقیقەت هاتووە، «حەقیقەتێک کە هاوشێوەی دەستێکی ئازاد و خولیا یارمەتی بدەن، ئەم دەستانە وا خۆیان ئاوەڵا دەکەن، کە هەنگاوەکانی میتۆد و دیسکۆرس هەرگیز ناتوانن پێشی بکەون». ئەم ساتە مێژووییە، دەستپێکی سی ساڵ جەنگ و خوێنڕژانە و بەدوای ئەمەدا بەرەبەرە سەردەمێکی نوێ سەر هەڵدەدات کە تێیدا نەک ڕێبازە

٥ ئاماژەیە بۆ چیرۆکی سامسۆن و دەلیلە لە تەورات.. کە دەلیلە سامسۆنی پاڵەوان لە خشتە دەبات و تەسلیمی فەڵەستینییەکانی دەکات، هەروەها نهێنیی هێزە جادوویەکەی سامسۆن کە خواوەندی یەهوودە پێی بەخشیوە بە فەڵەستینییەکان دەڵێت، هێزێک کە لە پرچیدایە، فەڵەستینییەکان پرچی دەبڕن و نابینای دەکەن و سامسۆنیش هێزی خۆی لەکیس دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا پرچی دێتەوە و لە زیندان کاتێک دێتە نێو پەرەستگای فەڵەستینییەکان بە هەموو هێزی خۆی ستوونی پەرەستگاکە بەسەریاندا دەڕووخێنێت.

٦ The Eucharist

پیرۆزە ئایینییەکان، بەڵکوو پیرۆزیی هەر شتێکیش کە بە پیرۆز دادەنرا، بە کردەیی و بە گوتنیش چیدی ڕاستەقینە نییە. جیهانێک سەر هەڵدەدات، کە تێیدا تەنانەت تێگەیشتن لە حاڵەتی زەینیی لۆتەر لە کاتی دەستەویەخەبوون لەگەڵ مەسەلەی «لەئوستورە-خستن» لای زوینگلی ئەستەمتر دەبێت، چ بگات بە قبوڵکردنی ئەوانە. (لەئوستورە-خستن، کردەیەکە کە ڕێک هێندەی ئەو چەمکەی بۆی داتاشراوە کوشندە و مەترسیدارە، چەمکێک کە فریشتەکان تووشی لاڵەپەتیٚ[زمانگرتن] دەکات و زەینی مرۆڤەکان دەکاتە شوێنی شەیتانەکان). یەکێتیی وشە و کردە، وێنە و شت، یەکێتیی نان و جەستەی شکۆمەندی مەسیح، بۆ هەمیشە لەناو دەچێت. سەبارەت بە شەرابی وزەبەخشیش، دەکرێت بگوترێت تەنیا ڕۆحە تینووەکان لێی دەنۆشن، بەڵام لە کاتێکدا کە لە قووڵاییی تینویەتی و لەوپەڕی پێویستیی خۆیاندا، دڵنیایی تەواویان لەوە هەیە کە ئەم شەرابە گوشراوی هێشووە ڕاستەقینەکانە و بەرهەمی پیشەسازییە.

بەڵام سروشت و ماهیەتی ئەم شۆڕشە چییە، شۆڕشێک کە پێشەنگەکەی مشتومڕی نێو تیۆلۆژیستەکان بوو، کە بەڕواڵەت بابەتە سەرەکییەکەی پەیوەستە بە ڕێژەی سیمبولیکبوونی «حەقیقەتی شەرعی و باو»ـەوە؟ لە هەمووی گرنگتریش پەیوەندیی ئەوە بە باسەکەی ئێمەوەیە، واتە چارەنووسی شیعری مۆدێرن چییە؟ ڕەنگە بتوانین بە تیرێک دوو نیشان بپێکین و هەردوو پرسیارەکە بەم شێوەیە وەڵام بدەینەوە، کە بەرهەمی ئەرگۆمێنت هێنانەوەی زوینگلی لەپێناو پلەوپایەی ئایین، شیعر و هونەر، هەمان ئەو گورزە بوو کە دواتر لە ئەنجامی دۆزینەوەکانی کۆپەرنیکۆس لە پلەوپایەی زەویش درا. بە هەمان شێواز زەوی ئیدی بوو بە هەسارەیەک لەنێو هەسارەکانی دیکەدا، هەنووکەش ڕۆحی شیعر بوو بە ڕۆحێکی ئاسایی لەنێو ڕۆحەکانی تردا. هەڵبەت من قسەوباس لەسەر زانستی کەلام لەگەڵ شەنوکەوکردنی تیۆری ئیستاتیکی، چەواشە ناکەم، بەڵام لە ڕاستیدا بڕوام وایە لە کۆتاییی قۆناغێکدا کە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی و تەمومژاوی بە سەدەکانی ناوەڕاست ناوی دەبەین، گۆڕانێکی بنچینەیی لە وێناکردنی مرۆڤ بۆ واقیع ڕووی دا و ئەو کۆمەڵە بیروباوەڕە لائیرادی و ناوەکییە سەبارەت بە جیاکردنەوەی واقیع لە ناواقیع، گۆڕانکاری بەسەردا هات. ئەوە شۆڕشێک بوو کە دەشێت لەگەڵ شۆڕشێکی دێرینتردا بەراوردی بکەین، هەمان ئەو گۆڕانکارییەی کە نیچە ناوی لیٚ نا «سەرکەوتنی زەینیی سوکراتی، بەسەر ڕۆحی دیۆنیزۆسی تراژیدیدا». لە ڕاستیدا هەردوو سەرکەوتنەکە ئێمەی لەگەڵ ئەو ئاڵۆزییەی فەلسەفەی جوانیناسی دەستەویەخە کردووەتەوە و ئەو

بـاره قورسەشـی خسـتووەته سەرشـانمان.

ئەفلاتـون یەکـەم بیرمەنـدی مەزنـی یۆنانـی بـوو، کـە تۆمەتـی تێکدانـی وێناکردنـی ئاگایانـە و سـوودمەندی مرۆڤـی سـەبارەت بـە واقیـع دایـە پـاڵ شـیعر، تۆمەتێـک کـە ئەنجامەکـەی بـووە هـۆکاری تیۆرەکـەی ئەرسـتۆ لەبـارەی «سـوودمەند»ی تراژیدیـاوە. لـە سـەردەمی زوینگلـی تـا ئەمـڕۆ، باوتریـن کاردانـەوە سـەبارەت بە پرسـی واقیعـی سیمبولەکان، خۆقیتکردنەوە یـان سەرڕاوەشـاندنێکی عاقڵانـە یـان نووسـینی بەرگرینامەیەکـی نوێیـە لـە شـیعردا، یـان تیۆرییەکـی نـوێ لـە بـواری ئیسـتاتیکادا.

بـە دڵنیاییـیـەوە ئـەم گومانـە، کـە پێش سـەرکەوتنی ئـەم شـتە ئـەو عەقڵـەی کـە «کالـی» ستایشـی دەکـرد، کەسـانی پێشـوو لـە دەستنیشـانکردن و جیاکردنـەوەی وەهـم لـە واقیـع و شـێتی لە عەقڵی سـەلیم، توانایەکی کەمتریان لـە ئێمـە تێدا بـوو (یـان ئـەوەی ئایـا ئێمـە تـا ئـەم ڕادەیە بەهێز و بەتوانایـن)، وێناکردنێکـی پـووچ و بێمانایـە. خسـتنەڕووی ئـەم پرسـە بـە هاوکاریـی ئـەم چەمکانـە بێسـوود و هەڵەیـە، چونکـە ئەمانـە هەمـوو چەمکەکانـی سـەردەمی نوێ[مۆدێـرن]ن. ڕەنگـە تەنانـەت لـە ئاسـت گروپێکـی نوخبـەدا توانـای دەستنیشـانکردن و جیاکردنـەوە، بـە بـەراورد لەگـەڵ سـەردەمی ئێمـە دروسـتتر و ڕاشـکاوتر بێت، چونکـە دەستنیشـانکردنی واقیعگەرایانـەی ئـەو شـتانەی کـە بانگەشـەی ئەوەیـان لـێ دەکرێـت سـەر بـە قەڵەمـڕەوی ڕۆح یـان واتـان، تەنیـا کاتێـک دەسـت دەدات، کـە ڕاسـتەقینەبوونی مەسـەلەی مەعنـەوی بناسـرێت و هەسـتی پـێ کرابێـت. خەڵکانـی ئـەو سـەردەمە مەسـەلەی ئەبەدیەتیـان لەنێـو دەسـتدا بـوو و لەمسـیان دەکـرد، بـەڵام بـۆ ئێمـە لـە تامەکـەی زیاتـر (حەقیقەتـی ئەبەدییـەت) هیـچ نەماوەتـەوە. بـە هەمـان شـێوە کـە دەگوترێـت لـە مشـتومڕی دڵخوازانـە باشـتر وایـە خۆمـان لـە حوکـم و بڕیـاردان بپارێزیـن. بـۆ ئـەوان بینینـی سـیمبول هـاوڕێ بـوو لەگـەڵ زانیـن و مەعریفـە بـۆ حەقیقەتـدا، ئێمـە تەنیـا ئـەوە دەبینیـن و دیسـان لەنێـو تاریکیدا ئـازاد دەبیـن، چونکـە بـۆ ئێمـە ئەمـە تەنیـا سـیمبولێکی ئاسـاییە و لـە پانتایی سـەر گـۆی زەویدا ڕەنگـە واتاکـەی ئـەم یان ئـەو شـت، یاخـود لـە بنەڕەتـدا هیـچ بێـت.

لـەو وەسـفە شۆڕشـگێڕانەیەی کـە مەبەسـتی منـە، شـێوازێکیان ئەوەیـە کـە بڵێیـن شـۆڕش پێگـە و پایـەی سـیمبول تـا ئاسـتی «سـیمبولیەتێکی ئاسـایی» دابەزانـد و بـەم شـێوەیە زمانـی ئاییـن و هەروەهـا زمانـی هونـەری تـا ئاسـتی واقیعێکـی بنەڕەتـی و زاتـی بێبـەش کـرد. ئـەم جیاکردنەوەیـە سـەرەتا بـۆ هـەردوولا سـوودمەند بـوو. واقیـع، کـە ئێسـتا لـە کۆتوبەنـدی

بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە سیمبول ڕزگاری ببوو، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو هەر لە ڕاستیدا واقیعییانەتر بوو. دەستەکانی مرۆڤ کە بەرەو واقیعە وجودییەکەی ئاوەڵا کرابوو، چیدی لەبەر تاسان و ترس لە ڕاز و ڕەمزی سیمبولیک نەدەکەوتە لەرزین. ئەو ئێستا وەک نەشتەرگەرەکان چوست و چالاکییەکی پاکیزە و ناوازەی هەبوو، واقیعیش کە لە ڕێگای پیشەسازی و بە شێوازی «بیکێن» چڕ دەکرایەوە، خوانێکی فراوانی دەخستە بەردەمی، ئەگەرچی خوداوەندانە نەبوو، لانی کەم زۆر واقیعی بوو. هاوشان بە واقیعیبوونەوەی واقیع، سیمبولیکتر و هونەریش، هونەریتر بوو. هونەرمەند چیدی ئەو پیشەمەندە خاکەڕایە نەبوو، کە چەند کاڵایەکی بۆ بازرگانیی گشتی لەنێوان زەوی و ئاسماندا دەخستە ڕوو. ئەو ئێستا خۆی بە بازرگانێکی شارەزا لە بواری زۆر پسپۆڕیی تایبەتدا دەزانی. جیهانی غەیبی ئاسمان بەتەواوەتی لەژێر ڕکێفیدا بوو و زەویش لەژێر پێیەکانیدا.

بەڵام چەند نیشانەیەکی نیگەرانیش بەرچاو دەکەوێت. ئەم گرژییانە دواجار لە سەدەی حەڤدە گەیشتە لوتکەی خۆی. ئەوەی سەرەتا وەک جۆرێک لە ئازادی دەزانرا، بە تێپەڕبوونی کات زیاتر شێوەی تاڵانی و دزی لەخۆ گرت. سیمبول، کە واتا ڕاستەقینەکەی تاڵان کرابوو، دەلالەتی لە چی دەکرد و واتای چی بوو؟ واقیع کە واتا سیمبولییەکەی تاڵان کرابوو، بە چ واتایەک دەهات؟ ماهیەتی دەوڵەت لەسەر ئەم گۆی زەوییە چی بوو؟ دێوەزمە یان لێڤیاتان. خودا چی بوو؟ ئایدیای خودایەکی نەناسراو و نهێنیئامێز بەرەبەرە زیاتر پەرەی دەسەند، خودایەکی زۆر دوور و شاراوە لەپشت کۆمەڵێک پەردەی پەی پێنەبراو. سەدەی حەڤدە تەنیا سەدەی نیوتن و سەدەی گۆڕانی جیهان بۆ کاتژمێرێکی ڕێک و پاکیزە و کردار و پەرچەکرداری پێشبینیکراو نەبوو. بێگومان لە قەڵەمڕەوی «واقیع» (ئەم نەخۆشە لەسەرخۆیە کە لە بەرانبەر پەنجەکانی زەینی مرۆڤدا سەری دانەواندووە)، دۆخەکە بەم شێوەیە بوو و چەمکە نیوتنییەکان زاڵبوون، بەڵام لە قەڵەمڕەوی ڕۆح (ئەم یاخییە تاوانبارەی کە تووڕەیی و بەرەکەتی خودای ئەزموون دەکرد)، سەردەمی پاسکاڵ و هۆبز بوو، سەدەی پێکدادانە نائومێدکەرەکان و سەرکەوتنەکانی ستایلی بارۆک، سەدەی شاعیرانی میتافیزیکی[7]. تەنگەژەی نێوان ئەم دوو قەڵەمڕەوە لێکترازاوە [ڕۆح و واقیع]، کە پێویستییە بنەڕەتییەکەی دیسان هەستی پێ دەکرا، دەستی پێ کرد. بەڵام بەدیهاتنەکەی بە درێژاییی

٧ شاعیرانی میتافیزیکی: ڕێبازێکی شیعری ئینگلیزییە لە سەدەی حەڤدەیەم، دۆن، هێربێرت و کراشاو لە شاعیرە بە ناوبانگەکانی ئەم ڕێبازەن، لە شیعرەکانیاندا هەست و سۆزیان تێکەڵ بە هزری نوێی ڕۆشنبیرانە دەکرد و لە دەربڕینی شیعریدا کەڵکیان لە وردەکاریی ئاڵۆز وەردەگرت.

هێڵـە تێکەڵوپێکەڵەکانـی پەیوەنـدی لەگـەڵ پشـێوی و فشـار و دڵەڕاوکێـدا هاوشـان بـوو. شـوێنە سـتراتیژییەکان دەبـوو بـە وریایـی و زیرەکییـەوە داگیـر بکرانایـە و شـۆڕش و داهێنانـە [کولتوورییـەکان] دەبـوو بـە تاسـە و خولیایەکـی هەڵقـوولاوی تووڕەییـی مەعنـەوی بەدواداچوونـی بـۆ بکرێـت. سـتایلی بـارۆک شـێوازی بیناسـازیی ئـەم جووڵـە و مانۆڕانـەی ڕۆح بـوو. سـەبارەت بـە زیرەکـی ڕۆحیـش، دەبێـت بگوترێـت کـە پێگەکـەی بریتـی بـوو لـە شـێوازی دەربڕیـن و زمانـی تەنزئامێزی شـیعری میتافیزیکی. ئـەم زیرەکییـە لـە ئاڵۆزییـە خودئاگایییەکانـی زمانـی شـیعری (کـە وەک دەگوترێـت ژمارەیـان هێنـدەی ژمـارەی گوناهـە گەورەکانـە) و لەنێـو پارادۆکسـەکانی هـزری ئایینیـی پاسـکاڵدا ئامادەیـی هەیـە. چونکـە هـەر کاتێـک سـیمبول و واقیـع، زەیـن و ڕۆح مەبەسـتێکی جیـاواز لـە یەکتریـان هەبێـت، ئـەوا قسـەکردن بەبـێ گرێوگـۆڵ و پارادۆکـس نەکردەیـە.

پەرتبـوون و نامۆبوونـی ئـەم دوو قەڵەمـڕەوە لـە یەکتـردا بـەردەوام بـوون. سـیمبول مـاڵ و حاڵـی خـۆی لـە جیهانـی واقیعـدا لەدەسـت چـوو و جیهانی واقیعیش خـۆی لەگـەڵ سیمبولدا نامۆ کرد. بیناسـازی، واقیعیترینی هونـەرەکان بـەرەو نەمـان چـوو. ئـەو بینایانـەی کـە بەرجەسـتەکەری ڕوانگەیەکـی مەعنەویـی ڕەسـەن بـوون، پـاش سـەدەی حەڤدەیـەم بـۆ ئەروپییـەکان نـە شـوێنی نیشـتەجێبوون بـوو نـە شـوێنی عیبـادەت و نـە پێگـەی حکوومـەت، ڕۆحیـش تەنیـا جاروبـار بـەرەو لای واقیـع دەچـوو، ئەویـش وەک میوانێکـی ناوەخـت و شـەرمن. ماڵـی ڕەسـەنی ڕۆح قەڵەمڕەویـی مۆسـیقا بـوو، ئـەو شـوێنەی کـە ئامادەگیـی واقیـع، گەیشـتە کەمتریـن ڕەهەنـدی خـۆی. مۆسـیقای مۆدێرنـی ئەوروپـی تەنیـا هونەرێکـە، شارسـتانیەتی خۆرئاوایـی تێیـدا دەسـتکەوتەکانی سـەردەمانی پێشـووی خـۆی تێپەڕانـدووە. ئـەم مەسـەلەیە هەڵکەوتێکـی مێژوویـی نییـە، بەڵکـووو ئاماژەیـە بـۆ سـەرکەوتنێکی بێدەنگـی ڕۆح لـە جیهانێـک پـڕ لـە وشـەی بێکـردار و کردارێکـی بێوشـەدا.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا شۆڕشـەکان شـێوەی زەوی ناگۆڕن، بەڵکوو شـێوەی مـرۆڤ دەگـۆڕن، واتـە ئـەو ڕۆڵـەی مـرۆڤ لـە خۆیدا و جیهانـی چـواردەوری بـەدی دەکات. زەویـش شـوێنی ئـەم گۆڕانـە دەکەوێـت. هەڵەیەکـی بـاوی ئەزموونگەرایـی، کـە جێـگای بەزەییـە ئەوەیـە، ئـەم ڕێبـازە شـتێک وەک کەناراوی ئارامی دەناسـێنێت، کە لە ڕاسـتیدا خۆی زەریا و زریان و شـەپۆل و گێژاوە، واتـە هەمـان ئەزموونـی مـرۆڤ لـە خـۆی و جیهانـی «ئۆبێکتیـڤ». مێـژووی مرۆڤایەتـی، (گـۆڕ)ی ئـەو ڕاسـتییە ئۆبێکتیڤـە لەدەسـت چـوو و

مۆزەخانەی ئەو فاکتە بەهێزانەیە، کە پووچەڵ بوونەتەوە، ئەویش نەک بە کەشفە ئەزموونییەکان، بەڵکوو بە هەڵبژاردنە نهێنیئامێزەکانی مرۆڤ، کە هەرجارە و بڕیار دەدات بە شێوازێکی جیاواز [جیهان] ئەزموون بکات. هەموو ڕاستییە ئۆبێکتیڤە واتادارەکان لە سەروەختی لەدایکبوون و مردندا لە شتی پووچ زیاتر هیچ نین. ئەمانە لە شێوەی بانگەشەیەکی ترسناک و یاخییەکی بەتوانادا هاتوونەتە مەیدان و بە نامۆیی شێتێکی خورافەتپەرست لەناو دەچن. تەنیا لەنێوان مەودای ئەم دوو ڕادە زۆرەی زەینە، کە «حەقیقەتی ئۆبێکتیڤ» لە ڕاستیدا زیندووە و لە چەقی هەموو شتێکدایە. ئەم حەقیقەتە سروشبەخشی کرداری مرۆڤەکانە و یارمەتییان دەدات تا وێنەکانی ئیمان دروست بکەن. بەم شێوەیە «حەقیقەتی ئۆبێکتیڤ» بە یەک ئاست لە تەوتەم و تابۆی بەربەرەکان، هەڕەمەکانی میسر و خوداوەند و ژنەخوداوەندەکانی ئۆڵمپ و کۆسمۆلۆژیای دانتێ و تیۆری نوێی پەرەسەندنی جیهاندا بوونی هەیە. هەر بەڕاست کێ دەتوانێت لە پەرستگای دێلف تا پەرستگای بیزانسی، لە ئەپۆڵۆی پەرستگای یۆنانی تا مریەمی پیرۆزی کڵێسا سەفەر بکات، بێ ئەوەی خەونەکانی لە زایەڵەی ئەو چاڵە لێوڕێژ بێت، هەمان ئەو چاڵەی کە لە هەموو سەدەکاندا حەقیقەتی لە حەقیقەت و فۆڕمی مرۆیی لە فۆڕمی مرۆیی جیا دەکاتەوە.

دەگوترێت [باڵندەی] کەو لە کاتی هەستکردن بە مەترسیدا سەری دەخاتە بن بەفرەوە، ئەزموون بۆ ئەزموونگەراکان هەمان ئەم ڕۆڵەی بەفری بۆ [باڵندەی] کەو هەیە، بەڵام حەقیقەت لەو شتەی کەمەندکێشت دەکات لەگەڵ ئەوەشدا خزە، بوونی نییە. تەنیا ئەم مەترسییە بێدەرەتانەی کە ڕەنگە هیچ حەقیقەتێک بوونی نەبێت، لە ڕاستیدا خۆی حەقیقەتێکی بێدەرەتانە. هەر بۆیە مەعریفەی ئەزموونی، زمانی حەقیقەت نییە. ئەوەی ئەمرۆ لە ڕوانگەی ئەزموونییەوە حەقیقی و ڕاستەقینەیە، بەگشتی شتێکە کە ڕابردوو لێی ئاگادار نەبووە و داهاتووش ئەم شتە وەک بابەتێکی لەباوکەوتوو و وەڕسکەر بەلاوە دەنێت. تەنیا شتێک کە بە شێوەیەکی بێدەرەتان ڕاستەقینەیە، گومانکردن و نەبوونی یەقینە. مرۆڤ تەنیا لە ڕێگای نائومێدییەوە دەتوانێت لەم واقیعە بێدەرەتانە هەڵبێت، بەڵام بەناچار لە قەڵەمڕەوی ئیماندا لەگەڵیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بێ ئەوەی دەست لە هیوا هەڵبگرێت، دەیناسێتەوە و بە عەشقەوە کۆڵی بۆ دەدات.

بێدەرەتانی و خۆدزینەوەی ئەم ئیمانە و لێکنزیکبوونی بەردەوامی ئەم نائومێدییە، شیعر دەکات بەو هەنگاوە مەترسیدارەی کە هەیە. بەڵێ لە

ڕاستیدا شاعیر لە هەموو قۆناغەکاندا زیاتر لە کەسانی دی، لە فشاری نائومێدی و ئاوابوونی ئیمان ئازار دەچێژێت، بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا ئەم بەڵایانە لە مەترسییە تاکەکەسییەکان زیاترن، چونکە لە هەناوی ئەمانەدا جۆرێک لە دوودڵیی بێفۆڕم بوونی هەیە. فیزیازانەکان کە هاوکات سەرقاڵی پاڵپشتی و سەلماندنێکی ئەزموونی چەمکە میتافیزییەکانن سەبارەت بە سروشتی جیهان، ئەمڕۆ گرنگییەکی ڕاستەوخۆ بۆ بیروباوەڕی میتافیزیکی دەردەخەن، ئەو بیروباوەڕانەی کە کۆمەڵگا بێ سەرنجدان و بە ئاڵۆزییەکی تەواو ئەوانەی قەبوڵ کردووە. ئەوان بە یارمەتیی ئەرگۆمێنت هێنانەوەی وردی ماتماتیکی سەرقاڵی کەندوکۆڵ دەبن و نەبوونی سەرنجدانە مەترسیدارەکەی ئیمانمان شەنوکەو دەکەن. چونکە ئێستا هەم ئیمان و هەم زانستی فیزیای ئێمە بەتوندی شەیدای ئەو بۆشاییە بەرفراوانەیە، کە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەوەی هەیە، بوونی هەیە، شەیدای ئەو ناوەندە بەتاڵانەی هێز و گرژی و جووڵە نادیارەکانی ئەو گەردیلانەن، کە بێهۆ و بێئامانج بە چواردەوری یەکتردا دەخولێنەوە و خێرایی وەردەگرن تا بەم شێوەیە ئەو عەدەمەی کە لە هەناوی هەموو شتێکدایە لە چاوی خۆیاندا بیشارنەوە.

ئەمەش بەڕواڵەت ئەنجام و مەبەستی کۆتاییی شۆڕشێکە کە باسم لێوە کرد. پێش ڕوودانی ئەم شۆڕشە، جیهان بە نان و شەرابەکە، لەگەڵ هەموو ئالوودەبوونی بە گوناهـ چەقی سەرنجی ئیلاهی بوو. مرۆڤ بە هەوڵ و تەقەلا لەم چاودێرییە چڕوپڕە ڕزگاری بووە و ڕێگای خۆی بەرەو قەڵەمڕەوێکی نوێ کردووەتەوە و لەو فەزا سیمبولیکە کراوەیە، کە نزیکی و ئامادەگیی خودا لە دووری و نائامادەگیی ئەو جیا دەکاتەوە، ئەم ئازادییەی بە شێوەیەکی شکۆمەند بەگەڕ خست. مرۆڤ فێر بوو بە زمانی خۆی بدوێت، بەڵام تا ئازادانەتر دوا، وشە بێبەهاتر بوو. چونکە ئێستا وشە بووەتە بووکەڵەی زیرەکی هەوەسبازێک. بەم شێوەیە شتەکان بوون بە بابەتێکی متمانەپێکراوتری فیکر و ئەمە بەرهەمی ڕاستەقینە «کردار» بوو، هەمان ئەو کردارەی «لە ئەزەل و سەرەتاوە هەبووە». کێ دەزانێت دەشێت لە کۆتاییدا نە وشەیەک بمێنێتەوە نە کردارێک و بەپێچەوانەوە هەموو شتێک ڕێک بە نەخۆشییەکی ئاسایی کۆتایی پێ بێت، بە هەڵقوولانی ماددە، کە لەسەر جەستەی بەهێز و تەندروستی عەدەم و بۆشاییی شوێنەوارێک بەجێ ناهێڵێت.

لەسەر بوارێکی وەهادایە ئێوە بانگهێشتی بیرکردنەوە لەمەڕ مەسەلەکانی شیعری مۆدێرن دەکەم، ئەو مەسەلانەی کە شیعر لەوانەدا لەگەڵ

هونەرەکانی دیدا هاوبەشە. هەر بۆیە کاتێک باس لە شیعر دەکەین، هاوکات مەبەستمان شتێکە زیاتر لە شیعر، بە هەمان شێوە، کە هاوکات شیعر ئاماژە بۆ شتێک زیاتر لە خۆی دەکات. کەواتە مەبەست لە شیعر چییە؟ واتای شیعر هیچ نییە جگە لە سەلماندن و پێداگری بۆ بەهای ژیان و ئەزموونی مرۆیی. هەر شیعرێک لە هەناوی خۆیدا جۆرێکە لە ستایش و پێزانین، شادومانی و دڵخۆشییەکەی تەنیا لە چێژ و خۆشییەکی ئاساییدا کورت ناکرێتەوە، ماتەمینییەکەی گریان و ناڵەیەکی ئاسایی نییە و بێهیواییەکەشی ناکرێت بە خەمۆکی و دڵشکانێکی ئاسایی بە یەکسان بزانرێت. شیعر هەرچییەک بڵێت، دیسان هیچ چارەیەکی نییە جگە لەبڕوابوون بە جیهانێکی واتادار، تەنانەت ئەو کاتەش بێماناییی جیهان مەحکوم و ڕیسوا بکات. تەنانەت ئەوکاتەش شیعر بە کێشە و ئاژاوە مەحکوم دەکرێت، ئەوە بە واتای نەزم دێت، تەنانەت ئەو دەمەش هاواری نائومێدی لێوە دێت، بەرجەستەکەری هیوایە. شیعر پەیوەستە بە پێگە و پایەی ڕاستەقینەی شتەکانەوە. لەبەر ئەم گرنگی و پەیوەستبوونە بەپێگەی ڕاستەقینەی شتەکانەوەیە، کە هەموو شیعرە مەزنەکان بەهادار و واقیعگەران.

بەڵام چی ڕوو دەدات ئەگەر گومان و دوودڵی بەرانبەر بە پێگەی ڕاستەقینەی شتەکان، قەڵەمڕەوی ئەزموون و ڕوانگەی شهودی[دۆخێکی بێتێڕامانی عەقڵییە] داگیر بکات. هەمان ئەو قەڵەمڕەوەی کە شیعر تێیدا دروست دەبێت. چی دەبێت ئەگەر بەهای جیهانی ڕاستەقینە بکەوێتە بەر گومان؟ بەم شێوەیە خولیای شیعری پەنا دەباتە بەر قەڵەمڕەوە تایبەتەکەی خۆی، بۆ نێو ئەو جیهانە ناوەکییە بچووکە، کە لە کارەساتی داڕووخان و لەبەهاکەوتنی جیهان بە پارێزراوی ماوەتەوە. «کەشفی دونیای ناخ و دەروون و کۆچکردن بەرەو ئەوێ»، ئەمە دەتوانێت ناونیشانێکی گونجاو بێت بۆ حیکایەتی گۆڕانی شیعر لە سەردەمی ڕێنیسانسدا، تا ئەم سەردەمەی ئێمە. ئەم حیکایەتە بە ژیاندۆستی و چالاکیی ئەو کەسە سەرکێشانە دەست پێ دەکات، کە لەبەر هەژاریی خاک لە زێدی خۆیان دەرکراون و لە دەرکەوتن و خستنەڕووی خەزێنە چاوەڕوانکراوەکانیاندا دەگەنە لوتکە. بەڵام کۆتایی و ئەنجامەکەی چی دەبێت: دڵتەنگی و هەستی غەریبیی نەتەوەیەکی شکستخواردووە، یان گەڕانەوەی باوک بۆ لای کوڕە هەڵگەڕاوەکەی[٨].

---

٨ ئاماژەیە بۆ حیکایەتی «کوڕی هەڵگەڕاوە« لە ئینجیل کە خوازەیە بۆ تۆبەکردنی بەندەیەکی گوناهکار و ڕەحمەت و بەخششی خوداوەند بۆی. هیلەر ئەم چیرۆکەی تەواو پێچەوانە کردووەتەوە.

## دوو

پێشتر گوتم هەموو شیعرە بەنرخەکان پەیوەندییان بە پێگەی ڕاستەقینەی شتەکانەوە هەیە و هەروەها پێداگری لەسەر جیهانێکی بەهادار و مانادار دەکەن. مەبەستی ناڕاستەوخۆی قسەکەی من ئەوە بوو کە هەبوونی پێگە و پایەکی مانادار لە جیهانێکی بەهاداردا، پێگە و پایەی ڕاستەقینەی شتەکان و مەسەلەکانە. ئەم گوتەیە زۆر بە ئاشکرا حوکم و بڕیارێک بوو کە لە ئیمانەوە هەڵقوولا بوو، یان لە گوتەیەکی نزیکتر و ڕوونتر لە شێوازی دەربڕینی باوی ئەم سەردەمە، ئەم قسەیەی من جۆرێک بوو لە بڕیاردان لەسەر دروستیی بابەتەکە پێش خستنەڕووی ئەرگۆمێنتی پێویست، بڕیاردانی لەسەر دروستیی شتێک، کە هزری سەردەمی ئێستا وا دەردەکەوێت، پێداگرە لەسەر ڕەتکردنەوەی. واتە ئەو شتەی بە حەقیقەتێکی ڕاشکاوم زانی بوو، لە ڕاستیدا پرسیارێکە کە هزری نوێ ئەوە بە وەڵامێکی نەرێنی ڕەت دەکاتەوە. هەڕەشەی بەردەوامی ئەم وەڵامە نەرێنییە، بە بۆچوونی من یەکێکە لە شڵەژانە نەخوازراوەکانی شیعری مۆدێرن.

عەقڵ بەو شێوەیەی کە لێی تێگەیشتووین و بەکارمان هێناوە، واتە ئەو جۆرە عەقڵەی کە بەسەر زۆربەی چالاکییە عەقڵانییەکانی ئێمەدا زاڵە، (بە شێوەیەکی لۆژیکی) دەبێت لە ڕەوتی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی خۆیدا، ببێتە هۆکاری لێکەوتنەوەی ئەم وەڵامە نەرێنییە. بە واتایەک، تەنانەت دەکرێت بڵێین ئەم عەقڵە خۆی هەر ئەم وەڵامە نەرێنییەیە، چونکە فەزیلەت و خاڵی لەسەرتربوونی، لە «ئۆبێکتیڤیتی» زیاتر هیچ نییە، بەڵام ئەو ئۆبێکتیڤیتەیەی کە عەقڵ پێی خۆشە چییە؟. مەگەر هەر ئەم بڕیارە بێت کە دەبێت «شتەکان و مەسەلەکان» بە ئازادی لێگەڕێین تا لەبەرکەوتنەکانی خۆیان لەگەڵ زەین یان هزر، شێواز و ڕێگەوشوێنی تایبەتی خۆیان بگرنەبەر و نابێت لێگەڕێی هەست و سۆزە مرۆییەکان دەست وەربدەنە بەرەوپێشچوون یان ئاڕاستەی کەشفی حەقیقەت ـ یان بەواتایەکی تر، دەبێت ڕابەڕایەتیی ئەرگۆمێنت هێنانەوەی عەقڵی بگرێتە ئەستۆ و تا ئەو شوێنەی کە دەمانبات، لەگەڵیدا بڕۆین. ئەم فەزیلەتە، کە بە ئۆبێکتیڤێتی عەقڵانی ناو دەبرێت، لە ڕاستیدا فەزیلەتێکە لەسەر بنەمای بڕواپێبوون و هەم فەزیلەتێکی قارەمانانەشە، تەنیا کەسە ساختەکارە خۆپەرست، یان ساویلکە نائاساییەکان دەتوانن بێتێڕامان، خوازیاری سڕینەوە و چاوپۆشی ئەمە بن، بەڵام هەر لەلایەکی ترەوە تەنیا کەسە ساویلکە و کاڵفامە نەزانەکان، کە هیچ زاتێکیان تێدا نییە

بۆ گەڕان و ویستن، دەتوانن بۆ هەمیشە لەو مەسەلەیەی کە ئەنجامی ئەم بڕواپێبوون و قارەمانێتییە شاراوەیەی نێو ئەم ئۆبێکتڤیتەیە بێئاگا بن، بەڵام ئەم بڕواپێبوونە خۆی چییە؟ بڕوابوون بەوەی کە ئەرگۆمێنت هێنانەوە، ئێمە دەگەیەنێت بە شوێنێک، کە سەرەڕای سوودمەندبوون، هەڵگری بەهایەکی ڕاستەقینەشە. ماهیەتی سیفەتی دووەمی ئۆبێکتیڤێتی، واتە قارەمانگەری چییە؟ پاشەکشێ نەکردن و شوێنکەوتنی ئۆبێکتیڤێتی عەقڵی چییە؟ ئەم گریمانە گەشبینانەیە کە بەهاکان، سەرەڕای ڕەتکردنەوە و سڕینەوەیان لە شێوازی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە، دواجار دیسان ڕێگەی خۆیان بەرەو نێو وەڵامەکان دەکەنەوە و دزە دەکەنە نێویانەوە، یان ئەوەی کە هاوشان لەگەڵ خۆجیاکردنەوە و خۆپارێزی لە بەهاکان، دەتوانن ئەنجام یان مەبەستێک بەدی بهێنن کە ڕەوایەتی و پاساودانی ئەوانە تەنیا پەیوەست نییە بە «دروستی» یانژی سوودمەندییەکەی، بەڵکوو بەهای جەوهەریی ئامانجیش لە پاساودانی ئەوەدا کاریگەرە. هەڵەکەش هەر لێرەدایە، چونکە ئەگەر مرۆڤێک بیەوێت بەهای شتەکان لەوان زەوت بکات، شتەکانیش بەهای خۆیان بۆ مرۆڤەکان لەدەست دەدەن.

تەنیا ئامرازی مرۆڤ بۆ دەستنیشانکردنی بەهاکان و کاردانەوە بەرانبەریان، هەست و سۆزەکانییەتی. لەگەڵ ئەم هەست و سۆزانەدا وەک ملهوڕی ڕێبازی عەقڵ و ئاژاوەگێڕانی گەڕۆکی حەقیقەتدا مامەڵە کراوە و عەقڵیش -واتە هەمان عەقڵی عەقڵگەراکان- لەسەر بنەمای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بەم چەشنە، جۆرێک حەقیقەتی بەرهەم هێناوە، کە هەست و سۆزە مرۆییەکانی کردووە بە دیاردەیەکی بێکەڵک و بێبەرهەم. شێوازە «ئۆبێکتیڤە»کانی کەشفی حەقیقەتیش، لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی گشتی، هەر بەم چەشنە، هەست و سۆزە مرۆییەکانیان دەگۆڕن. ئەو کارگانەی وا حەقیقەتەکانی ئێمەی تێدا دروست دەکرێت، کۆمەڵێک کارتێکردنی بێکار تەنیوەتی، بەڵام بێکاری و بێئێشی دەبێتە هۆکاری شۆڕش و لە ڕاستیشدا ئێمە بەدیهاتنی ئەو شۆڕشانەمان بینیوە و دەیبینین. مەزنترین و بەهێزترینی ئەم شۆڕشانە، لە مێژووی فیکریی سەردەمی نوێدا، ڕۆمانتیزم بوو. شەڕی نێوان عەقڵگەرایی و ڕۆمانتیزم میراتێکی مەترسیداری بۆ شیعری مۆدێرن بەجێ هێشت.

نیچە کە خۆی لە هەناوی زریان و ئاژاوەدا دەژیا، بەباشی ئەوەی دەزانی، کە لە بارودۆخێکی وەهادا، پێویستترین ئیشی فەلسەفە سەرقاڵبوونە بە مەسەلەی بەهاکان، ئیشێک کە فەلسەفە بە ویژدانێکی خراپەوە خۆی لێ

دزیوەتـەوە، بـە بۆچوونـی نیچـە ئـەم مەسـەلەیە لـە هەمـوو مەسـەلەکانی پەیوەندیـدار بـە مەعریفـە بنەڕەتیتـر بـوو. بـە بـڕوای ئـەو ئـەم مەسـەلانە کاتێـک گرنگـن، کـە وەڵامـی مەسـەلەی بەهـاکان بدرێتـەوە. بـێ وەڵامێکـی وەهـا، گـەڕان بـەدوای مەعریفـەدا چیدی مەسـەلەیەکی جدی و گرنـگ نییـە، بەڵکـوو بەپێچەوانـەوە دەبێتـە هەوڵێکـی نائومێدکەرانـە و پـڕ لـە دڵەڕاوکـێ. هەوڵێـک کـە نیچـە نـاوی لـێ دەنێـت «کەرەسـتەیەکی لەبـار بـۆ لەناوبردنـت بـە دەسـتی خـۆت».

گـەر دۆزینـەوەی وەڵامێـک بـۆ پرسـیاری بەهـاکان، نـەک لـە ڕێـگای گەڕانێکـی عەقڵگەراییانـەی مەعریفـەی سـوبێکتیڤێتی، بەڵکـوو تەنیـا لـە ڕێـگای بەکارهێنانـی هەسـت و سـۆزی مرۆییـیەوە بکرێـت، ئایـا لـەم کاتـەدا دەکرێـت وەڵامێکـی بـۆ بدۆزرێتـەوە؟ ئایـا ئـەو مەعریفەیـەی کـە بـەم شـێوازە دەسـت دەکەوێـت، بـە شـێوەیەکی پێویسـت بـە ڕێـژەی خـودی هەسـت و سـۆزە مرۆیییـەکان، خـز و ناجێگیـر و گومڕاکـەر و جێـی متمانـە نییـە؟ ئەگـەر شـیعر هەمـان ئـەو شـتە بێـت کـە وێنـای دەکەیـن، واتـە پەنابـردن و گەڕانـەوەی هەسـت و سـۆزەکان بـۆ هەسـت و سـۆزەکان، ئـەوا شـیعر هەڵگـری چ بەهـا یـان حەقیقەتێکـە؟ بەڕواڵـەت لێـرەدا ناتەبابـوون و ناسـازگارییەکی سـەیر بەرچـاو دەکەوێـت، ناسـازگارییەک لەنێـوان ئـەو جدییەتـەی کـە شـاعیران لـە پیشـەکەی خۆیانـدا دەیگرنەبـەر و ئـەو بەهرەیـەی کـە لـەوان وەردەگیرێـت. ئـەوان لـە خزمەتکردنـی ڕۆحـدا دەکەونـە بـەر ئازارێکـی تاقەتپڕوکێـن، تـا هەوەسـەکانی ڕۆحـی پـێ تێـراو بکـەن. ئـەم چارەنووسـە دۆنکیشۆتئاسـایەی شـیعر، نـەک تەنیـا لـە شـیعردا، بەڵکـوو لـە تـەواوی سـەردەمی نوێدا بوونـی هەبـووە. ئـەم پرۆسـەیە کاتێـک گەیشـتە دواترۆپـک، کـە عەقڵگەرایـی و ڕۆمانتیـزم بـە هـاوکاری یـەک هەوڵیانـدا دواییـن پاشـماوەکانی سیسـتمێکی عەقڵانـی لـە بەهـاکان لەنـاو ببـەن.

هەندێـک لـە بیرمەنـدان و شـاعیرانی ئـەم قۆناغـە، خۆیـان بـە بووژاندنـەوەی سیسـتمێکی عەقڵانـی لـە بەهـاکان سـەرقاڵ کـرد. لەنێـو بیرمەندانـدا، پڕخرۆشـترین و ڕاسـتگۆترین کـەس پاسـکاڵ بـوو. داهێنـەری ئامێـری ژمێریاری(حاسـیبە) و مێشـکی میکانیکـی، لـە هەمـان کاتـدا دەیزانـی کـە دڵ هـۆکار و ئەرگۆمێنتـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، کـە عەقـڵ هیـچ شـتێک سـەبارەت بەوانـە نازانێـت. مەبەسـتی پاسـکاڵ ئەرگۆمێنتەکانـی دڵ بـوو، نـەک ئـەو ناعەقڵانییـەت و دژە عەقڵییـە سـەنتیمێنتاڵەی، کـە زەینـی ڕۆمانتیـک بێزاربوونـی خـۆی لـە عەقڵانییەتـی مێشـکە میکانیکییـەکان لـە ڕێـگای ئەوەوە دەردەبـڕی. ڕۆحـی وردبینـی کـە پاسـکاڵی ماتماتیکـزان ئەمـەی لـە بەرانبـەر

ڕۆحی ئەندازەیی دادەنا، هیچ ڕەهەندێکی هاوبەشی لەگەڵ ئارەزوو و خەیاڵاتە سەنتیمێنتاڵییەکاندا نەبوو، ئەو خەیاڵاتە خاوانەی کە لە مەسەلەی دژە عەقڵانیبوونەوە سەرچاوەی دەگرت. مەبەستی ئەو زەین بوو. ئەگەر زەینێک بوونی هەبووە، هەر ئەمە بوو ـ زەین، هۆشیاری و عەقڵ، کەرەستەیەک بۆ مەعریفەی عەقڵانی، بۆ ناسینی عەقڵانیانەی لۆگۆس، واتا و بەها. ئەو دڵەی پاسکاڵ باسی لێ دەکات ئەندامێکە کە ئەرکی دەستنیشانکردنی ئەو شتەیە، کە لەنێو دڵی شتەکاندا شاراوەتەوە. ئەرگۆمێنتی عەقڵانیی دڵ هەمان میتۆدی دیسکۆرسە، کاتێک بابەتی دیسکۆرس نەک لۆژیکی گوزارەکان، بەڵکوو لۆژیکی بەهاکانە و هەر ئەمەشە سەرنجڕاکێشییە سەیرەکەی ئەم بیرمەندە بەگوڕوتینەی سەدەی حەڤدەیەم بۆ ئەو زەینە بەگوڕوتینە دژە مەسیحەی سەدەی نۆزدەیەم: نیچە.

زەینی هەردووکیان لەسەر مەسەلەی بەهاکان چڕ ببووەوە و ئەگەر ئەم خەمەی نیچە بەڕواڵەت شێوەی مەسەلەیەکی جوانیناسی لەخۆ دەگرێت، واتە پەیوەندی نێوان شیعر و حەقیقەت، هۆکارەکەی نەک ڕێکەوت، بەڵکوو لۆژیکی مێژوو بوو. نیچە لە کۆتاییی ژیانە عەقڵانییەکەی [پێش شێتبوونی] گوتی ئەم مەسەلەیە یەکەم پرسی جدیی سەردەمی مێردمنداڵی و «ترسی پیرۆزی» ساڵانی دوایی بووە. بۆ ئەو، ئەم مەسەلەیە هاوتا بوو لەگەڵ پرسی حەقیقەت و نەبوونی حەقیقەت، چونکە لەو ماوەدا زەمەنییەی نێوان پاسکاڵ و نیچەدا، شاعیران و هونەرمەندان، زیاتر لە هەموو کەسێک، گوڕوتینی ماندووکەری پێویستیان بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی ئەم بابەتە بنەما ئاییینییەدا هێشتبووەوە. گەرچی زۆربەی فیکرە بەرزەکانی ئەوان لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، لە هەمان کاتدا ئەم مەسەلەیە بارێکی هەمیشەیی بوو لەسەر شان و سەرچاوە و ئەگەرە شیعرییەکانیان.

گەر بمانەوێت بۆ پاڵپشتی لەم بۆچوونە نمونە بهێنینەوە، دەبێت ڕیزێک ناوی زۆر لە کەسانی بەرجەستە و گرنگ ڕیز بکەین (بلەیک، وردزورس، کولریج، کیتز)، لە فەڕەنساش تاڕادەیەک هەموو ئەو شاعیرانەی کەوتوونەتە نێوان بۆدلێر و ڤالێری، لە ئەڵمانیا پێش هەموویان گۆتە و هۆڵدەرلین و ڕیلکە. هەموو ئەمانە بە چاوپۆشین لە نووسینە تیۆرییەکانی شیلەر و ڕۆمانتیکەکان. گەر بەدوای کەشفی ئەو وشانەدا بین کە مەترسی و ئالۆزییەکانی شیعری مۆدێرن بە باشترین شێوە پێناسە دەکەن، گومانم هەیە پاش ئاشنابوون بە شیعرە مەزنەکەی هۆڵدەرلین (نان و شەراب)

پێویستمان بە گەڕانی دی هەبێت:

لە ڕۆژگارێکی وەها بێڕۆح، لە بنەڕەتدا بۆچی دەبێت شاعیر بیت؟

بەڵام ئەم سەردەمە بێڕۆحە، ئەم سەردەمە هەژارە کە لە هەمان کاتدا زیاتر لە هەر سەردەمێکی دی لە جیهانی غەیبەوە دوور بوو، چی بوو؟ ئەمە چ سەردەمێک بوو وای لە هۆڵدەرلین کرد ڕەوایەتیی شاعیربوون بخاتە ژێر پرسیارەوە؟ ئەم سەردەمە بێنرخە، بەڵام زۆر بەهێزە کە شیعری تا لێواری بێدەنگی برد، تا سنووری ئەو «چاڵ»ـەی کە بۆدلێریش بوونی ئەوەی لە تەنیشت شیعرەوە هەست پێ دەکرد، ئەم سەردەمە دوژمنکار و شەڕانییە، کە سەرەڕای ئەوەی ئەو هەمووە شیعرەی لە هۆڵدەرلین و بۆدلێر و ڕامبۆ دروست کرد، کە لە ڕاستیدا تا ئەو سەردەمە نەبیسترابوو، چونکە لە شیعری ئەواندا، زاتی بێگوتەیی و بێزمانی، بەبێ شکاندنی بێدەنگی، زمانی خستبووەگۆ. ئەمە شیعرێک بوو کە بە لێوارێکی تەنکی موعجیزە لە شێتی جیا دەبووەوە، موعجیزەیەک کە لە چرکەساتێکدا قووڵاییەکی ڕوون و بێپەردەی نهێنی، ئاشکرا دەکات، بەڵام بە بەهای زاڵبوونی تاریکی بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە پاش ئەوە لە ژیاندا بەجێ دەما.

هەر لە ڕاستیدا ئەم ڕۆژگارە بێڕۆحە چی بوو؟

ئەمە ڕۆژگارێک بوو کە تێیدا نان و شەراب تەنیا کاڵایەکی ڕووت و قووت بوون، سەردەمێک کە واقیع هیچ واتایەکی نەبوو و واتا ناواقیعی بوو. ئەگەر بڕیاربایە تێگەیشتن و هەستی ئەم ڕۆژگارە لە واقیع، پێوەری دیاریکردنی ئەو «واقیعە» بێت کە شاعیر بە شوێنکەوتنی ئەو حوکمەی ئەرستۆ، دەبوو «لاسایی» بکردایەتەوە، ئیدی شیعر نەیدەتوانی وەک شیعر بوونی بمایە. ئەمە هەمان ئەو سەردەمە بوو کە هیگڵ، هاوڕێی سەردەمی گەنجیی هۆڵدەرلین، لە بارەیەوە گوتی: هونەر مەسەلەیەکە پەیوەستە بە ڕابردووەوە و بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە، چونکە ڕۆحی پەخشان هەموو واتاکانی فیکری بەرەو خۆی ڕاکێشاوە و هەژاری و وەڕسکەری خۆی لەسەری هەڵکۆڵیوە.

دەبینین هیگڵ بەو زمانە فەلسەفییە سەختەی خۆی، ئەو مەترسییانە بەوردی وەسف دەکات کە لەپێش شیعردا خۆی حەشارداوە. گوتی: شیعر ناچار دەبێت ئەرکی گۆڕانی فۆرم و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی

تـەواوی واقیـع لەئەسـتۆ بگرێـت و لـەم لایەنـەوە دەکەوێتـە بەرانبـەر ئـەو تۆپەڵـە تونـد و ڕەقـەی واقیعـە سـاختە و بێبنەمـاکان، شـیعر لـە هەمـوو شـوێنێکدا خـۆی لەگـەڵ کێشـەی جۆراوجـۆردا دەبینێتـەوە.

ئـەم بۆچوونـەی هیـگڵ بـە کـردەوە ڕەت کرایـەوە ــ ئەویـش لـە ڕێـگای شیعرەوە، نـەک واقیع. بـەڵام بـە بەهایەکی زۆر قورس! مرۆڤ تا ڕادەیـەک کەڵکەڵـەی ئـەوەی تیـا دروسـت دەبێـت بڵێـت: بـە بەهـای تێکچوونـی عەقڵـی هۆڵدەرلیـن و مانـەوەی بەهـرەی ڕامبـۆ. بـە دڵنیاییـەوە بـە بەهـای سـادەبوونی شـیعر، ئـەو سـادەییە قووڵـەی کـە پڕبەهاتریـن بەرهەمـی ئاشـتەوایی نێـوان هـزری شـاعیر و هـزری سـەردەمەکەیەتی. ئـەم ئاشـتەواییە لـە جەنگـە هۆمیرۆسـییەکان و تراژیدییەکانـی ئەخیلـۆس و تەنانـەت لـە دابەزینـی دانـتێ بـۆ نێـو دۆزەخدا ئامادەیی هەیـە، بـەڵام لـە شـیعری هۆڵدەرلیندا هیـچ شـوێنەوارێکی بـەدی ناکرێـت، تەنانـەت لـە سـاتە بەنرخەکانـی شـیعری ئـەودا کـە ئارامـی و گەشـاوەییەکی تـەواوی هەیـە. چونکـە ئـەم سـاتانە کاتێـک دێـن کـە شـاعیری تاراوگەنشـین، مـاڵ و جێگایـەک لـە تەنیشـت تاراوگەنشـینەکان دەدۆزێتـەوە، سـەردەمێک کـە شـاعیری ئـاوارە و بێبنەچـە لەنێـو کۆمەڵـەی خوداوەنـدە ئاوارەکانـدا قەبـوڵ دەکرێـت:

لە کوێن، بەڵام لە کوێن ئەوان؟ زۆر بەرزتر لە خۆمان، لەو دوورەوە، لە جیهانێکی دیکە.

ئـەو بڕوایـەی کـە شـاعیر لەنێـو ئەزموونـی بێئاگابـوون لـە خـۆی بـەدوای سـەرچاوەی سروشـتیی خۆیـدا دەگەڕێـت، تەنانـەت لەنێـو «کلاسـیکیترین» فۆڕمیـدا بەهەڵەداچوونێکـی ڕۆمانتیکـە. لـە سـەردەمی شـۆپنهاوەرەوە تائێسـتا زۆرێـک لـە تیۆرەکانـی جوانیناسـی، کـە لـە ئاسـتێکی بەرفراوانـدا قەبـوڵ کـراون، کاریگەریـی ئـەم بەهەڵەداچوونەیـان لەسـەر هەبـووە. بـۆ نموونـە خەسـڵەتی «ناکەسـیبوونی[٩]» شـیعر، کـە شـاعیر وەک هۆکارێکـی پاسـیڤ و بێلایـەن دەخاتـە ڕوو، هۆکارێـک کـە ئەزموونـە بێناونیشـانەکان لـە ڕێـگای ئـەوەوە یـەک دەگـرن و بەرجەسـتە دەبـن. ئـەم تیۆرانـە تەنیـا لەبەهاکەوتنـی ژیانـی ڕاسـتەقینەی کەسـانی ڕاسـتەقینە لـە جیهانـی ڕاسـتەقینەدا بـە شـێوەیەکی بـاش دەردەبـڕن. شـاعیرە مەزنـەکان تینـی شـیعریی خۆیـان نـەک لـە «کەسـدامالّین[١٠]» و نـە لەنێـو مەسـتبووندا، بەڵکـوو لـەو تێڕوانینـە هۆشـیار و ئاگامەنـدەدا بـەدی دەکـەن، کـە دەتوانێـت دزە بکاتـە نێـو واقیـع و ئـەوەی کـە لـە واقیعـدا هەیـە ببینێـت. هۆڵدەرلیـن ئـەم

٩ impersonality

١٠ depersonalization

تایبەتمەندییەی ناولێناوە «بەئاگابوونی پیرۆز». پۆڵ ڤالێریش جارێک بە شێوازێکی کۆدئامێز گوتی «گەر بڕیار بایە دەست بۆ پێنووس ببەم، ئەوا نووسینی دەقێکی لاواز، بەڵام بە ئاگاییەکی تەواو و ڕاشکاو و تەندروستییەکی تەواوم بە باشتر دەزانی، تا نووسینی شاکارێک لە حاڵەتی مەستی و بێئاگایی لە خۆت».

بە گوتەی هۆڵدەرلین «لە هەر کوێ هۆشیاری لە تۆ ترازا، هەمان ئەو شوێنە سنووری ئیلهامی تۆیە، شاعیری مەزن هەرگیز بێئاگا نابێت لە خۆی». قووڵبوونەوە لە واتای ئەم دەستەواژەیە، پاشان گەنگەشەی بەنرخترین شیعری هۆڵدەرلین، ئەوکات بە بیرهێنانەوەی چارەنووسی ئەو[١١]: ئەمانە سێ پەردەی بەدیهاتنی یەک تراژیدیان.

ئەمە بە تەنیا تراژیدیای هۆڵدەرلین نییە، بەڵکوو تراژیدیای جیهانێکە، کە واقیعی هۆشیار و ئاگامەندی خۆی، لەودیو هۆشیاریی شاعیر ئەزموون کردووە و شاعیری فڕێداوەتە شوێنێکەوە، کە لەوێدا ئەو هەرگیز بێئاگا و نامۆ نەبووە بە خۆی، لەگەڵ جیهاندا نامۆ دەبێت. کاتێک هۆڵدەرلین هۆشیاریی شیعری وەک هێز و توانای هزری کەشفکردنی پێگەی ڕاستەقینەی هەر شتێکی تایبەت لەنێو نەزمێکی گشتیدا پێناسە دەکات ئەم خاڵەشی بۆ زیاد دەکات کە «بەبێ عەقڵ یان هەستێکی تەواو ئامادەکراو» دەستڕاگەیشتن بە هەر ئاست و لەسەرتربوونێکی باڵا لە هونەر و ژیاندا نەکردەیە. ئەوکات ڕوونترین تێڕوانینی ڕاستەقینە بۆ شیعر و ژیان، ماهیەتێکی ساختەی واقیعێکی تەواو شێواو و تێکچوو بەرجەستە دەکات، واقیعێک کە تێیدا ژیان بەتاڵە لە هەر شیعرێک و شیعر بەتەواوەتی بێبەشە لە ژیان. لە جیهانێکی وەهادا کە هیچ شوێنەوارێک لە ماڵ و پەناگەیەک نییە، گەڕانەوەی شاعیر بۆ ماڵەوە[١٢] حیکایەتێکە لێوانلێو لەو مەترسییانەی کە مایەی تێگەیشتن نییە. چونکە لەو شوێنەی کە هیچ شوێنەوارێک لە پیرۆزی و ڕۆح لە ئارادا نییە، لەجیهانێکی وەهادا، ئاگاییی پیرۆزی ڕۆح لە ئالوودەبوون بە ماددە هۆشبەرەکان دەچێت. ئەو دەمەی عەقڵ پێداگری لەسەر ڕاستی و بڕواپێکراوی تایبەتی ئەرگۆمێنتەکانی خۆی دەکات، دڵ، دڵەکەی پاسکاڵ، لەلایەن هێز و دەسەڵاتی عەقڵانییەتە زاتییەکەی خۆی تێک دەشکێت.

١١ هۆڵدەرلین کە بەردەوام بەدەست کێشەی دەروونییەوە دەیناڵاند و چەندانجار لە نەخۆشخانە خەوێنرا، دواجار عەقڵی بەتەواوەتی تێکچوو و چل ساڵی کۆتاییی تەمەنی لەنێو تاریکیی شێتیدا بەسەر برد.

١٢ ماڵ، پەناگە و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، خوازە و سمبولی ئەدەبی میتافیزیکن و بەشێکن لە کۆنترین نەریتی مەعنەویی خۆرئاوا. چوون و ئاوارەبوون و گەڕانەوە بۆ ماڵەوە، ناوەڕۆکێکە کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئۆدیسیۆسی هۆمیرۆس. ئەم ناوەڕۆکە لە جیهانبینیی مەسیحیدا گۆڕانی بەسەردا هات و بووە سمبولی دابەزینی مرۆڤ و نامۆبوون و غەریبکەوتنی ئەو لەم جیهانەدا.

لـه ڕۆژگاریکـی وەهـادا، واقیـع لـه کەشـف و شـهودی عارفیـک دەچێـت، واقیعگەرایـی شـیعری ڕەسـەنیش ماهیەتێکـی «میتافیزیکـی» لەخـۆ دەگرێـت. بـەڵام هـۆکاری ئـەم بارگۆڕانـە، بەجێهێشـتنێکی بەمەبەسـتی جیهانـی فیزیکـی نییـە، بەڵکـوو هـۆکارە سـەرەکییەکەی ئەوەیـە کـە بـە هاوکاریـی جۆرێـک لـە چڕبوونـەوەی چێـوەی بازنـەی واقیـع، شـیعر بەناچـاری دەکەوێتـە دەرەوەی بازنـەی [جیهانـی فیزیکـی و واقیعـی].

لەگـەڵ ئەمەشـدا نابێـت ئێمـە لـە سـەرنجدانی حەقیقەتێکـی تایبـەت بێئـاگا بیـن، حەقیقەتێـک کـە تـا ئێـرە بەمەبەسـت پشـتگوێمان خسـتووە، تـا لـەم ڕێگایـەوە بتوانیـن سـیفەتی تایبـەت و دیـاری شـیعری مۆدێـرن بەڕوونـی و ئاشـکراییەکی زیاتـرەوە پیشـان بدەیـن. شـیعر لـە هیـچ سـەردەم و کاتێکـدا، گوتەیەکـی تـەواو وەسـفی و لاساییکەرەوە نەبـووە بـە واتـا ئەرسـتۆییەکەی. شـیعر هـاوکات سـەرەڕای ئەمانـەش، داهێنەریشـە، داهێنـان بـە واتـای بەواقیعیکردنـی ئـەو شـتانەی کـە پێشـتر بوونیـان نەبـووە. ڕەگـی وشـەی «شـیعر» دەقـاودەق ئاماژەیـە بـۆ ئـەم جـۆرە لـە «دروسـتکردن[١٣]». بـەڵام شـیعر بـە واتایەکـی قووڵتـر و نهێنیئامێزتـر لـە داهێنـان دادەنرێـت. شـیعر ئـەو ڕەگـەزە داهێنـەرەی کـە لەنێـو زاتـی خۆیـدا حەشـار دراوە، چڕ دەکاتـەوە و پێـی دەگەیەنێـت، چونکـە واتـای ڕاسـتەقینەی ئەزمـوون بریتییـە لـە دروسـتکردن و گەنگەشـەکردنی واتـا، نـەک وەرگرتنـی کارتێکردنـە هەسـتییەکان. شـیعریش پێشـەنگی واتـا، دروسـتکەری ئەزموونـە. شـیعر بـەردەوام چەنـد بەشـێکی نـوێ لـە پانتاییـە بەڕواڵـەت ناکۆتاکـەی ئەزموونێکـی هێزەکـی بـەدی دەهێنێـت. بـە هەمـان شـێوە کـە پێشـتر باسـم کـرد، شـاعیران لەبـەر ئـەم هـۆکارە، زۆر ئاسـانتر لـە خەڵکانـی ئاسـایی دەبنـە نێچیـری گومـان و نائومێـدی، چونکـە خەڵکانـی ئاسـایی بەپێچەوانـەی ئەوانـەوە، ڕازیـن بـە ژیانکـردن لەگـەڵ ئـەو واتـا و چەمکانـەی کـە خەڵکانـی تـر بۆیانـی سـازاندووە.

ژیـان و پەرەسـەندن و گەشەسـەندنی هـەر کۆمەڵگایەکـی شارسـتانی لەسـەر ڕێکەوتنێکـی بێدەنگـی بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ، بـەڵام قـووڵ ڕەگـی داکوتـاوە، کـە لەسـەر بنەمـای ئەمـە دەکرێـت ئـەوە دەستنیشـان بکەیـت چ شـتگەلێک وەک هەوێنێکـی بڕواپێکراوی ئەزمـوون جێگای قەبوڵن. شارسـتانیەت کۆمەڵەیەکـی ئاڵـۆزە لـە بەنـداو و جۆگەلـەکان، کـە ڕەوتـی تیـژی ئاوەکـەی چـواردەوری کۆنتـڕۆڵ دەکات و فۆڕمـی پـێ دەبەخشـێت. شارسـتانیەت زەوییەکـی بەپیتـە کـە بـە وردەکاریـی زۆرەوە پرۆژەی لێدراوە و لـە هێرشـی لافـاوی ئەزموونـە ناڕێـک و نـوێ و بێفۆڕمـەکان پارێـزراوە.

١٣ وشەی poetry لە وشەی poeisis هەڵهێنجراوە کە لە زمانی یۆنانی دا بە واتای دروستکردن دێت.

لە کولتوورێکی سەقامگیری بەم شێوەیە، کە لەنێو سنوورەکانی ئەزموونێکی «ئاسایی»ی پتەو و جێگیر وەستاوە، هێزی داهێنەرانەی هونەر زیاتر لەنێو هەناوی قووڵاییدا بەرجەستە دەبێت، تا لە بەرفراوانی ڕووتەختدا. لێرەدا هونەر ئەزموونێکی نوێ ناخولقێنێت، بەڵکوو هەمان ئەزموونی کۆن دەپاڵێوێت و قووڵییەکی زیاتری پێدەبەخشێت. جیاوازی نێوان بەروبومەکانی بوارە هونەرییەکان لە ئەنجامی کەشفی ئاسۆ نوێ و ناچوونیەکەکانەوە نییە، بەڵکوو پتر لەو جۆرە جیاوازییە دەچێت، کە لەنێو تەجەلابوونە جۆراوجۆرەکانی یەک ناوەڕۆکدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو قۆناغە هونەرییانەی کە تێیاندا سەلیقەی هونەری زیاترە، کاتێک بەدی دێن کە ئایدیالی جێگیری ئەزموون نەرم بووبێتەوە، پتەویی خۆی لەدەست دابێت، بێ ئەوەی هێز و وزەی ناوەکی لاواز بووبێت. ڕێنیسانس یەکێک بوو لەم قۆناغانە، کە لە ڕوانگەی شیعرییەوە لە بەرهەمەکانی شکسپیردا گەیشتە دواترۆپکی خۆی. وەک بلێی نەزمی ناوەکیی سیستمی کۆن قووڵاییەکی تری بەخشییە شڵەژان و گرژیی لێکترازان و ڕزگاربوون، قووڵاییی شادی و تراژیدی، قووڵاییی سەرکەوتنە پێوانەنەکراوەکان و زیانە قەرەبوونەکراوەکان. کەسانی سەرکێشی پانتاییی ئەزموون وەک بلێی سواری کەشتیی ڕزگاربوون کراون و ملیان ناوەتە دەریاوە، هەوڵیان دا تا یەدەک و گەنجینەکانی مەعریفە و هەستەکان ڕزگار بکەن و بیهێنن بۆ وشکانی، ئەو یەدەکانەی کە لە سیستمی کۆن بەجێمابوو و کەوتبووە سەر ئاستی دەریای خرۆشاو. بەرهەمی هونەرمەندەکانی سەرەتای سەردەمی ڕێنیسانس و شیعری شکسپیر، تەژییە لە خولیا و خواست بەرەو ئەزموونێکی زیندوو و ڕاستەقینە، ئەو ئەزموونەی کە لەبەر خەمساردی و بێ پاڵپشتی کەوتبووە بەر مەترسیی مەرگەوە. بەهرەی داهێنەرانەی ئەو سەردەمە هەر لەم خولیایەوە هەڵدەقولا، نەک شەهامەت و بێباکی بەرانبەر بە نائومێدی، چونکە بە شێوازێکی ناڕوون و تەمومژاوی، هێشتا ئاگایی و زانینی خۆی لە کەناراو و بەندەر و ماڵ و مەبەستی کۆتایی پاراستبوو. ڕۆحی گەڕۆکی هونەر، لە قووڵاییی ئاگاییی خۆیدا دەیتوانی هێشتا سیستمی هەمەکیی شتەکان و بابەتەکان بەدی بکات، سیستمێک کە دەبوو هونەر لەوێدا پێگەیەک بۆ هەوڵ و داهێنان و دەستکەوتەکانی خۆی بدۆزێتەوە. بەڵام تا ئەم سیستمە هەمەکییەی شتەکان و بابەتەکان، سەقامگیریی خۆی زیاتر لەدەست دەدا، بە هەمان شێوە زەریای کەشفە هێزەکییەکان و قەڵەمڕەوە نەناسراوەکان ناکۆتاتر و تازەتر دەهاتنە پێشچاو. لە هەڵکشان و داکشانی تاریک و بێفۆڕمی دەریای ناکۆتاییی توانا هێزەکییەکان، بەشە بەجێماو و پەرشوبڵاوەکانی

واتـا، خۆیـان دەنووسـێنن بـە پارچـە سـەرئاوکەوتووەکانی ئەزمـوون، چونکـە لەمـەودوا گشـت شـتێک دەریایـە، هەمـوو شـت دەریایـە.

دەریا لە هەموو شوێنێک ئێمەی تەنیوە،

دەریا لێواری وشکانییە، هەروەها ئەو گاشەبەردە ڕەقە

کە خۆی دەخزێنێتە ناوی، ئەو لێوارانەی کە تێی فڕێ دەدات

نیشانە نهێنیئامێزەکانی ئافراندنی کۆنتر و ئەوی تر...

ڕیلکـەش حیکایەتێـک دەگێڕێتـەوە کـە لەوێـدا هـەروەک لـە شـیعری جەنابـی ئێلیـوت، دیسـان دەریـا و ئاسـت و مەوداکـەی «ئافراندنێکـی تـرە»، کـە وێنـەی واقیعـی شـاعیر دروسـت دەکات. لـە حیکایەتەکـەی ڕیلکـەدا بەلەمێکـی سـەوڵدار ملـی سـەفەرێکی ئەسـتەم دەگرێتەبـەر. بـە سـەوڵ لێدانێکـی یـەک-ڕیتـم شـەپۆلەکان دەبڕێـت. هێشـتا هیـچ شـوێنەوارێک لـە شـوێنی مەبەسـت بـەدی ناکرێـت. لەنـاکاو پیاوێـک کـە وەک دیـارە لەسـەرخۆ و بێـکار دانیشـتووە، دەسـت بـە گۆرانـی چڕیـن دەکات. ئەگـەر بەرەنگاریـی شـەپۆلە ڕاسـتەقینەکان لـە بەرانبـەر هەوڵەکانـی سـەوڵلێدان بـە شـێوەیەکی بێمانـا شکسـت دەهێنێـت، ئـەوا ئـەم گۆرانیبێـژە بێکار و بێبارەیـە کـە بـە سـیحری خۆی زاڵ دەبێت بەسـەر نائومێدییەک، کە لـە بێئامانجی و سـەرگەردانییەوە سـەرچاوەی گرتـووە. ئەوانـەی دی وا لای ئـەو دانیشـتوون، هـەوڵ دەدەن خۆیـان ئاوێزانـی ڕەگەزێـک بکـەن، کـە لـە چـواردەور و تەنیشـتی ئەواندایـە، بـەڵام هـەر لـەو سـاتەدا وا دەردەکەوێـت کـە دەنگەکـەی ئـەو کەشـتییەکە بـەرەو دوورتریـن مـەوداکان دەنێرێـت و بـەم شـێوەیە ئـەو مـەودا دوورە کەشـتییەکەبەرەو خـۆی ڕادەکێشـێت. ڕیلکـە دەگاتـە ئـەو ئەنجامـەی «نازانـم چـۆن و بۆچـی، بـەڵام لەنـاکاو لـە دۆخـی شـاعیر و پێگـە و ڕۆڵەکـەی لـەم سـەردەمە تێگەیشـتم... بێبەشـکردنی ئـەو لەهـەر شـوێن و پێگەیـەک جگـە لەمـە. مەسـەلەیەکی بێبایەخـە. بـەڵام لەوێـدا دەبێـت ئـەو قەبـوڵ بکرێـت و تەحەمـول بکرێـت».

مەبەسـتی سـەرەکیی شـاعیر هەمـان مـەودا زۆر دوورەکەیـە. ئـەو لـە تەنیشـتیدایە، گرنـگ نییـە. بـەڵام ئـەوەی لـە تەنیشـتیدایە، ئەگـەری ئـەوەی هەیـە هـەر سـاتە و بـەو بریسـکانەی کـە لـەو گوریسـە نەبینـراوە بـەرز دەبێتـەوە و کەشـتییەکە دەبەسـتێتەوە بـە شـوێنی مەبەسـت، دوور و نهێنیئامێـز دابگیرسـێت. سـادەترین شـتەکان و بابەتـەکان یـان بچووکتریـن ڕێـژەی ئەزمـوون دەشـێت لەنـاکاو و دوور لـە چاوەڕوانـی، بچێتـە نێـو

ناکۆتـاوە، بەشـێکی بچـووک کـە هێـز و وزەیەکـی زۆری لەنێـو خۆیـدا هەڵگرتـووە، هێزێـک کـە پێشـتر[١٤] لەنێو بەشـەکانی سیسـتمێکی گشـتیدا بـڵاو بـووەوە و بچـووک و گـەورەی لـە جێـگای دروسـت و شایسـتەی خۆیـان دادەنـا. ئـەم سیسـتمە چیتر بوونـی نییـە. چ کەسـێک ئـاگاداری پێگـەی ئێمـە، یـان شـوێن و پێگـەی هـەر شـتێکی دییـە؟ ئـەو ئەڵقانـەی کـە ئافراندنیـان دەبەستەوە بە ئافرێنەر و ئافرێنراویـان بـە ئافرێنـەر دەبەستەوە، لـە کوێـن؟ ئـەم بابەتـە سـەرەکییە ناوەڕۆکـی یەکـەم لاواندنـەوەی دوئینـۆ (Duino Ele-gy)ی ڕیلکەیـە. هەمووشـتێک جیـاواز و لێکترازاوە، سیسـتمی جیهـان دابـەش بـووە و فرەبەشـە.

مەخابن، کێیە؟

تا بتوانین کەڵکی لێوەرگرین؟ نە فریشتە، نە مرۆڤە.

تەنانەت گیاندارە بە ئاوەزەکانیش دەزانن

کە ئێمە لەم جیهانە تەفسیرکراوەماندا

هێندە لە ئاسایش و ئاسوودەییدا نین

ئینجـا، لێـرە یـان لـەوێ، سەرلێشـێواو و بێسیسـتم، لـەو سـاتانەی وا دێتـە پێشـچاو کـە بابەتێـک یـان شـتێکی تـەواو سـەیر و بەڕێکـەوت بـۆ ئێمـە بووەتـە هەمـوو شـتێک.

[کەواتە] ڕەنگە، بمێنێتەوە

دارێک لە هەورازێکدا، تا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لێی بڕوانن

بۆمان دەمێنێتەوە ڕێگای دوێنێ و وەفاداری

ئـەو نەریتـەی کـە خۆشیدەویسـتن و مایـەوەو هەرگیـز مەیلـی چوونـی نەکـرد.

شـێوەکاری ئـەم دۆخـە، ڤـان کوخـە. ئـەو درەختـی لاواندنـەوەی ڕیلکـە، گوڵەبـەڕۆژە و کورسـی و پێڵاوەکانـی کێشـاوە، ئـەو شـتانەی کـە وەک تەنێکـی بەڕێکـەوت، هەمـوو ئـەو گڕوتیـن و سـەرلێشـواوییەی ڕۆحیـان

١٤ مەبەستی پێش سەردەمی نوێ و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی گشتیی بەها جێگیرەکانە. لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەم سیستمە دەشێت ئەوروپای فیودالّی یان دەوڵەتشارەکانی یۆنانی کۆن بێت، هیلەر هەرچەند ئەم بابەتە باش ڕووننناکاتەوە، بەڵام مەسەلەکە پێداگرییە لەسەر تەنگەژە و ئاژاوەی سەردەمی نوێ.

لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە، هێزێک کە سەردەمێک لە پێگەی لەسەر هەق و یاسایی خۆیدا، لەنێو فریشتە و مادۆناکانی جۆتەر [جۆتەری شێوەکار و پەیکەرسازی فلۆرانسی] ماڵی هەبوو. چارەنووسی ڕۆح بەم شێوەیە: سەردەمێک پادشای وڵاتە لەهەژمارنەهاتووەکان و ئێستاش خاوەنی نایاسایی پێڵاوەکان. سەیری چرۆی ئەم درەختی چوالەیە بکەن، بڕواننە ئەم کورسییە، بەڕاستی ئەمانە زیاتر لە بەشی خۆیان ڕۆحیان تێدایە و تاڕادەیەک لە خۆشیدا بەرگەی ناگرن. ئەو بابەتەی وا شتەکانی ڤان کوخ لە پینەوشرەی ئالۆزەکانی سوریالیزم جیا دەکاتەوە، تەنیا چرکەساتێکی تەقینەوەئاسایە و تەواو.

ئالۆزی و تەمومژی ناسراو و بەناوبانگی شیعری مۆدێرن لەم ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئەو سیمبولانەی لەلایەن هەمووانەوە قەبوڵ کرابوون، لە ژیانی ئێمەدا چیدی نەماون، ئەو سیمبولانەی کە دەبوو دەرخەر و پێگەی قووڵترین هەستەکانی ئێمە بن.

هەر بۆیە ئەم هەستانە وەک جۆرێکی تایبەتی قرژاڵەکان، کە لەنێو چێوە و گوێچکەماسیی بەتاڵدا هێلانە دەکەن، لەنێو دەریایەکدا کە واتایەکی ڕوونی نییە، دزەیان کردووەتە نێو چێوە بەتاڵەکانی بیرەوەری و بەملاولادا دێن و دەچن. هێشتا دەشێت مرۆڤ بگاتە هەسارەی مانگ و زۆریش ناخایەنێت کە سەفەر بۆ هەسارەکان ئاسانتر بێت لە دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەو دونیا زۆر و ئەژمارنەکراوە فەردی و تایبەتییە. چونکە ئەم دێڕە شیعرانەی جەنابی ئیلیوت نەک سەبارەت بەو وشانەی کە دەکەونە بەرانبەر تەجەلای دواییی نهێنی، بەڵکوو سەبارەت بەو وشانەش کە کەوتوونەتە نێو زێرابی پێش کۆتاییی تاریکی و ئاژاوەوە، ڕاستن:

وشەکان لۆچ دەبن،

درزیان تێدەکەوێت و دەشکێن، دەکەونە ژێر هەژموون

ژێر فشار، دەخلیسکێن، لەناو دەچن

لە ئەنجامی نەبوونی وردەکاری دەڕزێن...

## سێ

گۆتە لە ژیاننامەکەیدا بەتوورەییەوە سکاڵا لەو گاڵتەجاڕییە دەکات،

کە دەگوترێت شیعر لە کاتی تایبەت، یان ساتە-شیعردا دەنووسرێت. ساتەشیعر، شیعرێکە کە لە کات و ساتی ڕاستەقینەوە هەڵدەقولێت، بە گوتەی ئەو «لەنێو هەموو جۆرەکانی شیعردا، ئەمە یەکەمین و ڕەسەنترین جۆریانە». ئەو لە یەکێک لە گفتوگۆکانی لەگەڵ ئیکرمان ئەم بابەتەی بەتەواوی ڕوون کردەوە، کە مەبەستی لە ساتەشیعر، پیاهەڵدانی لەناکاو و سەرواداار نییە. «هەموو شیعرەکانی من ساتەشیعرە، واقیع سەرچاوەی سروش و بنەماو بنچینەیانە، من هیچ بەهایەک بۆ شیعرێک دانانێم کە ڕەگی لەنێو واقیعدا نەبێت». هەڵبەت ئامانج و بەردەنگی ئەم وتەیەی گۆتە، ڕۆمانتیکەکان بوون، ئەمە ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ ئەو شتەی کە ناوی لێ نابوو «سەردەمی بەهرە زۆرەملێیەکان».

بەڵام مەبەست لەم بەهرەزۆرملێیانە چی بوو؟ بە بۆچوونی گۆتە ئەوانە وەک ئەو گژوگیایانە بوون کە لەژێر نایلۆن و بەدەر لە وەرزی خۆیان دەڕوان، ئەو شاعیرانەی کە جیهانی ساردی دەرەوەیان «بەجێهێشتبوو» و تەنیا لە گەرما و ڕووناکییەکی خەیاڵی ڕووتی زەینیدا و بە ئاوڕدانەوەیەکی ترەوە گوڵیان دەگرت.

هەستیاری و نیگەرانیی گۆتە بەرانبەر ئەم گروپەی شاعیران بێڕادە توند بوو، چونکە ئەو پێشتر خۆی لەگەڵ کەڵکەڵەی ڕۆمانتیزم ئاشنا بووبوو و تامی ئەوەی چەشتبوو. پاڵەوانەکەی ئەو «تورکواتو تاسو»، لە ڕاستیدا کەسێکە لەنێوان تاسوی ڕاستەقینە و بۆدلێردا. «ڤارتەر» پاڵەوانەکەی تری گۆتە، ئەگەر بۆ سەدەیەک یان کەمێک زیاتر بە زیندوو بمایەتەوە، دەبوو بە ڕامبۆ. ئەگەر گۆتە شاکارە تەواونەکراوەکەی واتە «پاندۆرا»ی تەواو بکردایە، «ئیپمتۆس»ـەکەی لە ڕاستیدا دەیتوانی جیهانێکی ڕاستەقینە بەتەواوی بخاتە ژێر دەستی «پرۆمتۆس» و خۆیشی ڕێگە و چارەنووسێکی تر هەڵبژێرێت، واتە پاندۆرا لە باوەش بگرێت، لەگەڵ ئەودا بەرەو ئەو قەڵەمڕەوە هەڵبکشێت کە لەوێدا وێنەی مالارمێ لە ئایدیالی پەتی و ڕووتی خەیاڵ بەدی دێت. بەڵام ئایا گۆتە خۆی لە دوو ساتدا، لە دوو دۆخی تایبەت و گرنگ، دیاریی تایبەت و ناوازەی خوداوەندەکانی بۆ شاعیر وەک هێزی دەربڕین و باسکردنی ئازار و نەهامەتییەکان پێناسە نەدەکرد؟ هەمان ئەو ئازارانەی کە جیهانی واقیع دەیسەپێنێت بەسەر شاعیراندا. لە ڕاستیدا ڕیالیزمی گۆتە پێش ئەمەش حاڵەتی بەرگری لەخۆ گرتبوو. ئەو ئاشتییەی کە لەنێو جیهانی واقیعی هاتبووە دی، واتە شانازیپێکراوترین سامانی ئەو، تەنیا بە هاوکاریی مانۆڕەکان و سازشە دیبلۆماسییە لەبن نەهاتووەکانی، هاوشان لەگەڵ

ئینتیمـا جەوهەرییەکانـی بەهـرە ڕامنەکراوەکـەی وەک خـۆی مابـووەوە.

لـە ڕاستیشـدا ئەمـە خـۆی ساتەشـیعر بـوو، بـەڵام کاتوسـاتی شـاعیرانە، هـاوکات ڕاستەقینە نەبوو، بەڵکوو لـە زۆربـەی کاتدا، جەنگێک بـوو لەنێوان واقیـع و شـیعردا. کاردانـەوەی گۆتـە بەرانبـەر بـەو بڕوایـەی نیچـە، کـە پێـی وایـە هەبوونـی جیهـان تەنیـا وەک دیاردەیەکـی جوانیناسـی جێـی پاسـاو و ڕەوایـە، دەبێـت چـی بووبێـت؟

بەرنامـە و خستنەڕووی جۆرێکـی تایبەتـی شـیعر، بەتـەواوی لـەم دەربڕینـە نیچەییـەدا خـۆی حەشـار داوە، واتـە ئـەو شـیعرەی کـە ئێمـە بـە شـێوەیەکی تاکلایـەن و بـێ لەبەرچاوگرتنـی زۆر شـاعیری بەهرەمەنـد، بڕیارمـان داوە وەک باشـترین و نایابتریـن شـیعری مۆدێـرن لێـی بڕوانیـن. بێگومـان کاردانـەوەی گۆتـە هاوشـان دەبـوو لەگـەڵ بێـزاری و حەپەسـاویدا، بـەڵام حەپەسـانێک کـە لەبـەر ئـەو ئاشـنابوونەی بـە سـەرچاوەی حەپەسـان هەیبـوو، بـە دڵنیاییـەوە قووڵتـر و گوژمێکـی زیاتـری دەبـوو. لەبـەر ئـەوەی هێشـتا نیچـە نەهاتبـوو، گۆتـە فەلسـەفەی کانتـی دەناسـی و ئـەوەی بـە دوودڵـی و گومانـەوە ڕەت دەکردەوە، لەنێوان کانـت و نیچـەدا پەیوەندییـەک بوونـی هەیـە، کـە تەنیـا لۆژیکـی مێژوویـی پێشـێل نـاکات، بەڵکـوو تەبایـە لەگـەڵ ئـەو لۆژیکـەی کـە سـەرچاوەی دەرکەوتنـی بەشـێکی سـەرەکییە لـە شـیعری مۆدێـرن. لێگەڕێـن ئـەم بەسـەرهاتە درێـژ و ئاڵـۆزە کـورت بکەینـەوە: کانـت بـە شـێوەیەکی دراماتیـک مانـۆڕی سـەرکەوتووانەی عەقڵگەرایـی پەکخسـت. ئەگـەر دیـکارت دڵنیـا بـوو لـەوەی بیرکردنـەوەی عەقڵانـی لەنگەرێکـی جێگیـر و پتـەوی بوونـە (مـن بیـر دەکەمـەوە کەواتـە هـەم)، لـە بەرانبـەردا کانتیـش بـە هەمـان ئاسـت دڵنیـا بـوو، کـە هـزر و بیرکردنـەوە هـەروەک کەشـتییەک لەسـەر ئاسـتی دەریـادا، تەنیـا لـە ڕێـگای جیهانـی هەبوونـدا تێدەپەڕێـت، لـەم دەریایـەدا کەشـتیی عەقـڵ کەناراوێکـی نەناسـراوی زۆر ئاشـکرا دەکات، بـەڵام هـاوکات لەنێـو ئاسـۆی تایبەتـی خۆیـدا تێـوەگلاوە و لـە بـزووت کەوتـووە. دۆزەرەوە یـان گەشـتیار تاکـوو مـەودای دوورتـر ببڕێـت و بگاتـە شـوێنە دوورەکان، ئاسـۆ بـەردەوام لـە شـوێنی خۆیەتـی، واتـە ئاسـۆی کات و شـوێن. ئـەو زەوییـە یـان بەنـدەرەی مەبەسـت، واتـە مەسـەلەی ڕەهـا هـاوکات دەکەوێتـە دەرەوەی بازنـەی بینینـەوە. بۆیـە [بە بۆچوونی کانت] مرۆڤ ناتوانێـت هیواخـواز بێت کە لە ڕێـگای عەقڵـی پەتییـەوە، لـە ڕێـگای عەقڵـی عەقڵگەراکانـەوە بگاتـە ئـەو دوا دڵنیایـی، هەمـان ئـەو دڵنیاییـەی وادێتـە پێشـچاو گەڕانێکـی بـەردەوام بـۆی هـەم شـەرم و ناتەواویـی سروشـتی مرۆییـە و هـەم مایەی شکۆ و شـانازییە

بۆی. لە ڕاستیدا، کانت ڕەوایەتیی پێویستبوون و ئەو بانگەشانەی کە لەسەر بنەمای ئەم دڵنیایییەن ڕەت ناکاتەوە، تەنانەت بەدیهاتنی ئەوەش بە پێویست دەزانێت ـ بەڵام نەک لە ڕێگای ئاگاییی عەقڵانی مرۆڤ، بەڵکوو لە ڕێگای ویژدانی ئەخلاقیی مرۆڤ، یاسای ئەخلاقی کەرەستەی مەسەلەی ڕەهایە.

بەڵام بەرکەوتن لەگەڵ ئەم تیۆرە بۆ شاعیران ئەزموونێکی سەرسامکەر بوو، چونکە ئەوان تازەکی گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی، کە لەنێو هەموو مرۆڤەکاندا، شاعیران تەنانەت زیاتر لە قەشەکانیش، لەگەڵ مەسەلەی ڕەهادا دەستوپەنجە نەرم دەکەن. کلایست بێهیوا بوو. فەلسەفەی جوانیناسیی شیلەر هیچ نەبوو، جگە لە چەلەحانێییەکی ناکۆتا لەگەڵ کانتدا: لەو شتە مەزنەی وا بەدەستهێنانی ئەستەمە، شتێکیش ببەخشە بە من، بەشێکی گونجاو و هاوسەنگ: بەهای ئەم کەرەمە جوانیناسییە باڵایە بە پارەی باوی ئەخلاقی چاکە دەدەمەوە. هەڵبەت ڕۆمانتیکەکان لەمەش زیاتر ئاستی مەسەلەکەیان تێپەڕاند. ئەوان بۆچوونی کانتیان سەبارەت بە پادشاییی ڕەوای عەقڵ وەک دەستبەردابوونێکی تەواوی عەقڵ لێکدایەوە، ئەوان بەپەلە هەموو هەستیان لەسەر تەختی بێخاوەنی پادشایی دانا، بەڵام ئەم ئاژاوە و پێکدادانە تەنیا تایبەت نەبوو بە ئەڵمانیا. ئەڵمانەکان، ئەو جەلادانەی کە بە ویستی خۆیان لە دەرباری مێژوودا بوون، تەنیا سیستمێکی ئاڵۆزی ئەورووپی، بەڵام هەژموونداریان جێبەجێ کرد. کولریجیش بەم پێکدادانە ئاشنا بوو و قەبوڵی کرد. بۆدلێر لە ڕێگای شۆپنهاوەر و ڕیچارد ڤاگنەر پێی ئاشنابوو. تەنانەت گۆتە بە ئەستەم لە ڕاپەرینە فەلسەفییەکان نیگەران دەبوو، جارێکیان بە مۆنی و نیگەرانی خۆی تەسلیمی ئەوبۆچوونەی کانت سەبارەت بە «نەزانی» ڕەها کرد، بەڵام بێ ئەوەی متمانە بە بڕواپێکراوی ڕێنیشاندەری ئەخلاقیی کانت بکات. ئەو لە کۆتاییی یەکێک لە تێڕامانەکانی خۆی سەبارەت بە فەلسەفەی کانت دەڵێت: «هەر بۆیە ئێمە بەرەو قەڵەمڕەوی شیعر هەڵدێین، شوێنێک کە دەتوانین هیواخواز بین بەوەی بگەینە پلەیەک لە ڕازیبوون».

ئەم حاڵەتی تەسلیمبوون و هیواخوازییەی گۆتە، خێرا بوو بە بەیاننامەیەک بۆ پێداگری لەسەر شیعری «ڕەها». بەرزکردنەوەی ئاستی هێزی سەلیقە و جوانیناسی بۆ ئاستی کارگوزارێکی پلەباڵای مەسەلەی ڕەها، کە پێشتر لە فەلسەفەی شیلینگ و شۆپنهاوەردا بەرجەستە بووبوو، لە سەرەتای فەلسەفەکەی نیچەدا بەئەنجام گەیشت. جیهان لە بنەمادا

دیاردەیەکی جوانیناسییە، هیچ مەعریفە یان هیچ یاسایەکی ئەخلاقی ناتوانێت لە مانای جیهان تێبگات، ئەوە مۆسیقایە قووڵاییەکانی جیهان دێنێتە دەنگ و ئەوە شیعرە هەروەک مانگێک بە چواردەوری ئەو نهێنییە سەنتەرییەدا دەخولێتەوە، شیعرێک کە هەروەک مانگ لە ڕێگای خۆرێکی دوورەوە ڕووناک دەبێتەوە و دیسان هەروەک مانگ تاریکی و تەمومژی شەو ڕووناک دەکاتەوە. «جیهان و هەبوون تەنیا وەک دیاردەیەکی جوانیناسی جێی پاساون و ڕەوایەتییان هەیە». نیچە ئەم حوکمەی ناونا ئینجیلی «مژدەبەخشی» هونەرمەند. چەندین جار ئەم بۆچوونەی خستووەتە ڕوو، ئەوە تەنیا مژدەبەخشینی ڕاستەقینەیە، دەشێت لەسەر زەویدا لێی بەهرەمەند بیت. ئەو هەر جارێک لەبڕواپێکراوی و دروستیی ئەم حوکمەی بکەوتایەتە گومانەوە، لە عەدەم و نیهیلیزم زیاتر هیچ شتێکی تری بۆ نەدەمایەوە، هەمان ئەو نیهیلزمەی کە خۆی دۆزەرەوە مەزنەکەی بوو، دۆزەرەوەیەکی نائومێد، دڕدۆنگ، نائومێدانەش هیواخواز بوو، چونکە نیچە خۆی یەکێک بوو لەو بەرهەمە درەنگ پێگەیشتووانەی ئەو زنجیرەیەی کە لە کانتەوە تا شۆپنهاوەر و لە شۆپنهاوەر تا ڤاگنەر و بۆدلێر درێژ دەبووەوە. نیچە لە سەردەمی خۆیدا، تەنانەت لە مالارمێش زیاتر چووە پێشەوە. مالارمێ سەردەمێک گوتی «پاش گەیشتن بە عەدەم، جوانیم دۆزییەوە». بەڵام نیچە هەرکاتێک گومانی لەوە دەکرد کە جوانی وەهمێکی تەواوە، عەدەمێکی قووڵتری کەشف دەکرد. ساڵێک بەر لە مردنی، گۆتە پەیامێکی بۆ شاعیرە گەنجەکان بڵاو کردەوە. گۆتە داوای لێکردن ئەوەیان بیر بێت کە شیعر هەرچەند بەباشی دەتوانێت هاوشانی ژیان بەرەو پێشەوە بڕوات، بەڵام نازانێت چۆن ژیان ئاڕاستە بکات. ئنجا ئەوەشی زیاد کرد، هونەرمەند ئەگەر زۆریش هەڵپەرست بێت، دواجار هەر تێدەگات کە تەنیا مەسەلە فەردییەکانی خۆی دەربڕیوە، چونکە «ئەوەی لە شیعرێکدا بەرچاو دەکەوێت، لە بنەمادا هەمان ئەو شتەیە کە لە ژیانی خودی مرۆڤدا هەبووە». وا دەردەکەوێت شیعر لە ماوەی ئەو چل ساڵەی نێوان پەیامەکەی گۆتە و کتێبی لەدایکبوونی تراژیدیای نیچەدا، مەودایەکی پێوانەنەکراوی بڕیوە. لەم ماوەیەدا هاوەڵ و هاودەنگی چاک، بوو بە ئاغایەکی ستەمکار. ئەوەی لە ڕوانگەی گۆتە وەک بەرجەستەکەری کەسایەتیی شاعیر ئەژمار دەکرا، لەناکاو بوو بە چەکێکی تایبەتی خۆکوشتن، چەکێک کە کەسەکە دەکوژێت تاکوو ڕۆحە ڕەهاکەی ڕزگار بکات. ئەم سەردەمە، بە هەمان شێوە گۆتە ترسی لێی هەبوو، تەنیا سەردەمی بەهرە زۆرەملێیەکان نەبوو، بەڵکوو سەردەمی شەهیدبوونی شاعیرانەش بوو. قارەمانەکانی ئەم

سـەردەمە، کارگوزارەکانـی مەسـەلەی ڕەهـا بـوون کـە لـە خـودی خۆیـان ڕزگار بووبوون، ژیانـی خۆیـان بـە ڕۆژووگرتنـەوە دەبردەسـەر تـا بتوانـن، خوانـی بەهەشـتی بەدەسـت بهێنـن. ئـەوان مێشـکی خۆیـان تێکدابـوو لەپێنـاو ئـەوەی بـۆ سـاتێکی کورتیش بێت دزەنیگایـەک لـە حەقیقەتـی نەبینـراو بکـەن. مالارمێ سـەردەمێک گوتـی «لـە هەمـوو بابەتێکدا دەسـت و پێ سـپیم، جگـە لـە مەسـەلەی ڕەهـا نەبێـت»، بۆدلێریـش هەسـتی دەکـرد «هەمـوو دڵـی خـۆی، هەمـوو نەرمونیانـی، هەمـوو ئیمـان و ڕقـی» خـۆی لەژێـر «گوڵەکانـی خراپە»دا ناشـتووە. چونکـە بـە هەمـان شـێوە خـۆی باسـی دەکات، لـە ڕێگای شـیعرەوەیە کـە «ڕۆح شـکۆی ئەودیـو گـۆڕ دەبینێـت».

لـە سـەرەتادا کانت بـوو، کـە بەداخسـتنی دەرگا لەسـەر ئەو شتەکەشـفنەکراوە مەزنـە، جیهانـی نەزمـی بەسـەر جیهانـی عەقـڵ و هەسـتەکاندا باڵادەسـت کـرد، لـە کۆتاییشـدا ڕامبـۆ کـە بـە «تێکدانـی بەرەبـەرەی مێشـکی خـۆی و سـڕکردنی خـۆی ئەویـش بـە ئەنقەسـت و ئاگایانـە. بـە هـەر ژەهرێـک وێنـا بکرێـت»، دەرگای لەسـەر ئـەو شتەکەشـفنەکراوە مەزنـە کـردەوە و لێگـەڕا بێتـە ژوورەوە و بـەم شـێوەیە لـە قەڵافەتـی «ئیفلیـج و ڕۆحێکـی مـەزن»، «مامۆسـتا و توێـژەری پلـە بـاڵا»، نـاوی مـەزن و «هاووڵاتییەکـی نەفرەتکراو»ی جیهانـی واقیـع، توانـی دواجـار بگاتـە ڕووناکییـەکان، چونکـە جیهـان تەنیـا وەک دیاردەیەکـی جوانیناسـی جێـی پاسـاو و ڕەوایـە!

هاوشـان لەگـەڵ بێبەهابوونـی هـەر شـتێک لـەم جیهانـەی واقیعدایـە ـ کـە بـە بۆچوونـی گۆتـە ئەمـە هەمـوو دانیشـتووانی سـەرزەویی شـیعر و هونەریـش دەگرێتـەوە، ئاگاییـی هونەرمەنـد بـۆ بەهـا، گرنگیـی واتـای شـێوەی پەتـی زیـاد کـرد و گەشـتە لوتکـە. ئەگـەر هەمـوو واتـا شـاراوەکانی نێـو وشـەکان هێنـدەی شـتە کـۆن و هەرزانەکانـی دەستفرۆشـەکان ڕەنـگ لـە ڕوویـان نەمـاوە، کەواتـە شـاعیریش بـۆ خسـتنەڕوو و دەربڕینـی نهێنییـە لەرزۆکەکانـی مەسـەلەی ڕەهـا تەنیـا پێویسـتی بـە دەنـگ و قاڵەقاڵـی پەتییـە. گومانـی تێدا نییـە هونـەر لـە هەمـوو قۆناغەکانـدا پەیوەسـتە بـە فۆڕمـەوە، شـیعریش لـە هـەر کات و سـەردەمێکدا حـەز و خولیـای بـۆ دەنـگ خسـتووەتە ڕوو. لێرەدا مەسـەلە و خاڵـە سـەرەکییەکە ڕێـژەی پێداگـری و ئاگاییـە لەسـەر (فـۆڕم). مەسـەلەکە، دابەشـکردنێکی (ناهاوسـەنگی) گرنگـی و واتـا و پێوەری پێگەیاندنی ڕەگـەز و ڕەهەندی تایبەتـە. کێ دەیتوانی ئـەم ڕسـتەیەی خـوارەوە پێش ئـەوەی لای شـاعیرێکی ڕۆمانتیـک واتـە نۆڤالیس بخرێتـە ڕوو، بدرکێنێت: دەبێت ئەو شـیعرانە بنووسـیت، کـە تەنیـا لـە دەنگی جـوان و وشـەی جوان دروسـت کرابن و بـە تەواوەتـی بێواتـا بێـت و دابڕاو

بێت لە هەموو شتێک. کێ لە بۆدلێر زیاتر دەیتوانی ئەو شتەی کە نیچە بینی و ناسی، تەنانەت هەستیشی پێ بکات، واتە ئەو شتەی کەسانی ناهونەرمەند پێی دەڵێن فۆڕم، هونەرمەند خۆی وەک ناوەڕۆک و زاتی بابەتەکە ئەزموونی دەکات، چونکە ئەوەی نیچە لە فۆڕم مەبەستی بوو، واتە ئەو فۆڕمە دیاریکراوەی کە بە شێوەیەکی چالاک دەگۆڕێت، جیاواز بوو لە تێگەیشتنی گۆتە بۆ فۆڕم، ئەمەیان چەمکێکی زێدەخوازانە و تاڕادەیەک یەکلاکەرەوە بوو کە نیچە خۆیشی ئەوەی وەک وێنایەکی بەتاڵ و لادەر مەحکوم کرد. بە گوتەی نیچە ئەمە جۆرێک لە ڕاڕایی و نەخۆشییە بەرانبەر بە فۆڕم، هاوشێوەی ناوەڕۆک، کە هەموو ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکان بە تایبەت ژیانی خۆیشمان دەکات بە «فۆڕمالیتەیەکی ڕووت». مەبەستی نیچە هەمان ئەو خولیا زێدەخوازانەیە بۆ فۆڕم بوو، کە بۆدلێر بەباشی ئاگاداری ئاکەمەکەی بوو«ئاژاوە و تێکپڕژانە ترسناکەکان، دێوەزمەئاسا، بێپێشینە و ناوازە».

ئەگەر گۆتە هێشتا بڕوای بەوە هەبوو کە «ژیان» سەرچاوەی سروشتیی «ساتەشیعر» خۆیەتی، لە سەدەی نۆزدەدا جۆرێکی تایبەت لە شیعری سەری هەڵدا کە ساتی دەرکەوتنی خۆی لە ونبوونی سەرچاوەی هیوا و سروشتی ژیان بەدی کرد. ڤالێری ئەم جۆرە نوێیەی ناونا «ڕەها». ئەم شیعری خاڵی لوتکەی مێژووی گۆڕانی داهێنانی هونەری ئاگایانە بوو، کە دەستپێکەکەی بۆ سەردەمی ڕێنیسانس دەگەڕێتەوە، خاڵێک کە سەرچاوەی تێکچوون و ئاڵۆزی و لەڕێلادان بوو. شانبەشانی ئەم گۆڕانە، جیهانی ئافرێنراو بە شێوەیەکی بەردەوام و یەکڕیتم، بەهای خۆی لەدەست دا و لەو خاڵی لوتکەیەدا ئیدی هیچ شتێکی ڕاستەقینە بەنرخ نەیدەنواند. ئێستا بەهای کالای نایاسایی قەڵەمڕەوی ناواقیع لە ئارادا بوو کە شاعیرەکان بە قاچاخ ئەوەیان بۆ جیهانی واقیع دەگواستەوە. داهێنانی شیعر بوو بە ئاڵوگۆڕی نائاسایی کالا قاچەخانی جیهانی واقیع.

هەڵئاوسان و لەبەهاکەوتن، واقیعیش هەم هۆکار و هەم ئەنجامی وەبەرهێنانە مەترسیدار و نائومێدکەرەکان بوو لە بواری داراییە ناواقیعی و خەیاڵییەکاندا.

ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکان بە تەواوەتی لەبەها کەوتن. ئێستا بابەتی سەرەکی هەمان فۆڕمی پەتی بوو. واتای وشەکان هیچ بەهایەکی نەبوو، بەلام دەنگەکەیان جێگای سەرنج و گرنگپێدان بوو. هەرشتێک کە لە ڕێگای خودی هونەرمەندەوە نەخولقابوو، وەک مردوو و کوشندە دەهاتە پێشچاو، ڕەگەزێک کە هەر لەگەڵ بەرکەوتن لەگەڵ دەستەکانیدا

هونەرمەندی ئیفلیج دەکرد. مالارمێ بەدەنگی بەرز داوای «وشە پاکەکانی» دەکرد، جۆرێک لە هیرۆگلیفی نهێنیئامێزی کەسە تایبەتەکان کە بە واتا گشتییەکان ئالودە نەبووێت، مالارمێ لەبەر ئەو گەیاندن و بەستەرەی کە مۆسیقا هەیبوو، ئیرەیی بە مۆسیقا دەبرد. بارودۆخەکە بە جۆرێک بوو وەک ئەوەی جۆرێک لە ئاژاوە و پشێوی داهێنەرانە، لە مێژووی هونەریشدا پێشینەی نەبوو و ناوازە بوو، دەستی پێ کردبوو تاکوو ئەو جیهانە بخات بەلایەکدا، کە پێشتر وێران بووبوو لەنێو ئەم ئاژاوەو بێنەوبەردەیەدا هەموو شتێک لە سەرەتاوە دەست پێ بکاتەوە. بەڵام بڕیار بوو ئەم جارە جیهان لەسەر بنەمای ئایدیالێک دروست بکرێتەوە کە بەراورد بەو شێوازە کۆنەی ئافراندن لە حەوت ڕۆژدا، زیاتر جێی ئومێد بێت، ئەو شێوازەی وا ئەم شکستە تاڵ و ناخۆشەی لێکەوتبووەوە. ماسییەکان لە ئاسماندا مەلەوانییان دەکرد، ئاوی دەریا پڕ بوو لە باڵندە و دواجار ئادەم لە پەراسووی حەوا، خودای ئافراند. چونکە نۆڤالیس پێشبینی کردبوو کە «ئاژاوەی ڕاستەقینە، ڕەگەزی داهێنەرانەی ئایینی ڕاستەقینەیە. ئەم ڕەگەزە لە پەیکەری خالیقدا جیهانێکی نوێ لەنێو کەلاوە و وێرانەدا دروست دەکات».

بەڵام دەرکەوتنی ئەم خالیقە نوێیە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی بەرچاو بووەوە. ئاگری گڕوتینی سیمبولیزم و سوریالیزم زۆر زوو بەفیڕۆ چوو و سارد بووەوە. بۆدلێر هەر لەپێشدا دەیزانی کە ئەمە گڕوتینی شێتئاسای تایەکی کورتخایەنە. هیچ جیهانێکی ئەبەدی و لێوانلێو لە جوانی بە پارچەکانی داهێنانی هونەری دروست نەکرا. لە کۆتاییی هەموو ئەوانە، چەند پارچە و لەتێکی کەڵەکەکراو لەسەر کەلاوەکانی شاعیر مانەوە و هیچی دی. شاعیر دیسانەوە گەڕایەوە بۆ بیابانەکەی خۆی، جیهانی ڕاستەقینەش جەنگی [جەنگی جیهانیی یەکەم] هەڵبژارد. وا دەردەکەوت مۆتەکەکەی هۆبز لە سەدەی حەڤدەدا، جارێکی دی هاتبووەدی «نە هونەرێک، نە شیعر و ئەدەبێک، نە کۆمەڵگایەک. لە هەموو ئەمانەش ترسێکی بەردەوامە و مەترسیی مەرگ و ژیانی مرۆڤی هەژار، پیس، ئاژەڵی و کورت». بڕوابوون بەهێزی جادوویی شیعر لە ڕووناککردنەوەی جیهانە جادووییە دروستکراوەکەی خۆی شکستی هێنا. شیعر بە تێڕوانین و خولیایەکی تر بۆ واقیع لەدایک بوو. مەبەستم لەم خولیا نوێیە، ئەو بەشە سیاسییەی شیعر لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا نییە، ماوەیەک کورت بەڵام پڕ گڕوتین. مەبەستم تێگەیشتن و بەدیهاتنی لەسەرخۆی توانایی و فەزیلەتە شیعرییەکانە. هەندێک لە شاعیران بە تێپەڕین بە کوێرەڕێگەکان و بە سەرکەوتن بە پلەی

جیاوازدا، دواجار گەڕانەوە بۆ ڕیالیزمێکی نویێ. لێرەدا ئەگەرچی چەند نیشانەیەک لە سادەییەکی نویێ بەرچاو دەکەوێت، بەڵام مەبەستم ئەم سادەییە نییە، ڕەنگە گەیشتن بەسادەیی هێشتا پەیوەست بێت بەوەی شاعیران مۆسیقای جوولە و گۆڕانی شیعر بە شێوەیەکی ساختە زیاتر بکەن و لە ئەنجامدا لە قووڵاییەکانی کەم بکەنەوە. چونکە بە بۆچوونی من، لێکدانەوەکانی جەنابی ئیلیوت لە ئاستە قووڵترەکانی ئاگایی هێشتا بڕواپێکراوە:

بۆچی مرۆڤ تەنیا فێر بووە بەسەر وشەکاندا زاڵ ببێت و سەربکەوێت

چونکە ئیدی ناچار نییە بۆ گوتنیان، یان لە حاڵەتێکدایە کە ئیدی خولیای بۆ گوتنیان نییە.

بەم شێوەیەیە کە هەر سەرچڵییەک سەرەتایەکی نوێیە، هێرشبردن بۆ قەڵەمڕەوێک کە نادیار و بێدەنگە، بەو کەرەستە سواوانەی کە هەرساتەو بەرەو لەناوچوون دەچن

لە پشێوییە گشتییەکانی تەمومژی هەست و

تاقمە ناڕێکەکانی سۆزداری...

ئەو بڕگەیەی سەرەوە شتێک زیاترە لە وەسفی بارودۆخی ترادسیۆنی شیعر، لە هەمان کاتیشدا شتێکی زیاتر لە کێشەکانی شاعیرێکی تایبەت دەردەبڕێت. ئەم بڕگەیە لە وەسفی شیعردا نووسراوە، ئەویش شیعرێک کە «لەژێر هەر دۆخێکدا بێت دوژمنکارانە دێتە پێشچاو»، واتە شیعر لەم جیهانەی ئێمە. شیعر هاوکات هێرش نییە بۆ سەر قەڵەمڕەویی مەسەلە نادیارەکان بە کەرەستەی سواو. هەندێک کات هێرشکردن هەڵگری توندوتیژییەکی کەمترە و قەڵەمڕەویی مەسەلە ئاڵۆز و نادیار و بێدەنگەکان، لاسارییەکی کەمتریان هەیە. کەرەستەکانیش هەمیشە تا ئەم ئاستە سواو و کول نین. لەساتێکی وەهادایە کە شیعر دەتوانێت هەم سادە و هەم قووڵ بێت. لەم کاتەدا شاعیر لەپێناو ئەوەی کە دەبێت بیڵێت، بەسەر وشەکاندا زاڵ دەبێت، چونکە لەم کاتەدا شتەکان (بەو شێوەیەی ڕیلکە دەیگوت) چیدی بەرهەمی «کردارە نادیارەکان» نین و لە ئەنجامدا وشەکان هەڵگری بابەت و ڕاستیی خۆیانن. شاعیریش چیدی ناچار نییە لەپێناو خستنەڕووی ئەو شتەی شایانی گوتن بێت، دوورترین قووڵاییەکانی ڕۆح و زەین بگەڕێت، چونکە ئەوەی شیاوی گوتن بێت،

هەرگیز تا ئەم ئاستە لە شاری مرۆڤ دوور ناکەوێتەوە. کاتێک باس لە ڕیالیزمێکی نوێ دەکەم، مەبەستم سادەیی نییە. مەبەستی سەرەکیم خولیا و گرنگیدانی شاعیرە بۆ پێگەو شوێنی مرۆڤ لەم جیهانە ڕاستەقینەیەدا. بە بەراورد لەگەڵ گەڕانی سیمبولیستەکان بۆ جەوهەرە ڕاستەقینە جیهانییەکان لەگەڵ ئەو جوانییە خەیاڵی و ناڕاستەقینەیەی، هەروەها بە بەراورد لەگەڵ جادووی پەتیی خەیاڵی عەقڵانیی ئەبستراکتی پۆڵ ڤالێری، شیعری هۆگۆ هۆفمانتشال، تەنانەت شیعری شتیڤان گۆرگە بە هەموو چەنەبازییە تەحەمولنەکراوەکانی و هەستە ساختە دەستە دووەکانی، بەڵێ تەنانەت شیعرەکانی دواتری ڕیلکە، بەم واتایە ڕیالیستین. بێگومان نموونەکەی ڕیلکە لە هەمووی سەرسوڕهێنەرترە. دەبێت ئەوە قبوڵ بکەین «ڕیالیزمەکەی» ئەو ناچاری و هاوکات بەدگومانە لەخۆی. پێش ئەوە هەرگیز وشەگەلی وەک «ڕەنگە» و «دەشێت» ڕۆڵێکی ئەوەندە گرنگیان لە زمانی شیعریی ئەودا نەگێڕاوە. بەڵام قەسیدەکانی دۆئینوی ئەو لەڕاستیدا بە ئاڕاستەی گەڕانەکانی مرۆڤدا دەجووڵێت، نەک ئەو جوانییە کوشندەیەی ژیان. جوانی ئیدی کۆتاییەکی ڕەها و مەبەست نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە.

جوانی هیچ نییە

جگە لە دەستپێکی ترسێک کە هێشتا هەر دەتوانین

بەرگەی بگرین،

گەر بەم شێوەیەش ستایشی دەکەین بۆ ئەوەیە کە بە هێوری و ویقارەوە

دەست لە خاپورکردنمان هەڵدەگرێت...

ئەو ترسەی کە بە جوانی دەست پێ دەکات لە پەیوەستبوونی تەواو بە هەبوونەوە شاراوەتەوە، ئەگەریش ئێمە سەرسام دەکات، لەبەر ئەوەیە خیانەتمان لێ کردووە. بە خیانەتکردمان لێی نەک خۆمان، بەڵکوو هەموو شتەکانی چواردەورمان فاس دکردووە.

هەموو شتێک شی دەبێتەوە و هەڵدەوەشێتەوە، جێگاکانیان بە کردەوەی بێ گوتە و بێ شوێنەوار پڕ دەبنەوە. ئەمە کۆتاییی واتا و مانا و لە ئەنجامیشدا کۆتاییی شیعرە. ئەو حەقیقەتەی کە شیعر تەنیا بە دۆزینەوەی واتا و مانا خۆی دەدۆزێتەوە و دەبووژێتەوە، بە شێوەیەکی ئاڵۆز خاڵی دەستپێکی شیعری قۆناغی کۆتاییی ژیانی ڕیلکەیە. ئەنجامی کۆتاییی شیعری ئەو لە ماهیەتە پارادۆکسەکەی سەرەتایدا خۆی مەڵاس داوە.

شـاعیرێک کـە بەرهەمەکانـی توانـای ئـەو لـە داهێنانـی ئـاواز و پەرسـتنیدا دەسـەلمێنن، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەو هـەر لـە سـەرەتادا شـاعیر بـوو، ئـەم ڕاستییە هیچ شتێک ناسـەلمێنێت. گەڕانی ڕیلکە بۆ واقیعی مرۆڤ، جارێکی تـر بـە کەشـفی واقیعێک کـە داهێنـراوی خـودی شـاعیرە، کۆتایـی دێـت.

«شـیعر گرنگـی نییـە». ئـەم قسـانەی جەنابـی ئیلیـوت لـە قەسـیدەی «چـوار کوارتـت»دا، گرنگـی و واتایەکـی تـەواو شۆڕشـگێڕانە لەخـۆ دەگرێـت، ئەگـەر ئەوانـە نـەک لـە چوارچێـوەی سـەردەمی خۆیـان، بەڵکـوو لـە چوارچێـوەی قۆناغـی گۆڕانـی شـیعردا سـەرنج بدەیـن، قۆناغێک کە لـەو دەمـەدا لـە شـیعر زیاتـر هیـچ شـتێکی گرنگـی نەبـوو. لـە بەرانبـەر ئـەم بـوارەدا، چـوار کوارتـت، هاوشـان لەگـەڵ هەمـوو ئاڵۆزییەکانـی، وەک شـیعرێکی فەزیلەتـە سـادەکانی هاووڵاتیبـوون دەردەکەوێـت، شـیعری شـاعیرێک کـە هـەوڵ دەدات دەقـی یاسـایەک، کە ئێسـتا بەتـەواوی ناخوێنرێتـەوە، بخوێنێتـەوە. ڕەنگـە بڵێـن ئەمـە هیـچ پەیوەندییەکـی بـە شـیعرەوە نییـە. ڕێک بەپێچەوانـەوە، ئـەوەی کـە ئـەم فەزیلەتانـەی هاووڵاتیبـوون کـە دەتوانێـت جارێکـی دی وەک شـیعر بـەدی بێـت، یەکێکـە لـە نیشـانە دەگمەنەکانـی هیوابەخشـی ڕاسـتەقینە، چونکـە کاتێـک باسـم لـە مەترسـی و ئاڵۆزییەکانـی شـیعری مۆدێـرن دەکـرد، کـە ئیتـر کۆتایـی بـە کەنارییـەکان هاتـووە. کەنارییـەکان بوونیـان هـەر دەمێنێـت و ڕەنگـە چەنـد بولبولێکیـش. بـەڵام شـیعر تەنیـا هاوواتـای مرۆیـی چریکـەی باڵنـدە دەنگخۆشـەکان نییـە. شـیعر لـە هەمـان کاتـدا ڤێرجیـل و دانتـێ و هۆڵدەرلینـە. شـیعر لـە هەمـان کاتـدا، ئەگـەر بەپێـی خـۆی ڕاڤـە بکرێـت، پێناسـەی دۆخ و چۆنیەتیـی مرۆڤـە.

سەرچاوە:

شـعر مـدرن، از بودلـر تـا اسـتیونس، مـراد فرهادپـور، نشـر بیـدگل، چـاپ دوم، صـص. ۹-۴۳.

# پارادۆكسەكانی مۆدێرنە

## ڕەخنە لە گوتارەكەی هیلەر

موراد فەرهادپوور

دەتوانین ناوەڕۆكی گوتارەكەی هیلەر، لانی كەم لە ڕوانگەیەكی ڕەخنەیییەوە، بەم شێوەیە كورت بكەینەوە: قەیرانی شیعر (و كولتوور)ـی مۆدێرن، بەرهەمی جیابوونەوە و لێكترازانی واقیعە لە سیمبول یان واتا. ئەنجامی ئەم لێكترازانە، دەركەوتنی واقیعێكی بێواتا و واتایەكی ناواقیعییە، كە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان ژیان و هونەردا لەناو دەبات. تا واقیع لە ڕوانگەی واتایەكی سیبمولیكەوە هەژارتر بێت، پێویستیی شاعیران بۆ خولقاندنی جیهانە شاعیرانە ناواقیعییەكان زیاتر دەبێت؛ كۆمەڵێك جیهانی لێوانلێو لە سیمبولی ئاڵۆز و ناڕوون، كە بوونیان لە ئەنجامی لێكترازانی شیعر و ژیان و لەدەستچوونی سادەیی (زمانی) شیعرە. بە بۆچوونی هیلەر ئەو قەیرانەی كە لێكەوتەی ئەم لێكترازانەیە، هەموو بوارەكانی ژیانی مەعنەویی كۆمەڵگای مۆدێرن لەخۆ دەگرێت. بەم شێوەیە شیعری مۆدێرن هەر لە سەرەتاوە دەستوپەنجەی لەگەڵ سەركێشییەكدا نەرم كردووە، كە بە تێپەڕینی كات قووڵتر بووەتەوە و هەوڵە جیاوازەكان بۆ زاڵبوون بە سەریدا، جگە لەوەی قەیرانەكەی ئاڵۆزتر كردووە، هیچ ئاكامێكی نەبووە.

هیلەر، لەسەر بنەمای ئەم وەسفە گشتییە لە بارودۆخی شیعر و كولتووری مۆدێرن، ڕەخنە لە شاعیران و ڕێبازەكانی شیعری مۆدێرن دەگرێت و داوەرییان دەكات. توورەییەكەی لە هەمووان زیاتر بەرۆكی سیمبولیستەكان دەگرێت. ڕیلكە و شتیڤان گۆرگە، سەرەڕای هەموو كەموكورتییەكانیان لەلایەن ئەوەوە قبوڵ دەكرێن. ئیلیوتیش تاڕادەیەك لەژێر ئەم تاقیكردنەوەیەدا دەردەچێت. لە كۆتاییدا هیلەر بە ئاماژەكردن بۆ هەندێك نیشانە، باس لە سەرهەڵدانی جۆرێك لە سادەیی نوێ

دەكات، كـە دەبێت بەسـەر قەیرانـی شـیعری مۆدێرنـدا زاڵ بێت.

پێداگریـی هیلـەر لەسـەر بوونـی قەیـران و باسـكردنی ئـەم گـوژم و قووڵییـەی قەیرانەكـە، پیشـاندەری بەهـا و گرنگیـی گوتارەكەیەتـی: شـیكارییە فەلسـەفییەكانیشـی لـە سـەرچاوە و گۆڕانـە مێژووییەكانـی قەیرانـی مۆدێرنیـزم، هەڵگـری دیـد و ڕوانگەیەكـی بەهـادارە و هـەر ئـەم بابەتـەش خوێندنـەوە و ڕەخنـەی گوتارەكـەی دەكاتـە بابەتێكـی پێویسـت. لـەم نووسـینەدا، بـە مەبەسـتی ڕەخنـە لـە هەڵوێسـتی هیلـەر، سـەرقاڵی دوو بابەتـی سـەرەكی دەبـم:

ئەلـف) خاڵـی یەكـەم پەیوەسـتە بـە تێڕوانینـە گشـتییەكەی هیلـەر، بەركەوتـن و هەڵسـەنگاندنی ئـەو لەگـەڵ مەسـەلەی مۆدێرنیـزم بەركەوتنێكـی نـا-ناوەكـی، گشـتگەرا و ئەبسـتراكت و پاشـان نا-هونەرییـە. سـەرەڕای هەمـوو وردبینییـە فەلسـەفی و مێژووییەكـەی، هیلـەر ڕێـك لەبـەر شـێواز و میتـۆدی بەركەوتنەكـەی، ناتوانێـت لـە هەمـوو لایەنەكانـی حەقیقەتـی خودیی مۆدێرنیزم و دیالێكتیكە ناوەكییەكانی تێبگات. ئـەم هەڵسـەنگاندن و بەركەوتنـەی ئـەو، خاڵـی بەرانبـەر و دژی تێڕوانینی كەسانی وەک ئادۆرنۆ و والتـەر بنیامینـە، كـە هـەوڵ دەدەن پارادۆكسـەكانی مۆدێرنیـزم لـە هەناوی خۆیدا و لـە ڕێگـەی دەركەوتنـە دیالێكتییـەكان و كۆنكرێتییەكانییـەوە ئاشـكرا بكـەن. پێداگـری لەسـەر فـۆڕم و ڕەخنـەی ناوەكیـی فۆڕمـە كۆنكرێتییـەكان، بەهایەكـی چارەنووسسـازی هەیـە، چونكـە نـەک بەتەنیـا لـە بـواری هونـەردا، بەڵكـوو بـە شـێوەیەكی گشـتی لـە هـەر جـۆرە ڕەخنەیەكـی كولتووری-مێژوویـی، فـۆڕم وەک جێگیربوونـی نـاوەڕۆک، دەبێـت بـەوردی تیشـكی بخرێتەسـەر و تێگەیشـتن لـە جەوهـەری ڕاسـتەقینەی هـەر سـەردەم یـان قۆناغێـک، هەروەهـا گۆڕانكارییەكانـی، تەنیـا لـە ڕێـگای توێژینـەوە لـە فـۆڕم و شـێوە كۆنكرێتییەكانـی ئـەو سـەردەمە و گۆڕانـە مێژووییەكانـی، دەسـتەبەر دەبێـت. بەركەوتنـی هیلـەر لـە ڕێـگای شـێوە «فەلسـەفییە» ئەبسـتراكت و كۆنكرێتییەكـەی، ماهیەتێكـی ئەخلاقی، مامۆسـتایانە، دۆگمایانـە و كۆنەپارێزانـەی هەیـە، كـە لـە زۆر لایەنـەوە بەركەوتنـی لۆكاچـی پیرمـان لەگـەڵ كولتـوور و هونـەری مۆدێرنـدا بەیـاد دەهێنێتـەوە. لـۆكاچ سـەرەڕای ڕوانگـە ماركسـییەكەی، ڕەفتـاری بەرانبـەر هونـەری مۆدێـرن كۆنەپارێزانەیـە. لـە كۆتاییی تەمەنیدا، بڕیارەكانـی سـەبارەت بـە هونـەری مۆدێـرن، شـێواز و ماهیەتێكـی زۆر قەشـەئاسـای لەخـۆ گرتبـوو. بـۆ نموونـە ڕەخنـەی لـە كافكا و تۆمـاس مـان، بـە بـەراورد بـەو وردەكاری و هەسـتیارییە دیالێكتیكییـەی بەرهەمەكانـی گەنجـی، لـە ڕاسـتیدا زۆر نائومێدكـەرە و زۆر بێویژدانانـە

قسە لەبارەی کافکا و تۆماس مانیشەوە دەکات.

بێگومان دانانی لۆکاچ لە تەنیشت هیلەر و ڕەخنەگرە کۆنەپارێزەکانی کولتووری مۆدێرن (هاوشێوەی کارلایل و بێرک و ئەوانی تر) کەمێک بێویژدانییە؛ لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕوانینی لۆکاچ لە هەندێک لایەنەوە لەگەڵ ئەم ڕەخنە کولتوورییە کۆنەپارێزانەیە، لێکچوونێکی زۆری هەیە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەم جۆرە ڕەخنە کولتوورییە بریتین لە: تێڕوانێکی «فەلسەفی» بۆ مۆدێرنیزم کە شێوازێکی ئەبستراکت، گشتی و ئۆبێکتیڤی هەیە؛ پشتبەستن بە سیستمێک لە بەهای ئەخلاقیی ترانسێندتاڵ، کە ئەنجامەکەی بیانووگرتن و داوەرییەکی قەشەئاسا و زۆر جار دۆگمایانە و تاکڕەهەندی لێ دەکەوێتەوە؛ کۆنەپارێزی و دڵتەنگی بۆ «ڕابردوویەکی زێڕین»ـی لەدەستچوو؛ گوێنەدان بە فۆڕم و بە شێوەیەکی گشتی قسەکردن لەسەر دیاردە مێژووییەکان، کە سەرەڕای هەموو «شیکارییە فەلسەفییەکان»، دواجار هەر لە ڕووکەشدا دەمێنێتەوە و بێتوانایییە لە دزەکردن و بینینی وردەکاری و گۆڕانە بنەڕەتییەکان؛ لەبەرچاونەگرتنی دەرکەوتنی حەقیقەتی مۆدێرنیزم لە دەرکەوتنە ناوەکی و کۆنکرێتییەکانی کولتوور و کۆمەڵگای مۆدێرن و نەبوونی دەستنیشانکردنی ئەم ڕاستییە، کە ئەم دەرکەوتنانە خۆیان چەقی سەرەکیی ڕەخنە و نەفیی دیالێکتیکی مۆدێرنیزمن؛ نەبوونی هەر چەشنە ڕوانگەیەکی ڕەنگدانەوەیی، یان تێڕامان و نەبوونی تێگەیشتن لەم ڕاستییە کە هەر چەشنە ڕەخنەیەکی مۆدێرنیزم، خۆی بەشێکە لە کولتووری مۆدێرن و تێکەڵە لەگەڵ «کەموکورتییەکان»ـی، هەر بۆیە ناکرێت لە دەرەوە و بە شێوەیەکی تەواو ئۆبێکتیڤانە سەرقاڵی داوەری بین سەبارەت بە مۆدێرنیزم، وێنایەک کە لە باشترین حاڵەتدا تەنیا دەتوانێت ببێتە هۆی نەفیکردنی تێڕوانینی مێژوویی و بەرەو جۆرێک لە ئایدیالیزمی ئەفلاتونی پەل دەکێشێت.

ڕەخنەگرە لەخۆباییەکانی کولتووری مۆدێرن، پێشتر بەگشتی فیگورێکی «پێشکەوتوو و پێشەنگیان» هەبوو (هاوشێوەی شتراوس و ئاناتۆل فرانس)، بەڵام میراتگرەکانی ئەمڕۆیان لە سوودەکانی ڕەشبینی و «قووڵڕوانین» تێگەیشتوون؛ بەڵام بە هەر شێوەیەک بێت، دەبێت لەم جۆرە لە ڕەخنەی مۆدێرنیزم، کە زۆر جار بەتاڵ نییە لە تێڕوانینی ڕەخنەی دیالێکتیکی، بەجدی بڕوانین. بە هەمان شێوە کە دەبینین، دەتوانین زۆربەی ڕوانگە ڕەخنەییەکانی هیلەر، لەوانە دانەبڕاویی وشەکان و شیعر لە واتا و ئایدیاکان، لە تێڕوانینە گشتییەکانی ئەو جیا

بکەینـەوە و ئەوانـە لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ جۆرێـک لـە ڕەخنـەی ناوەکیـی مۆدێرنیـزم پـەرە پـێ بەدەیـن و هـەوڵ دەدەیـن بـە هاوکاریـی هەندێـک لـە بۆچوونەکانـی مایـکڵ هامبۆرگـەر، کـە لـەم بـوارەدا خسـتوویەتییە ڕوو ئـەو کارە بکەیـن.

لـە تێڕوانینەکانـی هیلـەردا هەمـوو ئـەو بابەتانـەی سـەرەوە بـە پلـەی جیـاواز بوونیـان هەیـە و لـە شـێوازی دەربڕینەکانیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. ئـەو هـەر لەسـەر بنەمـای ئـەم تێڕوانینـە کۆنەپارێـزە «فەلسـەفییە»، سـەرقاڵی حوکمـدان بـووە لەسـەر مۆدێرنیـزم و ڕێبـازە شـیعرییەکانی و لـە پێگـەی حەکیمێکـی دانـای ڕەخنەگر و ئامۆژگاریکـەر، شـیعری مۆدێـرن دەخاتـە بـەر «تاقیکردنـەوە»وە. توێژینـەوە لەسـەر ئـەم «تاقیکردنەوەیـە» و ئەنجـام و «بەرهەمەکانـی»، دووەم بەشـی سـەرەکیی ئـەم ڕەخنەیـەی ئێمـە پێـک دەهێنێـت.

ب) لـەم بەشـەدا کـە بەشـی سـەرەکیی ئـەم نووسـینە لەخـۆ دەگرێـت، هـەوڵ دەدەیـن لـە بەرانبـەر «شـیکارییە فەلسـەفی»ـیەکەی هیلـەر بـۆ سـیمبولیزم، شـیکاری و ڕاڤەیەکـی دی بـۆ ئـەم ڕێبـازە و فیگـورە بەرچاوەکانـی وەک بۆدلێـر و مالارمـێ و ڕامبـۆ بخەینـە ڕوو. لەسـەر بنەمـای ئـەم ڕاڤـە نوێیـە، سـیمبولیزم وەک خاڵـی دەسـتپێک و ئایدیالـی سـەرەکیی شـیعری مۆدێـرن، دەبێتـە چەقـی دەرکەوتنی پارادۆکسـەکانی مۆدێرنیزم و بەرجەسـتەبوونێکی ڕاسـتەقینەی نەفیـی دیالێکتیکی کولتـووری کۆمەڵـگای مۆدێـرن. سـیمبولیزم بـە جۆرێـک لـە ئاگاییـی ناوەکـی بـۆ قەیـران و سـەرکێشـییەکانی شـیعری مۆدێرن دەسـت پێ دەکات. قەیرانی شـیعری مۆدێرن و تەنانەت مەحاڵبوونی شـیعر، ناوەڕۆکـی سـەرەکی و ڕاسـتەقینەی شـیعری سیمبولیسـتەکان پێـک دەهێنێـت. تێگەیشـتنی ئـەوان لـە ڕەگوڕیشـە و ڕەهەنـدەکان و ماهیەتـی کولتووری مۆدێـرن لە ئاسـتی ئامۆژگاری و پەڵپگرتنـە ئەخلاقییەکانی هیلـەر و بەشـێکی زۆری کۆنەپارێزەکانـدا، ڕۆمانتیکـەکان و «ڕەخنەگرانی»دیکـەی مۆدێرنیـزم زیاتـر تێدەپەڕێـت. بـە گوتـەی هامبۆرگـەر شـاعیرانی مۆدێـرن، خۆیـان گەورەتریـن دوژمنـی مۆدێرنیـزم بـوون. ئـەم مەسـەلەیەش بەتەنیـا لـە ئەنجامـی بەهـرەی هونەریـی شـاعیرانی سیمبولیسـت و زاڵبوونـی جەوهەریـی بەرهەمێکـی هونـەری بەسـەر ڕەخنەیەکـی فەلسـەفییەوە نییـە. تێگەیشـتنی واتـا و جەوهـەری ڕاسـتەقینەی دیالێکتیکـی وێرانکـەری سـیمبولیزم، کـە کولتـووری مۆدێـرن لەنـاوەوە نەفـی دەکات، پێویسـتی بـە ڕاڤـە و تێڕامانێکـی زیاتـرە. شـیعری سیمبولیسـتەکان لەبـەر نەریتبەزێنـی و نوێگەرییـە جوانیناسـییەکان، بەرجەسـتەترین شـێوەی دەرکەوتـن و

دەربڕینی قەیرانی شیعری مۆدێرنن، بەڵام هەر ئەم شیعرانە و ڕاڤە دیالێکتیکییەکانیان، لە هەمان کاتدا بە یەکەمین شێوە ڕاستەقینەکانی تێگەیشتن و ڕەخنە و نەفیی مۆدێرنیزم ئەژمار دەکرێن. سیمبولیزم لە یەک کاتدا دەرخەر و نەفیی مۆدێرنیزمە و هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەبێت سیمبولیزم بە گرنگترین نوێنەری مۆدێرنیزم و دیالێکتییە ناوەکییەکەی بزانین، دیالێکتیکێک کە مۆدێرنیزم ناچار بە نەفیکردنی خۆی دەکات و لەم ڕێگایەوە چالاکبوونە مێژووییەکەی کولتوور و کۆمەڵگای مودێرن بەرجەستە دەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە، کە سەرەڕای گشت گۆڕانکارییەکان، شاعیرانی سیمبولیست هێشتا گرنگیی خۆیان پاراستووە و ستراتیژە جیاوازەکانیان لە بەرکەوتنیان لەگەڵ سەرکێشیی شیعری مۆدێرن، هەروەک ئایدیالی سەرەکیی گۆڕانی شیعری مۆدێرن ئەژمار دەکرێت.

شیعری مۆدێرنیش هەروەک مۆدێرنیزم خۆی، دەبێت لە گۆڕانە مێژووییەکەیدا چەندان جار بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە و شوێنی لەدایکبوونەکەی و مەتەڵی قەیران و شکستی شیعری مۆدێرن سەرلەنوێ ئەزموون بکاتەوە. دابەزینی بەرەبەرەی ناوبانگی شاعیرێکی وەک ڕیلکەش، خۆی بە شێوازێکی تر گرنگیی سیمبولیستەکان بەرجەستە دەکات. ڕیلکەش لە تێگەیشتنی خۆی لە ئەزموون و دەربڕین و شیعر لەگەڵ لقە سەرەکییەکەی شیعری مۆدێرندا، کە لە بۆدلێرەوە (و ڕەنگە تەنانەت هۆڵدەرلین) تا ئیلیوت و پاش ئەویش بەردەوام دەبێت، جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. لە کاتێکدا ناوەڕۆکی سەرەکیی شیعری مۆدێرن شکست و لەناوچوونی ئەزموون و زمان و شیعرە لە سەردەمی ئێمەدا، شکستێک کە بێکێت ئەوە بەرەو هەموو بوارەکانی هونەر و ئەزموونی هونەری و تەنانەت ژیانی مۆدێرنیش پەرە پێ دەدات، ڕیلکە بەپێچەوانەوە، لەبری «شاعیری ڕەسەنی هەموو سەردەمەکان»، پێداگری لەسەر دەوڵەمەندی ئەزموون و شیعر دەکات و ئەمە لە ناوەڕۆک و فۆڕمی شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات. ئەمڕۆ بە قووڵبوونەوە و پەرەسەندنی قەیرانی مۆدێرنیزم، خۆدانەدەستی عیرفان و ڕێبازی شاعیرانەی ڕیلکە لای هەمووان، تا ڕادەیەک شتێکی نەکردەیە.

بە سەرنجدان بۆ ئەو شتەی باس کرا، پێشبینییەکانی هیلەر سەبارەت بە سەرهەڵدانی جۆرێک لە سادەیی نوێ لە شیعر، واتایەکی تر لەخۆ دەگرێت. لە بەرانبەر ئەم پێشبینی و بۆچوونە نامێژوویی و کۆنەپارێزانە و پاشان پاشەکشێکردن لەسەر بنەمای ئەمانە، دەبێت

پێداگری لەسەر گرنگیی مێژوویی و ڕەخنەیی و تەلیسمەکانی شیعری مۆدێرن، کە سیمولیزم گرنگترینیانە، بکاتەوە. ناکرێت داھێنان و نوێگەرییە زمانی و ئەزموونییەکانی شیعر بە چەند چەمکێکی ئەبستراکتی وەک «سادەیی» و «ئاڵۆزی» هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. بەکارهێنانی نوێترین و پێشکەوتووترین کەرەستە و شت و چەمک و شێوازەکان، بەشێکی دانەبڕاوە لە ھونەری مۆدێرن. گومانی تێدا نییە کە ستایشکردنی ئەم نوێگەرایی و ئەزموونە نوێیانەی وەک «پێشکەوتن و پەرەسەندن» نەک گاڵتەجاڕانە و قێزەونە، بەڵکوو پیشاندەری ئەوپەڕی خۆفریودانە. شیعر (و ھونەر)ی مۆدێرن لەبری پەنابردنە بەر سادەیییەکی ساختە و نمایشێکی شەرمنانەی هەژاری خۆی، تەنیا دەتوانێت بە قبوڵکردنی واقیعی قەیران و ئەزموونکردنی ئەو قەیرانانە تا ئەو شوێنەی کە بکرێت، بەردەوام بێت لەسەر ژیانی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەم شتەش بە واتای ڕووبەڕووبوونەوە بێت، لەگەڵ ئاڵۆزي مەحاڵبوونی شیعر و پووچییە ڕەھاکەیدا.

٢

یەکەم تێڕوانینی باسەکەی ھیلەر دەچێتە سەر شیعر، یا بە شێوەیەکی گشتی کولتووری مۆدێرنیزم. ھەروەک گوتم ئەمە تێڕوانینێکی کۆنەپارێزانە و نۆستالژییە، بە دەربڕینێکی تەواو ئەخلاقی و بۆچوونێکی لە بنەمادا فەلسەفی و ئەبستراکت. ھیلەر لە گوتارێکیدیکەدا دەستەواژەیەکی بەکار ھێناوە، کە جەوھەری تێڕوانینەکەی بە شێوەیەکی چڕ و کورت دەخاتە ڕوو «شیعر واتە ئایدیاکان[١٥] و ئایدیاکان واتە شیعر[١٦]». ئەم پێناسەیە کە تاڕادەیەک دۆگمایانە و تاکڕەھەندە بۆ شیعر، پتر دەرخەری ڕەچاونەکردنی مەسەلەی فۆڕمە، تا دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی دژە فۆڕمالیستی بۆ شیعر. بە ھەر حاڵ ئەم جۆرە «پێناسانە«، کە زۆر جار لەسەر بنەمای بۆچوونی ئەخلاقی و ئایینی و میتافیزیکین و لێوانلێون لە بەگشتی قسەکردن لەبارەی بابەتەکەوە و پاشان ھەڵسەنگاندنێکی توند بە شێوازی سەردەمی دێرین، لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەزموونی شیعریدا بەرکەوتن و ناسینی ڕاستەوخۆیان ھەیە، قبوڵ نەکراوە. مایکڵ ھامبۆرگەر، شاعیر و وەرگێڕ و ڕەخنەگری ھاوچەرخ، پێی وایە ڕاڤەکەی ھیلەر بۆ شیعری مۆدێرن «بڕیاردانی پێشوەختەی ئەو کەسانە پشت

---

١٥ ئایدیا لێرە مەبەستی وێنا و واتا و بۆچوونەکان دێت. فەرھادپوور

١٦ .E. Heller, Rilke and Nietzsche, in the disinherited mind, p, 156

ڕاست دەکاتەوە، کە وا دەزانن شیعر تەنیا شێوازێکی «جوانی» دەربڕینی ئەو شتانەیە، کە دەکرێت بە پەخشانیش دەرببڕدرێن[17]».

بەڵام پێداگری لەسەر پەیوەندییەکی ناچاری، واتا لەگەڵ شیعر (یان زمان) هەر تایبەت نییە بە هیلەرەوە و ناکرێت قبوڵکردنی «پێناسە» فەلسەفییە دۆگماییەکان لە شیعر بە بەشێک لە ئەنجامە لۆژیکی و ناچارییەکانی ئەم پێداگرییە بزانین. بەپێچەوانەوە، بە جدی ڕوانین لە مەسەلەی فۆڕم و زمان و دوالیزمەکانیان و ئەو گرژییانەی کە لە ئەنجامی ئەمانەوە دروست بووە، بۆ هەموو ئەزموونی مۆدێرنیزم یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە «قەیرانی واتا» و «سەرکێشیی شیعری مۆدێرن». زیگۆرد برێکهارت لەم بارەوەیە دەڵێت «شیعرێکی نانواندنەوەیی[18] هەرگیز ناتوانێت بوونی هەبێت، خودی گەیاندنی شیعری، ئەو شتە مەحاڵ دەکات. ئەم قسەیەی (مەک لیش) کە دەڵێت شیعر نابێت واتای هەبێت، بەڵکوو تەنیا دەبێت هەبێت، ئاماژە بۆ حەقیقەتێکی گرنگ دەکات، بەڵام ئەم ڕستەیە قسەی پووچ و بێمانایە، چونکە گەیاندن و نێوەندگیریی شیعر لەگەڵ هەر گەیاندن و میدیایەکی دیدا جیاوازە. دەبێت وشەکان واتایەکیان هەبێت، ئەگینا بەپێچەوانەوە تەنیا دەبنە قسەی پووچ و بێواتا. درەختێک کە لەلایەن شێوەکارێکەوە دروست کرابێت وێنەیە، بەڵام کاتێک شاعیر وشەی درەخت دەنووسێت، وێنە دروست ناکات. لە ڕاستیدا ئەو وێنەیەک بەکار دەهێنێت. چەمکی «وێنەی شیعری» واتایەکی تەواو میتافۆڕی هەیە. وشەکان پێش ئەوەی شاعیر بیەوێت واتایان پێ ببەخشێت، واتایان هەیە». بێرکهارت لە دواییدا ئەوە پیشان دەدات، کە بۆچی پاڵاوتنی زمان بەمەبەستی گەیشتن بە «شیعری پەتی»، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆکاری پارادۆکس و شکست «لە ئاستێکی بەرز و ئایدیالدا، زمانی قسەکردنی کۆمەڵایەتی دەبێت هەروەک شووشەی پەنجەرە وابێت، واتە نابێت ئێمە ئاگاداری ئەوە بین کە زمان هەروەک پەردەیەک لەنێوان ئێمە و ئەو واتایەی «کە لە پشتەوەی» شاراوەتەوە بوونی هەیە. بەڵام کاتێک کیمیازانانی هاوچەرخ توانییان ماددەیەک کەشف بکەن، کە شووشەی زۆر ڕوون و نەبینراو دەکرد، ئەنجامی ئەم کەشفەیان بە هیچ شێوەیەک دڵخۆشکەر نەبوو: خەڵکی زۆر جار بەر ئەو دەرگا شووشەییییە داخراوانە دەکەوتن. ئەگەر زمانێک هەبووایە کە بۆ گواستنەوەی هەموو ئەزموونە مرۆییەکان، هیچ

١٧ M. Hamburger, the truth of poetry, Harvest books, new yourk, ١٩٦٩, p.١٥.

١٨ Non-representive مەبەست شیعرێکە کە بە تەواویی بەدەر بێت لە هەر مەسەلەیەکی دەرەکی یان هەرچەشنە پەیوەندییەکی واتایی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، شیعرێک، کە نەکرێت ئەو بە نوێنەرایەتی یان نواندنەوەی شتێک بزانرێت.

لادان و خەوشێکی نەبایە و بەپێی پێویست بێگەرد و پەتی بایە، ئەوا ئیدی هیچ پێویستییەکمان بە شیعر نەدەبوو. بەڵام زمانێکی وا نە تەنیا بوونی نییە، بەڵکوو ناکرێت بوونیشی هەبێت. زمان لە خودی خۆیدا وەک کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتی، دەبێت لایەنێکی باویشی هەبێت و بە شێوازێکی دەستکرد مشتومڕ و ژاوەژاوی ئەزموونە مرۆیییەکان ڕێک بخات و مۆڵەتی دەربڕین بە هەندێکیان بدات و هەندێکیان لە دەربڕین بێبەش بکات. زمان دەبێت ناوە هاوبەش و گشتییەکان بخاتە بەردەستی ئێمە، ئەگینا بەناچاری ئەزموونی مرۆیی تووشی لادان دەکات[19]».

هامبۆرگەر تەبایە لەگەڵ بۆچوونەکانی بێرکهارت و ئاماژەیان پێ دەکات و پێی وایە بۆچوونەکانی بێرکهارت «ئەوە پیشان دەدات بۆچی زمان، چ لە شیعر و چ لە پەخشاندا، ڕێگری دەکات لە هەر جووڵەیەک بەرەو بە ئەبستراکتبوونێکی ڕەها[20]». پێداگری لەسەر مەسەلەی واتا و توێژینەوەی «قەیرانی واتا» لە شیعری مۆدێرندا، یەکێکە لە گرنگترین ناوەڕۆکەکانی کتێبی «حەقیقەتی شیعر»ـی هامبۆرگەر، بەڵام لە کاتی شیکاریی هامبۆرگەر لە شیعری مۆدێرندا، ناوەڕۆک ئەو حاڵەتە کرچ و کاڵ و تاکڕەهەندەی کە لە ڕاڤەکەی هیلەردا دەبینرێت لەدەست دەدات، ڕێک دەخرێتەوە و دواجار لەگەڵ کۆمەڵێک ناوەڕۆکی بنەڕەتیتر، ئەگەری دروستکردنی وێنەیەکی ڕاستەقینە لە ماهیەتی شیعری مۆدێرن دەستەبەر دەکات. ناونیشانە لاوەکییەکەی کتێبەکەی هامبۆرگەر - گرژییەکانی نێو شیعری مۆدێرن لە بۆدلێرەوە تا دەیەی ١٩٦٠- جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئەو و هیلەردا ئاشکرا دەکات. بۆ هامبۆرگەر گۆڕانی دیالێکتیکیی شیعری مۆدێرن پشت ئەستوورە بە کۆمەڵێک گرژیی مێژوویی، کە ناوەڕۆکی سەرەکی و جومگەکان و هەروەها و خودئاگایی و ماهیەتی مۆدێرنی ئەوانە دروست دەکەن. ڕاڤە مێژوویی و دیالێکتیکییەکەی هامبۆرگەر ئەم خاڵە دەسەلمێنێت، کە تێگەیشتن لە پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزم بە شێوەیەکی ئەبستراکت و ئۆبێکتیڤانە و ڕەخنەگرتن لێیان وەک «کەموکورتییەکی کولتووری و ئەخلاقی» تەنیا دەبێتە هۆکاری کۆمەڵێک شیکاری دۆگمایانە و کۆنەپارێزانە و هەرگیز ماهیەتی ڕاستەقینەی مۆدێرنیزم ڕوون ناکاتەوە.

لە ڕاستیدا تێگەیشتن و ڕەخنە لە پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزم و تەنانەت تێپەڕاندنیان، هەڵبەت ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستادا گەیشتن بە ئامانجێکی وەها بکرێت و خوازراو بێت، پەیوەستە بەخۆتەسلیمکردن بە

١٩ هەمان سەرچاوە.

٢٠ هەمان سەرچاوە، ل، ٣٦.

کەڵکەڵەی مۆدێرنیزم و ڕووبەڕووبوونەوەی پارادۆکسەکان و قبوڵکردنی شکستێکی یەکلاکەرەوە. نوێگەرییە فۆرمییەکانی هونەرمەندانی مۆدێرنیست، کە ئەزموونی پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزمیان تا دوا لایەنی لۆژیکی کردووە، شوێنی بەرجەستەبوونی ئاگایی و خودئاگاییی مرۆڤی مۆدێرن و چەقی گۆڕانە بنەڕەتییەکانە لە خەیاڵ و ئەزموونی هەستی و دەروونیی ئەواندا. ماهیەتی ڕاستەقینەی مۆدێرنیزم لەنێو دوا بەرهەمی ئەم ئەزموونە نوێیانەدا، واتە لەنێو بەرهەمی هونەری مۆدێرندا ئاشکرا دەبێت، لەوێدا کە فۆڕم هیچ نییە جگە لە جێکەوتن و جێگیربوونێکی تەواوی واتا.

ئەزموونە ئاڵۆزەکانی هونەرمەندانی وەک کافکا، ئیلیوت و بێکێت دەبێت بە پەیوەست و هاوسەنگێکی لۆژیکی ئاڵۆزییەکانی ژیانی مۆدێرن بزانرێت، ئەو ئاڵۆزییانەی، کە بە یەک ئاست سەرنجڕاکێش و ترسناکن. خەسڵەتی ئاڵۆز و مەتەڵئاسای ئەم ئەزموونە هونەرییانە، لە ڕاستیدا لە ماهیەتە خودییەکەیان وەک بەرهەمە هونەرییەکانی مۆدێرن سەرچاوە دەگرێت. سەبارەت بە ت. ئێس. ئیلیوت و شیعرە درێژەکەی ئەو واتە «وێرانەخاک»، گوتراوە «ئەو، هەڵوەشاندنەوە و داڕووخانی شارستانیەت، نەبوونی بیروباوەڕ و ئینتیما و لاوازی و شێتیی ئاگاییی مۆدێرن وەسف دەکات. بەڵام ئەم باخێکی ڕازاوە و جوانی شیعرێکی مەزنە، کە کەوتووەتە دەربڕینی ئەم «بیابانە« و بوێریی نائومێدی وەسف کردووە». بە بۆچوونی نووسەری ئەم پەیڤانە واتە پۆل تیلیش، کە خۆی تیۆلۆژیستێکی مەسیحییە، ئەو پارادۆکسەی کە لە شیعری ئیلیوتدا دەرکەوتووە پیشاندەری ڕەمزێکی شاراوەیە لە ئیمانی مەسیحی و پیشاندەری تەنیا وەڵامێکی مومکینە بۆ دڵەڕاوکێی سەردەمەکەی ئێمە، واتە دڵەڕاوکێی بێواتایی و بێمانایییە[٢١]. وەڵامێک کە دەتوانین لەم

٢١ ڕاڤەکانی تیلیش بۆ ئاڵۆزیی هونەری مۆدێرن، ئەو وێنایە دروستدەکات کە بەرهەمە هونەرییەکان ڕێک لەبەر هێزی خۆیان لە دەربڕینی پووچی و بێواتاییدا دەتوانن زاڵبن بەسەر «قەیرانی واتا» و لەملایەنەوە ئەنجامی شکستی هونەرمەندی مۆدێرن و ڕاستگۆییی هونەرمەند لە قبوڵکردنی ئەم شکستەدا، دەرخەری جۆرێک لە سەرکەوتنە. گومانی تێدا نییە کە بۆچوونە ئایینی و تیۆلۆژییەکانی تیلیش لەم بوارەدا کاریگەری هەبووە. تیۆلۆژیای مەسیحی، واتە تیۆلۆژیای ئیجابی هەریەک لە کڵێسا فەرمییەکان، بەناچار دەبێت ئەزموونی مێژوویی مۆدێرنیزم لەنێو دەقی ئەزموونی ترانسێندتاڵی دابەزینی مرۆڤ لە ئاسمان و ڕزگاربوونی تێبگەن. لە ئەنجامیشدا دەبێت پارادۆکسەکان و ئاڵۆزییەکانی مۆدێرنیزم بە یارمەتی کاتیگۆرییە ئەبستراکت و جیاوازەکەی عەقڵ هەڵبسەنگێنن، نەک بە هاوکاریی کاتیگۆرییە دیالێکتیکییەکانی عەقڵی مێژوویی. (لەگەڵ ئەوەشدا گومانی تێدا نییە کە پەیوەندی مەسیحییەت و مۆدێرنیزم لە چوارچێوەی تیۆلۆژیای کڵێسا زیاتر تێدەپەڕێت). خاڵی بەرانبەر ڕاڤەکەی تیلیش ئەم حوکمەی ساموێل بێکێتە، کە «هونەرمەندبوون واتە تووشی شکستهاتن»، ئەویش شکست لە ئاستێکدا کە جگە لە هونەرمەند کەس بوێریی ئەزموونی ئەوەی نییە و لەولایەنەوە هەر هەوڵێک بۆ شیکاریی ئەم شکستە وەک جۆرێک لە

دەستەواژەیەدا کورتی بکەینەوە «ئەوەی کە دەتوانێت بەرگەی پووچی و بێواتایی بگرێت، پیشانی دەدات کە واتا لەنێو بیابانی بێواتاییەکەی خۆیدا ئەزموون دەکات».

ئەم پارادۆکسە تا ڕادەیەک بە یەک واتا لە هەموو بەرهەمە هونەرە مۆدێرنەکان بەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لە شانۆنامەکانی بێکێتدا. بێواتایی، دووبارەکردنەوەی یەکڕیتم و بێسوودی ڕووداوەکان، شکستی پەیوەندییەکان و لەناوچوونی زمان، هەموو ئەمانە ناوەڕۆکی بنەڕەتیی بەرهەمەکانی بێکێت پێک دەهێنن، بەڵام واقیعی ئەم بەرهەمانە هیچ نییە جگە لە هەوڵێکی واتادار بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی زمانی لەگەڵ بینەردا. ناکرێت پێشکەشکردنێکی ڕێکی شانۆ و دووبارەکردنەوەی بەردەوامی بە ئیشێکی پووچ و بێکەڵک دابنرێت، چونکە ئەم ئیشە مەبەست لێی پێکانی ئامانجێکی دیاریکراوە. ئامانجێک کە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر و بینەری ئاسایی، لە بەدیهێنانیدا بەشدارن. لێرەدا بواری ئەوە نییە سەرقاڵی ڕاڤەکردنی کارەکانی بێکێت بین لە پەیوەندییان لەگەڵ ئاڵۆزیی مۆدێرنیزمدا، بەڵام بەراوردکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو، لەگەڵ پارادۆکسە مێژووییەکانی بارودۆخی مۆدێرن و دەستنیشانکردنە «پزیشکییەکەی» هیلەر سەبارەت بە «قەیرانی واتا» و نەخۆشیی مۆدێرنیزم، خۆی لەخۆیدا بەپێی پێویست مەسەلەکان ڕوون دەکاتەوە.

هیلەر لە یەکێک لە گوتارەکانیدا هەوڵ دەدات تا بە ئاماژەکردن بۆ پەیوەندی نێوان جوانی و ترس، «ئاڵۆزیی سەردەمی نوێ» چارەسەر بکات. ئەو مەترسیداربوونی جوانی دەبەستێتەوە بەم واقیعەوە کە مرۆڤی سەردەمی نوێ، خیانەتی لە جوانی کردووە. واتە بە جیاکردنەوەی سیمبول لە واقیع، ژیانی ڕاستەقینەی ناشیرین و بێواتا کردووە و جوانیی گۆڕیوە بۆ بابەتێکی ناواقیعی و ئەبستراکت، یان بۆ گوێچکەماسی(سەدەف)ێکی بەتاڵ. هەر لەسەر ئەم بنەمایە هیلەر گەڕان بەدوای جوانی لەلای سیمبولیستەکان بە کارێکی گاڵتەجاڕانە و پووچ دەزانێت و هێرش دەکاتە سەریان. کرداری شیعری مۆدێرن و داهێنەری شاعیرانی نوێ، وەک پڕۆسەی وێرانکردنی واقیع دەزانێت. «چونکە هەر دەستکەوتێکی نوێ لە داهێنانی شیعری جیهانی واقیعی، جیهانێک کە بێ دەستێوەردانی شاعیر دروست بووە، هەژار و هەژارتر دەبێت، هەر هەنگاوێکی نوێ لە هەژارترکردنی دونیا، ئامانج و پاڵنەرێکی نوێیە بۆ

«سەرکەوتنی» خوازراو کە بکرێت بەرگەی بگرێت و پێکهاتەی ئەمە بەواتای «چارەسەری» ئاڵۆزیی مۆدێرنیزم و وەستانی دیالێکتییە ناوەکییەکەی و لەناوچوونی حەقیقەتی زاتیی هونەری مۆدێرنە.

داهێنانی شیعری[٢٢]». لە کۆتاییدا جیهانی ڕاستەقینە، بەتەواوی بەهاکەی بۆ هونەرمەندی مۆدێرن لەدەست داوە و ڕێگە بۆ کۆچی هەمیشەیی بۆ نێو جیهانە شاعیرانەکەی خولقێنراوی خۆی دەکاتەوە.

وەها دێتە پێشچاو هیلەر نزیکبووەتەوە لە تێگەیشتن لە نهێنیی ڕاستەقینەی جیهانی مۆدێرن و ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان داهێنان و وێرانکردن، بەڵام ئەم تێڕوانینە ئۆبێکتیڤەی ئەو، تیشکخستنە سەر حەقیقەتی ئۆبێکتیڤ مەحاڵ دەکات. کاتیگۆرییە ئەبستراکتەکانی ئەو، جەمسەرە دژەکانی واقیعی مۆدێرن لە یەک جیا دەکاتەوە، تا پاش ئەوە بتوانێت ئەوانە بخاتە بەر داوەرییەکی ئەخلاقییەوە و «باشە» و «خراپە» دەستنیشان بکات. ئەو لەم شتە تێناگات، کە هەرکام لەم جەمسەرانە نەک بە تەنیا دژەکەی خۆیشی نەفی دەکات، بەڵکوو ئەوی تریش، واتە دژەکەی خۆیشی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و دواجار هەم خۆی و هەم ئەوی دیش نەفی دەکات. هەوڵی شاعیرانی مۆدێرن تەنیا لە هەژارتربوونی جیهان و گەڕانێکی بێسوود بەدوای «جوانیی پەتی»دا کورت ناکرێتەوە، ئەم هەوڵە خۆی بەشێکە لە جیهانی ڕاستەقینە و لە ڕاستیدا داهێنەرانەترین بەشی ئەوەیە و لایەنە نێگەتیڤ و وێرانکەر و ئایدیالییەکەشی لە ئاگایی و کردەی ڕەخنەگرانە هونەرمەندانی مۆدێرن و شوناسە مۆدێرنیستییەکەی ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت. لە بەرانبەریشدا، واقیعی مێژوویی، کۆمەڵایەتیی جیهانی مۆدێرن دەرخەری پێکهاتەیەکە لە جەمسەرە دژبەیەکەکان، پێکهاتەیەک لە داهێنان و وێرانکاری، ئایدیالیستی و نائومێدی، پەرۆشبوون و وەڕسبوون، دەوڵەمەندی و هەژاری. یەکێک لە نوێترین شیکارییەکانی مۆدێرنیزم ئەم مەسەلەیە لە زمانی مارکسەوە بەم شێوەیە وەسف دەکات «مارکس، لە بەشی یەکەمی مانیفێستدا، سەرقاڵی شیکردنەوەی ئەو جەمسەرە دژبەیەکانە دەبێت، کە بەرەو پێشەوە دەچن تا لە سەدەی داهاتوودا شێوە و فۆڕمێکی تر ببەخشنە کولتووری مۆدێرنیزم. ناوەڕۆکی ڕۆچوون و خواستە تێرنەبووەکان، شۆڕشی بەردەوام، پەرەسەندنی بێسنوور، داهێنان و نوێگەریی بەردەم لە هەموو کایەکانی ژیاندا و دژبەرە سەرەکییەکەی واتە ناوەڕۆکی نیهیلیزم، هەڵپەیەکی هەمیشەیی بۆ وێرانکردن، تێکشکاندن و لەناوبردنی ژیان، دڵی تاریکی، پەشۆکاوی. مارکس ئەوە پیشان دەدات کە چۆن ئەم ئیمکانە مرۆییانە لە ڕێگای خواست و فشارە ئابوورییەکانی بۆرژوازی، تێکەڵ بە ژیانی تاک بە تاکی مرۆڤی مۆدێرن دەبێت. لە سەدەی داهاتوودا، بە تێپەڕبوونی کات، مۆدێرنیستەکان شەپۆلێکی فراوان و جۆراوجۆر لە

٢٢ هیلەر، ل ١٧٠.

وێنــەی خەیاڵــی و گەردوونــی و ئەپۆکالیپیســی (ئاخیرزەمانــی) دەخولقێنــن، ئەو وێنانــەی کە لـە ئەنجامـی ناوازەتریـن جۆری شـادی و تاریکترین جۆر و شـێوەی نائومێدییە. زۆرێک لـە داهێنەرتریـن هونەرمەندانی مۆدێرنیست، بە شـێوەیەکی هـاوکات لەلایـەن ئـەم دوو هەسـتە دژبەیەکە داگیر دەکرێن و لـە پرۆسـەیەکی ناکۆتـادا لـە جەمسـەرێکەوە بـۆ جەمسـەرێکی تـر ڕادەماڵرێـن. چالاکییـە ناوەکییەکانـی ئـەوان، ترپـە ناوەکییەکانـی سـەرمایەداریی مۆدێرن، کـە سـەرچاوەی جووڵـە و ژیانـی ئەوانـە، سـەرلەنوێ بەرهـەم دەهێنێتـەوە و دەریدەبڕێت[٢٣]. ئەم پەیوەندییـەی نێوان واقیع و کولتووری مۆدێرن، یان بە واتایەکی تـر پەیوەندیی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزم و ماهیەتـە دژوازییەکـەی هەردووکیـان، شـتێکە کـە هیلـەر بەتەواویـی لێـی بێئاگایـە.

پێداگریـی هیلـەر لەسـەر بەهایەکـی خـودی «جیهانـی ناخولقێنـراو» لـە ئەنجامـی نزیکیـی ئـەوە بـۆ شـیکارییە پۆزەتیڤیسـتییەکان لـە واقیـع، وەک مەسـەلەیەکی پێـدراو و ئۆبێکتیڤێتـی ڕووت. گرنگیـدان بـە ڕۆڵـی چـالاک و داهێنەرانـەی مـرۆڤ لـە دروسـتبوونی واقیعـدا، کـە دەبێـت ئەمـە بـە تایبەتمەندییەکـی سـەرەکیی ئایدیالیزمـی ئەڵمانی لە کانتـەوە تـا هیگڵ بزانین، تاڕادەیـەک خاڵـی هاوبەشـی هەمـوو ڕەوتـە دژەپۆزەتیڤسـتەکانە لەنێـو زانسـتە مرۆیییـەکان و فەلسـەفەی مۆدێرنـدا. جیهانـی واقیـع خولقێنـراوی هەوڵـی هەمـوو مرۆڤەکانـە، شـاعیرانیش بەشـێکن لێـی. ئـەو چالاکانـەی کـە ناکرێـت بـە ویسـتی خـۆت لایەنـە جیـاواز و دژبەیەکانیـان، بەمەبەسـتی بەهادانانـی ئەخلاقـی، لـە یەکتـر جیـا بکەیتـەوە. پێداگریـی هیلـەر لەسـەر «جیهانـی ناخولقێنـراو» وەک سـەرچاوەیەکی ئەخلاقیـی جێگیـر، دەرخـەری جۆرێک لـە ترسـی سـۆزدارانەیە لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ ئاڵۆزییەکانـی ژیانـی مۆدێرنـدا و هەڵهاتـن بـۆ جیهانێکـی «سـادە و سروشـتی»، جیهانێـک کـە ئاڵـۆزی و دژبەیەکـی هەڵقـوڵاو لـە چالاکیـی مرۆیـی هەرگیـز ناتوانێـت بنەمـا «سروشـتی و ئۆبێکتیڤەکـەی» ناجێگیـر بـکات. ئـەم جیهانـە کـە دەبێـت بێبـەری بێـت لـە هەمـوو گرژییەکـی ژیانـی مۆدێرنـی شـارەکان، لەفۆڕمـی خەیاڵیـی جۆراوجـۆردا، لـە کۆمەڵـگای پاسـتۆراڵی ئەورووپـی سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە و ژیانـی «ئـارام و سـادە»ی گونـدەوە بیگـرە، تـا جوانیـی ئەفسـوناوی و دەسـتلێنەدراوی خۆرهـەڵات، هـاوکات بووەتـە بابەتـی غەمگینیی ڕەخنەگرانی مۆدێرنیـزم. ئـەوەی سـەرنجڕاکێش بێـت، ئەوەیـە کـە ئـەم جیهانـە دەسـتکردە خەیاڵییانـە، هەموویـان ڕەگەکەیـان بـۆ کینەیەکـی ڕۆمانتیکییانـە بۆ بابەتی ساختە و پیشەسازی دەگەڕێتەوە. ئـەم پارادۆکسـە ناوەکییـە، حەقیقەتێکـی زۆر گرنـگ ئاشـکرا دەکات. لـە سـەردەمی نوێـدا،

---

٢٣ مارشاڵ بێرمەن، ئەزموونی مۆدێرنێتە.

واتە لە قۆناغی بەجیهانیبوونی ژیان و كولتووری مۆدێرندا، ناكرێت لە شوێنێك لە دەرەوەی مۆدێرنیزمدا، بكەویتە ڕەخنە و ڕەتكردنەوەی، چونكە شوێنێكی وەها لە بنەڕەتدا ئیدی بوونی نەماوە. ئەگەر قبوڵ بكەین كە مۆدێرنیزم بە شێوەیەكی سەرەكی لە ڕێگای گۆڕانی بەردەوام و نەفیكردن و وێرانكردنی دەستكەوتەكانی پێش خۆی «پێشدەكەوێت»، ئەوكات ئەوە ڕوون دەبێتەوە بۆچی هەر چەشنە ڕەخنەیەك لە مۆدێرنیزم، خۆی لەخۆیدا دەبێتە بەشێك لە واقیعی مۆدێرن و بەناچاری پارادۆكسەكانی مۆدێرنیزم لەنێو خۆیدا بەرهەم دەهێنێتەوە. بەم شێوەیە، گرنگترین پێوەری جیاكردنەوەی ڕاڤە جیاوازەكان بۆ كۆمەڵگا و كولتووری مۆدێرن، پێوەری خودئاگاییەكی مۆدێرنیستی ئەوانە. جیاكاری لەنێوان ئەم دوو جۆرە مۆدێرنیزمە «ئاگایانە« و «نائاگایانە«دا، باسەكەمان سەبارەت بە سیمبولیزم زیاتر ڕوون دەبێتەوە.

ئەم مۆدێرنیزمە ناچاری و نەخوازراوەی هیلەر، ڕەخنەكەی ئەو لە هەندێك لایەنەوە نزیك دەكاتەوە لە حەقیقەت. ئاماژەی ئەو جیابوونەوەیەی شاعیران لە جیهانی واقیعی و كۆچی هەمیشەییان بۆ جیهانە شاعیرانە سەربەخۆكانیان، بێگومان دەرخەری واقیعێكی مێژووییە. زۆرێك لە هونەرمەند و بزووتنەوە هونەرییە مۆدێرنەكان، هەوڵیان داوە تا هونەری مۆدێرن بگۆڕن بۆ «بەهەشتێكی زەمینی»، كە هیچ پەیوەندییەكی بە ژیانی مۆدێرن و لایەنە تاریك و ناشیرینەكانییەوە نەبێت. بەڵام ئەم هەوڵە بەشێوەیەكی دژواز و تەنزئامێز كۆمەڵێك ئەنجامی پێچەوانەی بەدوای خۆیدا هێناوە. (شتێك كە دەشێت ئەوە بە تایبەتمەندیی سەرەكیی هەموو گۆڕانە مێژووییەكانی مۆدێرن لە كایەی سیاسەت و ئابووری و كولتووردا بزانین). بەڵام لێرەدا تیۆروانینە ئەبستراكت و نادیالێكتیكەی هیلەر و پەیوەستبوونی بە كاتیگۆرییە ئەبستراكتەكانەوە، پۆلێنكردن و ناولێنانی گشتی وەك «هونەر لەپێناو هونەر» و «فۆرمالیزم»دا، دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی. بە هەمان شێوە كە دەیبینین، لە كاتێكدا شیعری سیمبولیستەكان لە ڕێگای پەیوەندییەكی زاتی لەگەڵ واقیعی مۆدێرنیزمدا، لێوانلێوە لە ئەزموون و وێنەی هەڵقوڵاو لە ژیانی واقیعدا، شاعیرە دڵخوازەكانی هیلەر، بەتایبەت ڕیلكە و گۆرگە هەوڵیان دا تا بە هاوكاریی پێكهاتەیەك لە ڕۆمانتیزم و عیرفان، ڕەنگ و بۆنێكی نیمچەئایینی ببەخشنە شیعرەكانیان و لە بۆشاییەك كە لە ئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ئیمانی مەسیحیدا دروست بووە، شیعری مۆدێرن وەك «ئایینی سەردەمی نوێ» جێگیر بكەن.

ئەو دەستەواژەیەی کە هیلەر سەبارەت بە (وێرانکردنی واقیع بە دەستی شاعیران) هێناویەتی، لە گوتارێکدا بە ناونیشانی «ڕیلکە و نیچە» نووسیویەتی. هیلەر لەم گوتارەدا ڕیلکە و نیچەی هاوهەڵوێست کردووە و هەردووکیانی لەبەر هەوڵیان لەپێناو بەجوانیناسیکردنی واقیع بە شێوەیەک توند خستووەتە بەر هێرش. (هیلەر چەندان جار ئەم ڕستە بەناوبانگەی نیچە لە کتێبی لەدایکبوونی تراژیدیادا دەهێنێتەوە کە «ژیان و جیهان تەنیا وەک دیاردەیەکی جوانیناسی پاساو هەڵدەگرن و لەسەر حەقن»). سەرچاوەی بنەڕەتیی ئاماژەکەی هیلەر بۆ پەیوەندی نێوان جوانی و ترسیش، یەکێکە لە دێڕە بەناوبانگەکانی ڕیلکە لە قەسیدەکانی دوئینۆ[٢٤]«جوانی هیچ نییە/ جگە لە دەستپێکی ترسێک». داوەرییەکانی هیلەر سەبارەت بە ڕیلکە زۆر ڕوون نییە و پڕە لە دژوازی. ئەو ناتوانێت قبوڵی «ڕێگەچارە« فەلسەفییەکانی ڕیلکە بکات، چونکە بە بۆچوونی ئەو، واتای ژیان دەبێت بکەوێتە سەرووی قەڵەمڕەوی شیعر و لەنێو چوارچێوەی خودی ژیاندا قبوڵ بکرێت. هەر بۆیە هیلەر لە کۆتاییی گوتارەکەیدا دەڵێت «کنە و گەڕانی ڕیلکە بەدوای واقیعی مرۆڤدا، جارێکی دی بە کەشفی واقیعێک کە خۆی دروستکراوی دەستی شاعیرە، کۆتایی پێ دێت». ئەو مرۆڤباوەڕی و «ڕیالیزمە ناچارییە«ی کە هیلەر دەیداتە پاڵ ڕیلکە، ناکرێت لەگەڵ فەلسەفە شاعیرانەکەی ڕیلکە لە قەسیدەکانی دئینۆ و هەڵبەستەکانی ئۆرفیۆس بە یەک شتی بزانین. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستنیشانکردنی واتای دروستی ئەم «فەلسەفە عیرفانییە« لە ڕێگای خەسڵەتە شاعیرانە و نیمچەئایینییەکەیەوە، تا ڕادەیەک مەحاڵە. خوێنەرەکانی ڕیلکە دەتوانن لەسەر بنەمای کاریگەرییە سۆزدارییەکان، خۆیان بگەنە ئەنجامی جیاواز (ڕەنگە هەر ئەم ئاڵۆزی و کاریگەرییە سۆزدارییە هەڵقوڵاوەی شیعرەکانی بێت، کە بە خاڵی سەرکەوتنی شیعرەکانی ئەژمار دەکرێت). دژایەتیی هیلەر لەگەڵ بانگەشە نیمچە ئایینییەکانی شیعری ڕیلکەدا ڕەنگە لەم بابەتەوە سەرچاوە بگرێت، کە هیلەر وەک کەسێکی «واقیعبین» لە «ڕێگەچارە« ناباوەکانی ڕیلکە ئاگادارە. هۆکاری سەرەکیی سەرنجڕاکێشبوونی ڕیلکە بۆ هیلەر و ڕەخنەگرە کولتوورییەکانی تری مۆدێرنیزم، هەمان ڕیتمی نیمچەئایینی و ئایدۆلۆژیی کۆنەپارێزانە و دژەمۆدێرنیستییە لەواندا.

٢٤ دەبێت بەدوای ڕەگوڕیشەی سەرەکیی ئەم پەیوەندییە لە شیعرەکانی ئالان پۆ و بۆدلێردا بگەڕێین. هەرچەند ئالان پۆ زیاتر پێداگری لەسەر جوانیی ترس دەکاتەوە تا ترسی جوانی. کەشفی ڕەهەندی شەیتانی وەک سەرچاوەی هێزە ژیارییەکان، ناوەڕۆکێکی فەلسەفی-ئەدەبیی کۆنە، کە لە بەرهەمەکانی شکسپیر و بەتایبەت میلتۆندا ڕاشکاوییەکی زیاتر پەیدا دەکات و پاشان بە شێوەی جیاواز لە بۆچوونە شۆڕشگێڕییەکانی نیچە و بلەیکدا، ڕێبازی «شەیتانپەرستی»ی بۆدلێر و ئۆسکار وایلد و تێڕامانە فەلسەفییەکانی دۆستۆڤسکی و تۆماس مان لە پەیوەندی لەگەڵ هونەر و خراپەی شەیتانی ڕەنگی دایەوە.

نیچە وەک یەکێک لە دیارترین فەیلەسوف و ڕەخنەگرانی سەردەمی مۆدێرن و لە هەمووشی گرنگتر وەک مۆدێرنیستێکی ناوازە، هەڵوێستێکی تەواو جیاوازی هەیە و سەرەڕای کاریگەریی قووڵی بۆچوونەکانی نیچە لەسەر نەریتی کۆنەپارێزانە و ڕەخنەی کولتووری و شاعیرانی وەک ڕیلکە و گۆرگە، ناکرێت ئەو بە بەشێک لەم گروپە بزانین. کارەکانی بێبەرییە لە «بابەتی ناڕوونیی عیرفانی» و بەپێچەوانەوە، لێوانلێوە لە پارادۆکسی مۆدێرنیستی. «بەڵێکردن»ی ئەو بۆ ژیان، تەنانەت لە لێواری چاڵی تاریکیی نێهلیزمدا، پتر دەرخەری پەرۆشبوونی ئەوە بۆ سەیروورە تا ستایشکردنی بوون و لەم لایەنەوە هاوڕێیە لەگەڵ «نەخێرکردنێکی» ڕەخنەیی. لەبەرچاونەگرتنی لایەنە نێگەتیڤ و وێرانکەرەکەی فیکری نیچە، بە واتای لادانی فیکری ئەوە، هەرچەند کە هەندێک لە دەستەواژەکانی نیچە و پەیوەستبوونی ڕێژەیی هەر لەو دوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی، بەڕواڵەت پشتڕاستکەرەوەی ئەم جۆرە شیکارییە تاکڕەهەندانەیە. نیچە وەک مۆدێرنستێکی «خودئاگا» ئاگادار بوو لە پەیوەندی نێوان مۆدێرنیزمی کولتووری و مۆدێرنیزاسیۆنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و گرژییە مێژووییەکانی پەیوەست بەوانەوە. زیندوویی فۆرم و زمان، ستایشکردنی لە گۆڕان، کە هەندێکجار بە شێوەیەکی ترسناک لە حەزی شێتانە بۆ زاتی وێرانکاری نزیک دەبووەوە، نەبوونی هیچ دڵتەنگییەک بۆ «ڕابوردووی زێڕین»، خۆپارێزی لە ئەخلاقگەرایی قەشەئاسایانە لە ڕەخنەی لە بەها نەریتی و مۆدێرنەکان، ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە کۆنەپارێزی و نەریتخوازی و بابەتێکی دیکە، لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی هزری ئەوە و ڕەنگە هەر ئەم هۆکارەش تووڕەیی کەسانی وەک هیلەر دابگیرسێنن.

ڕووبەڕووبوونەوەی نیچە لەگەڵ بابەتی مۆدێرنیزم و کۆمەڵگای مۆدێرندا، هێندە ئاڵۆز و بەهێز و مۆدێرنیستییە، کە تەنانەت باسکردنێکی کورتیشی پێویستی بە گوتارێکی سەربەخۆیە. بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی دیالێکتیکی لەگەڵ مۆدێرنیزمدا، دەوڵەمەندترین و بەربڵاوترین بوارە بۆ بەدیهێنانی هەوڵەکانی مۆدێرنیزم لەپێناو قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی خۆیدا. لەنێو ئەو شاعیرانەی کە لەم کتێبەدا (مەبەستی نووسەر کتێبی «شیعری مۆدێرنە«، کە ئەم گوتارەی تێدا بڵاو کراوەتەوە)، ناساندوومە و ڕەخنەم لە بەرهەمەکانیان گرتووە، دووانیان واتە تراکل و سیلان دوو نموونەی بەرچاوی مۆدێرنیزمی خودئاگان. جەوهەری ڕاستەقینەی شیعری ئەو دووانە، لە ڕوانگەی ناوەڕۆک و واتا و فۆرم، ملدانە بۆ ئەزموونی مۆدێرنیزم و هەر ئەم بابەتەشە، کە شیعرەکانیانی کردووە

بە مەیدانی دەرکەوتنی گرژی و پارادۆکس و قەیرانەکانی مۆدێرنیزم. بەرهەمەکانی تراکل و سیلان بە بەراورد بە شیعرە عیرفانی و نیمچە ئایینییەکانی قۆناغی کۆتایی ڕیلکە، ماهیەتێکی قووڵی مێژووییان هەیە و لە ڕووی ناوەکییەوە، واتە لە ڕوانگەی زمان، وێنە، واتا، هەستەکان و ڕەوانبێژیی شیعری، لەگەڵ بەستێنەکانی مێژووی ئەم سەدەیەدا لە پەیوەندیدان، هەمان ئەو مێژووەی کە تراکل و سیلان خۆیان، دیالێکتیکە وێرانکەر و پەشۆکاوییە دۆزەخییەکەیان لە بەرەکانی جەنگی جیهانیی یەکەم و کەمپەکانی جەنگی جیهانیی دووەمدا ئەزموون کردووە. ملدان بۆ ئەزموونی مۆدێرنیزم نەک بۆ تاکەکان، نەک بۆ نەتەوە و تەنانەت نەک بۆ کۆی شارستانیەتی ئەورووپی، کارێکی ئاسان نەبووە. نیچە و هۆڵدەرلین باجی ئەم ئەزموونەیان بە لەدەستدانی عەقڵی خۆیان داوە. بۆ تراکل و سیلان خۆکوشتن تەنیا ڕێگەچارەیەکی یەکلاییکەرەوە بوو. کراوەیی ئەوان بەرانبەر بە مەرگ، کە هیچ شوێنێک بۆ لەئامێزگرتنێکی بوونگەرایانە لەگەڵ مەرگ بە ستایلی هایدیگەر و ڕیلکە ناهێڵێتەوە، جیلوەیەک لە کراوەیی ئەوان بەرانبەر بە واقعێکی مێژوویی مۆدێرنیزم بوو. ئاماژەیەکی هەرچەند کورتیش بۆ پێگەی ئەم کراوەییە لە ئەزموونی شیعریی تراکل و سیلان و بەردەوامیی ئەوە وەک حەقیقەتی بنەڕەتیی شیعری هەردووکیان، بە ئەگەری زۆر باشترین شێوازە بۆ ڕەتکردنەوەی دەستنیشانکراو و تایبەتی تێڕوانینی هیلەر و هەروەها ئاشکراکردنی سیحرئامێز و پاشەکشێ و گشتاندنی بابەتەکە و پەڵپگرتنە ئەخلاقییەکانی ڕەخنەگرە کۆنەپارێزەکانی مۆدێرنیزمە. ئەو ڕەخنەگرانەی کە نە وەفایان بۆ حەقیقەتی مێژوو هەیە و نە بۆ حەقیقەتی شیعریش.

تایبەتمەندیی شیعری تراکل، جۆرێک لە گرژیی ناوەکییە. وێنە ئێکسپێرسیۆنیستی و ڕیتمە لیریکەکانی شیعرەکانی، نەک خوێنەر تووشی مەستیی «واتا» ناکات، بەڵکوو بەپێچەوانەوە دڕدۆنگتری دەکات. شیعرە وێنەییەکانی لەو تابلۆیانە دەچن، کە چەند بەشێکیان لێی دزیوە و هەڵیانکەندووە. ناکرێت شیعرەکانی تراکل تەنیا بە کۆمەڵێک وێنە بزانین کە وەک کۆلاژە دادایی و سوریالیستییەکان لەتەنیشت یەکەوە دانراون. هەروەها ئایدیا و واتا (ڕاشکاو و شاراوەکان)ـی تراکل، هەرگیز لەنێو گشتێتییەکی یەکپارچە و هاوئاهەنگ لەگەڵ وێنەکانیدا یەک ناگرنەوە، بەڵکوو ئەوانە هەر بەمەبەست لەنێو فەزایەکی بەتاڵی نێو وێنەی بەیەکداچووی و دژبەیەکدا دەردەکەون.

زۆرێک لەوێنە شیعرییەکان، دەرخەری سروشتێکی بریندارە و لە

سەرەمەرگدایە. زاڵبوون بەسەر سروشتی ناوەكی و دەرەكی و چەپاندنێكی بەئازاری ئەم دووانە، ڕوویەكی تری دراوی شارستانیەت و پێشكەوتنە. مرۆڤی مۆدێرن زاڵبوونی خۆی بەسەر سروشتی (ناوەكی و دەرەكی) هاوكات وەك بەرەكەت و نەفرەت ئەزموون دەكات. لە شیعرەكانی تراكلدا جوانییەكی بەئازاری سروشت لە سەرەمەرگدا، جوانیی ئاسكی بریندار و سەرباز لە كاتی گیانداندا، لە هیوایەكی یۆتۆپیایی بۆ ئاشتی سەرچاوە دەگرێت، ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشت، ئاشتبوونەوە لەگەڵ خود (یان سروشتی ناوەكی)، ئاشتی لەگەڵ مرۆڤ. لە ڕوانگەی تراكل ئەم ئاشتییە بەشێكی پێویستە لە ئەزموونی ڕزگاربوون. بەڵام هەر بە بۆچوونی تراكل مەرگی سروشتێكی بریندار و لەناوچوونی مرۆڤ لە شارەكانی گیانكێشان بەدەستی ئاسن و پۆڵا هەردووكیان بە یەك ئاست جوان و ترسناكن. ئەو زۆر دوورە لە بابەتی ستایشی ڕۆسۆ و ڕۆمانتیكەكان بۆ سروشتی بێگەرد و چاكەی مرۆڤ. بڕوادارییە مەسیحییەكەی ئەو بۆ یەكەم گوناهـ و خراپەی ئەزەلی، دەرفەتی ئەوەی دەداتێ، تا خۆی بپارێزێت لە پەیوەستكردنی مەرگی سروشت بەكاڵفامیی مرۆییەوە. بە بۆچوونی ئەو مرۆڤ و سروشت هەردووكیان لە حاڵەتی دابەزینن لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی و ڕزگاربوونی هەركامەیان بێئەوی تریان مەحاڵە. زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدا هاوكات بووە لەگەڵ دەسەڵاتی مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە و ئاشتبوونەوە لەگەڵ سروشت، ئاشتی نێوان مرۆڤەكانیشی بەدوادا دێت. تراكل ئاگاداری پێكەوەبەستنی، ناوەكیی جەمسەرە دژەكانی مۆدێرنیزمە و هەر ئەم تێڕوانینە دژە ڕۆمانتیكییەی، ئەو دەبەستێتەوە بە سیمبولیزم و ڕێبازە سەرەكییەكانی تری شیعری مۆدێرن بەتایبەت ئیكسپێرسیۆنیزم.

بە بۆچوونی تراكل ژیانی مۆدێرنی شار هیچ شتێك نییە جگە لە دۆزەخ، بەڵام وەڵامە ئاڵۆز و مەتەڵئاساكەی ئەو بۆ ئەم پرسیارە كە «بۆچی لە شار ناچیتە دەرەوە؟»، دەرخەری مۆدێرنیزمە خودئاگاكەی ئەوە: هیچ شوێنێك بۆ هەڵهاتن بوونی نییە، نە بۆ ڕابوردوو، نە بۆ گوند و تەنانەت نە بۆ «بەهەشتی زەمینی شیعری پەتی و ڕەسەن».

لە شیعرەكانی تراكلدا ئاماژەدانێكی زۆری مێژوویی، كۆمەڵایەتی بەرچاو ناكەوێت، بەڵام گرژییە ناوەكییەكانیان لەگەڵ قەیرانی كۆمەڵایەتیی ئەورووپای پێش جەنگی جیهانیی یەكەم و بەرجەستەبوونە سامناكەكەی ئەم قەیرانە لە خودی ئەزموونی جەنگدا، پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی هەیە. ئەو ڕۆحە گشتییەی كە زاڵە بەسەر شیعرەكانیدا، جۆرێكە لە

خەمی شەیدایی، کە لە هەناوی ئەزموونی لەناوچوون و دەربڕینی ئەو ئەزموونەدا هەڵدەقوڵێت. لەناوچوونێک کە مرۆڤ و سروشت و تەنانەت شیعریش لەخۆ دەگرێت و جوانییەکەی سەرچاوەی ڕاستەقینەی وێنە و مۆسیقای لیریکیی ئەو شیعرانەیە.

بە بەراورد بە تراکل، ناوەڕۆکی مێژوویی شیعری پۆل سیلان، ئامادەبوونێکی بەرچاوتری هەیە. بەناوبانگترین شیعری واتە فۆگی مەرگ[٢٥]، گێڕانەوەی کەمپی مەرگی نازییەکانە. سیلان پاشتر خۆی ئەم شیعرەی لەبەر ڕاشکاوییە لەڕادەبەدەرەکەی مەحکوم کرد. شیعرەکانی دواتری سیلان، هەڵگری جۆرێک لە «سادەیی شیعر»ـین، بەڵام بەپێچەوانەی بۆچوونی هیلەر، ئەم «سادەییە« لە ڕاستیدا بەرهەمی ئاڵۆزی و دەوڵەمەندیی فۆڕمە و هیچ پەیوەندییەکی بە ڕوونکردنەوە و سادەکردنەوەی «ئایدیا و واتاکان»ـەوە نییە. بەپێچەوانەوە، بەرەو سادەیی چوون، خەسڵەتی ئاڵۆزی شیعرەکانی سیلانی بەرجەستەتر کردووە. سیلان بە دوورکەوتنەوە لە ناوەڕۆکە دیاریکراوەکانی مێژووی مۆدێرن، لە ڕاستیدا لە جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم مێژووە نزیکتر دەبێتەوە. هەر ئەم خەسڵەتە ئاڵۆز و مەتەڵئاسایەیە، کە سیلان دەکات بە مۆدێرنیستێکی ڕاستەقینە. ئەو بوێریی ئەوەی تێدابوو کە پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزم لەناوەوە ئەزموون بکات، تووشی شکست بێت و باجەکەشی بە شێوەیەکی ئاگایانە بدات[٢٦]. سیلان لە یەکێک لە «فەلسەفیترین» شیعرەکانی خۆیدا ئاماژە بۆ لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی مۆدێرنیزم دەکات. ئەم شیعرە خاڵی بەرانبەری «بەڵێ بۆ کردنی» ڕیلکە و ستایشی شاعیرانەیە بۆ بوون. سیلان لەم شیعرە کورتەدا، ماهیەتی دژوازیی ئەزموونی مۆدێرن باشتر لەهەر گوتار و کتێبێک ئاشکرا دەکات. (کە ئەمە خۆی پێشاندەری یەکێک لە توانا ناوازەکانی شیعری مۆدێرنە، کە کەسانی وەک هیلەر بەتەواوی بێئاگان لەم شتە):

---

٢٥ Fugue of Death

٢٦ ئەمە بەواتای بەڕەوا-زانینی خۆکوشتن نییە. تراکل، مایکۆفسکی و زۆر شاعیری تری مۆدێرن، خۆیان کوشتووە، بەڵام تەنیا پێداگری و پەنجەخستنە سەر ئەم لایەنەی ژیانی تایبەتیی ئەوان، نەک منداڵانەیە، بەڵکوو پێشاندەری دژایەتییە لەگەڵ ڕۆحی مۆدێرنیزمدا. بێگومان وێرانکردنی خود یەکێکە لە ناوەڕۆکە سەرەکییەکانی ئەزموونی مۆدێرنیزم، کە هەندێک جار لە شێوەی «کەڵکەڵەی خۆکوشتن»دا بەرجەستە دەبێت، بەڵام تێکەڵکردنی ڕوانگەی هونەری و ژیانی تایبەتی، هیچ نییە جگە لە «وەهمێکی ڕۆمانتیک». وەهمێک کە نەک لەگەڵ خەسڵەتی ناکەسیی هونەری مۆدێرن، بەڵکوو لەگەڵ واقیعی ژیانی مۆدێرنیشدا سازگار نییە. ئەو وێنایەی کە پێی وایە لەبەر کارەسات و پارادۆکسە بەرچاوەکانی ئەزموونی مۆدێرنیزمدا، شاعیرانیش دەبێت لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا پرسە بگێڕن و دواجار لەگەنجیدا خۆیان بکوژن، زیاتر شیاوی فیلمە هندییەکانە، تا ڕەخنە لە شیعری مۆدێرن.

قسەبکە

بەڵام بەڵێ و نەخێر بە نەگوترایی بهێڵەرەوە و

ئەم واتایە ببەخشە پەیڤ:

هەر بەخشینی هەمان سێبەرە.

ئەو کەسە بە حەقیقەت قسە دەکات کە سێبەر دەڵێت.

تەنانەت نیچەش نەیتوانی «بەڵێکردن و نەخێر» بەتەواوی بەنەگوتراوی بهێڵێتەوە. ئەم کارە بە هەمان ئاست کە لە حوکمە ئەخلاقییەکانی هیلەر و ستایشە وجودییەکانی ڕیلکە دوورە، لە میانڕەویی کەسانی لیبراڵخوازیش دوورە. سەردەمانێک ئادۆرنۆ گوتبووی ڕاستییەکانی دەروونشیکاری تەنیا لەنێو زیادەڕۆییەکانیان لەسەر باسکردنی بابەتەکاندا خۆی حەشار داوە. ئەم بابەتە تا ڕادەیەک سەبارەت بە هەموو دەرکەوتەکانی ئەزموونی مۆدێرنە ڕاستە. مۆدێرنیزم ئەزموونێکی تێکەڵ بە پارادۆکس و شکستە. هەر بۆیە زۆر جار تەنیا هونەرمەندان کۆڵ بۆ ئەم شتە دەدەن، چونکە هونەرمەند، وەک ئەوەی بێکێت دەڵێت، تەنیا کەسێکە کە بوێریی قبوڵکردنی شکستێکی وەهای هەیە.

٣

لە بەشی پێشوودا هەوڵمان دا تێڕوانینی هیلەر وەک جۆرە ڕەخنەیەکی کۆنەپارێزانە لە مۆدێرنیزم شیکار بکەین. ڕەنگە وەها بێتە بەرچاو، بێویژدانیمان بەرانبەر بە هیلەر و ڕەخنەگرە کۆنەپارێزەکانی مۆدێرنیزم کردبێت، چونکە ڕەخنەکانیان بێبەری نییە لە بۆچوونی ڕەخنەگرانە و مۆدێرن. لە ڕاستیدا بە هەمان شێوە کە لە سەرەتای گوتارەکەدا باسمان کرد لێکچوون و خاڵی هاوبەشی زۆر لەنێوان ڕەخنەی کۆنەپارێزانە و ڕەخنەی ڕادیکاڵ و خودئاگای مۆدێرنیزمدا بوونی هەیە کە گرنگترینیان، ئەو دوژمنە هاوبەشەیانە: ئەو شەپۆلە بەرفراوانە لە تیۆری ئایدۆلۆژی، کە هەوڵ دەدەن بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک دەستەواژەی وەک «بەرەوپێشچوون» و «پێشکەوتن» و «زانستی پۆزەتیڤ»، کۆمەڵگای مۆدێرنی ئێستا وەک «بەهەشتێکی بێکەموکورتی» و ئەنجامی کۆتایی و نەگۆڕی مێژوویی پێناسەبکەن. بەهەرحاڵ، ئەم لێکچوون و خاڵە هاوبەشانە لە زۆر لایەندا جۆرێک لە هاوپۆلی ئازاردەر و گرژیساز دەسەپێنێت بەسەر کۆنەپارێز و شۆڕشگێڕاندا[27]. سەرەڕای ئەوەش

27 هەندێکجار هەردوو ڕەهەندی ڕادیکاڵ و کۆنەپارێز لە کەسێکدا کۆ دەبێتەوە. بۆچوونەکانی

جیاوازییە بنەڕەتییەکان هێشتا وەک خۆی دەمێننەوە و لە هەرکوێدا بابەتەکە بگاتە هەڵسەنگاندێکی تایبەت سەبارەت بە فیگور و ڕێبازە هونەرییەکانی مۆدێرن، ئەوا ئەم جیاوازییانە بە گوژمێکی زۆرەوە دەردەکەون.

هیلەر لە کۆتاییی گوتارەکەیدا داوەری لەسەر فیگورە بەرچاوەکانی شیعری مۆدێرن و بە دەربڕینێک، کە لە دەربڕینی ناوبژیوانەکانی زۆرانبازی دەچێت، خاڵیان پێ دەدات، ڤالێری و سیمبولیستەکان لەبەر هۆکاری گەڕانی جوانییەکی گەردوونی لە تاقیکردنەوەکەی دەکەون، هۆفمانشتاڵ و گۆرگە و ڕیلکە بە نمرەیەکی کەم دەردەچن و ئیلیوت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، وەک «قوتابییەکی باش» ستایش دەکرێت[٢٨]. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین دژ بە بۆچوونەکانی هیلەر، لێکدانەوەیەکی تر بۆ سیمبولیستەکان و ڕیلکە بخەینە ڕوو.

دەبێت بزوتنەوەی سیمبولیستەکان بە یەکەمین نموونە و ئایدیالی سەرەکیی مۆدێرنیزمی (خودئاگا) بزانین. ڕەخنە و شیعرەکانی بۆدلێر لە ئەنجامی ئەو هەستیارییە قووڵەی ئەوە سەبارەت بە مەسەلەی مۆدێرنیزم. ئەو بەباشی لە پەیوەندی نێوان مۆدێرنیزاسیۆن و مۆدێرنیزمی کولتووری ئاگادار بوو و پارادۆکسە مەترسیدارەکانی مۆدێرنیزم ناوەڕۆکی سەرەکیی بەرهەمەکانی پێک دەهێنا. ئەم پەیوەندییە، کە ناکرێت تەنیا بۆدلێر لە ناوەڕۆکی شیعریدا کورت بکەینەوە، دواتر بوو بە پرەنسیپێکی ناوەکیی سیمبولیزم. شاعیرانی سیمبولیست قەیرانەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنیان لە شێوەی پارادۆکسە ناوەکییەکانی شیعردا ئەزموون دەکرد. ئەم بابەتە حەقیقەتێکی زۆر گرنگ ئاشکرا دەکات: لە سەردەمی نوێدا، مۆدێرنیزم تاکە شێوەی ڕاستەقینەی ڕیالیزمە. تێگەیشتن لەم بابەتە لەسەر بنەمای کاتیگۆرییە ئەبستراکت و دوولایەنەکانی وەک «هونەری

---

لۆکاچ پاش ساڵی ١٩٣٠ ڕەنگە باشترین نمونەی ئەم بارودۆخە بێت. ڕقی ئەو لە هونەر و ئەدەبیاتی مۆدێرنیستی و خولیای بۆ ڕیالیزمی بۆرژوازی بە ڕواڵەت ناتەبایە لەگەڵ ڕادیکاڵیزمی مارکسیی ئەودا، بەڵام لە ڕاستیدا داوەرییە قەشەئاساکانی، سەبارەت بە جۆیس، کافکا و تۆماس مان بەتەواوي تەبابوو لەگەڵ لایەنگریی ئەو بۆ ستالینیزم. چونکە ستالینیزم لە ڕوانگەی کولتووری و لە زۆر لایەنی ترەوە، هیچ نەبوو جگە لە گەڕانەوەیەک بۆ کۆنەپارێزیی تێزاری. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت هەر بە ئاسانی لۆکاچ لە چێوە بدەین و لەگەڵ ڕەخنەگرە کۆنەپارێزەکاندا بە یەک شتیان بزانین. سەرەڕای شاکارەکانی سەردەمی گەنجی، بەرهەمە فەلسەفی و جوانیناسییەکانی لۆکاچی پیر، هاوکات هەڵگری چەندان تێڕوانینی درەوشاوەیە سەبارەت بە ئەدەبیات، کە دەبێت توێژینەوەیان لەسەر بکرێت و بپارێزرێن.

٢٨ هیلەر بۆ شیکردنەوەی «سادەیی» و «ڕیالیزم»ی شیعری مەبەستی خۆی، ئاماژە بۆ «چوار کوارتت»ـێکەی ئیلیوت دەکات. لێرەدا کاتی ئەوە نییە کە ئەم بۆچوونەی هەڵبسەنگێنین. لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی ئەو لێکدانەوەی فەلسەفییە جیاوازانە سەبارەت بە «چوار کوراتت» و قسەکردن سەبارەت بە «سادەیی» و «واتای سادەیی» ئەم چوار کوراتتە دەبێتە شتێکی پێویست.

بەرپرسیارانە« لە بەرانبەر «هونەری پەتی»دا مایەی تێگەیشتن نییە، بەڵكوو بەپێچەوانەوە، دەبێت وەك جەمسەرە دژیەكەكانی یەك گشتێتی لێیان بڕوانین، كە هاوكات خۆیان و ئەوی تریش نەفی دەكەن. ناكۆكی نێوان «هونەری بەرپرسیارانە« و «هونەری پەتی»، كە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، خۆی ئەم بابەتانە بەباشی ڕوون دەكاتەوە:

لە ڕوانگەی لایەنگرانی هونەری بەرپرسیارانەوە، «بەرهەمی هونەریی پەتی» هیچ نییە جگە لە سەرگەرمییەكی بێئەنجام بۆ ئەو كەسانەی، كە دەیانەوێت بە بیانووی ناسیاسیبوون، كە ئەمە خۆی هەڵبژاردنێكی تەواو سیاسییە، ئەو تەوژمە لەبەرچاو نەگرن كە مەترسیی هەڵتەكاندنی و هەڵوەشاندنەوەی هەمووانی هەیە. «بۆ لایەنگرانی بەرپرسیاریەتی، ئەم جۆرە لە هونەری پەتی، دەرخەری بێئاگاییە لە شەڕی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەكان، شەڕێك كە كەس ناتوانێت خۆی لەوە و لە دوژمنایەتی هەردوو بەرەكە بێبەری بكات. بەردەوامیی هەرجۆرە ژیانێكی فیكری، پەیوەستە بە ئەنجامی ئەم دوژمنكارییە، ئەوەش تا ئاستێك كە تەنیا وەهمی پەتی دەتوانێت پێداگری لەسەر ماف و ئەو ئیمتیازاتانە بكات، كە هەمووان ڕەنگە هەر سبەی تەفروتونا ببن. بەڵام لە ڕوانگەی بەرهەمێكی هونەریی سەربەخۆوە ئەم جۆرە ڕەچاوكردن و لێكدانەوەیە بۆ هونەر كە لە پشتی ئەم بابەتەوە حەشاردراوە، خۆی دەرخەری هەمان كارەساتی مەعنەوییە، كە لایەنگرانی بەرپرسیاری، بەردەوام لەبارەی ڕوودانی ئەم شتەوە ئاگادارمان دەكەنەوە[٢٩]». نەفیكردنی ئازادی و پەیامی زەین لەدەستنیشانكردنی خوددا، بە واتای مەرگی هەرجۆرە ژیانێكی فیكری دێت. لە ڕوانگەی ئادۆرنۆوە گرژی نێوان ئەم دوو جەمسەرە سەرچاوەی سەرەكیی ژیان و چالاكی و زیندووبوونی هونەری مۆدێرنە، هەر بۆیە جیابوونەوەی تەواوەتی ئەمانە دەبێت بە یەكێك لەو هۆكارانە بزانین، كە داهێنانی هونەری لەم سەردەمەی ئێمەدا تا ڕادەیەك كردووەتە مەحاڵ.

بەپێچەوانەی هەندێك لە ئینتیما ئاڤانگاردەكانی سەدەی بیستەم، چوونی سیمبولیستەكان بەرەو شیعری پەتی، ئەوانی بۆ تێگەیشتن لە جەوهەری ڕاستەقینەی ژیانی مۆدێرن نزیكتر كردەوە. داهێنان و ئاڵۆزی و پارادۆكسە شیعرییەكانیان نیشانەی ئاشكران بۆ ڕیالیزمی ئەوان. لۆكاچ لە كتێبی «مێژوو و ئاگاییی چینایەتی» ئەوەی خستە ڕوو، كە پێكهات و لۆژیكی ناوەكیی فەلسەفەی ئایدیالیستی، تەبابوونێكی ڕێك و وردی لەگەڵ پێكهاتەی كۆمەڵگای بۆرژوازیدا هەیە. هەر بۆیە پارادۆكس و لادانە

---

٢٩ T.w.Aderno, «commitment», in Aesthetics and Politics, Verso, ١٩٧٧, p.177.

ناوەکییەکانی ئەم فەلسەفەیە، بێگوێدان بە بۆچوون و ئینتیمای سیاسیی فەیلەسوفان، هیچ نییە جگە لە کەشفی لۆژیکی بۆرژوایی ئالۆگۆڕی کاڵا لە بواری فەلسەفەدا. ئەم پرسە سەبارەت بە شیعری مۆدێرنیش ڕاستە، تەنیا بەم جیاوازییە کە شاعیرانی مۆدێرنیست نەیاندەویست پارادۆکسەکانی نێو واقیعی کۆمەڵگای مۆدێرن (و کولتووری مۆدێرنیزم) بشارنەوە. ئەوان لە دژایەتی لەگەڵ متمانە بەخۆبوونە فریودەرەکانی فەیلەسوفان، بە شێوەی تەنزئامێز ئاگاداری قەیرانی شیعری و بارودۆخی ناجێگری خۆیان بوون و بوێریی ئەوەیان تێدا بوو، لەنێو ڕیالیزمە دیالێکتیکییەکانی خۆیاندا تا سنووری خاپوورکردنی تەواوی شیعر بەرەو پێشەوە بچن.

لەبەرانبەر ڕیالیزمی ڕاستەقینەی سیمبولیستەکاندا، «ڕیالیزمە شیعر»ییەکەی هیلەر واتایەکی ناڕوونی هەیە. بە هەر حاڵ، بە تەماشاکردنێکی واقیعی سەردەمی نوێ، دەتوانین لەوە تێبگەین کە هەر هەوڵێک بۆ شاردنەوەی پارادۆکسەکانی نێو ئەم واقیعە، لە ڕیالیزمی سۆسیالیستییەوە بیگرە، تا پۆزەتیڤیزمی خۆرئاوایی و ڕیالیزمە شیعرییە دڵخوازەکەی هیلەر، هیچ بەرهەمێک جگە لە نەفیکردنێکی تەواوی ڕیالیزمی مێژوویی بەدواوە نایەت. پەیوەندیی مۆدێرنیزمی کولتووری، لەگەڵ دۆخ و بابەتەکانی کۆمەڵگای مۆدێرندا، چەند ڕەهەندێکی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، بەڵام ڕەنگە بکرێت قەیرانی واتا و زمان بە گرنگترین بابەتیان بزانین. ئەم قەیرانە بابەت و پرسی سەرەکیی شاعیرانی سیمبولیست بوو و هەرکامەیان هەوڵیان دا بە شێوازی تایبەتیی خۆی ڕووبەڕووی ببێتەوە. بۆ هەموویان، ژیانی سەردەمی نوێ، لانی کەم لە یەک ڕوانگەوە، هیچ نەبوو جگە لە ژیان لەنێو «وەرزێک لە دۆزەخ». هەڵچوون و داچوونی بۆدلێر لەنێوان شەیدایی و وەڕسی، وڕێنەکانی تێکەڵ بە (تا) لای ڕامبۆ و گەڕانە ئازارهێنەرەکانی مالارمێ و ڤالێری بۆ گەیشتن بە زمان و هۆشیاریی پەتی، هەموو ئەمانە پیشاندەری ئەوەیە، کە بەتەواوەتی ئاگاداربوون لەوەی سیمبول و واقیع لێکجودان. ئەوان زۆر بە توندی بەرانبەر بە خۆیان و شیعرەکانیان و لە هەموویشی گرنگتر بەرانبەر بە ڕۆڵی شیعری بەگومان بوون. زایەڵەی پرسیاری هۆڵدەرلین سەبارەت بە پێویستیی شاعیربوون و وەڵامە نەرێنییەکەی ئیلیوت لە کۆی بەرهەمەکانیاندا دەبیسترا.

سیمبولیستەکان، گشت لایەنە تاریکەکانی سەردەمی نوێ، لێکترازان، شێتی، دوژمنایەتی و تەنانەت بەربەستە کارەسات ئامێزەکانیان لە شیعرەکانی

خۆیاندا «دەربڕیوە«. بەڵام ئەم «دەربڕینە« بێ خاپورکردنی شیعر (و تەنانەت شاعیر)، واتە بێ قبوڵکردن و ئەزموونی ڕاستەوخۆی کۆی پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزم مەحاڵ بوو. ئەم «شاعیرە نەفرەتلێکراوانە[۳۰]« بێواتابوونی واقیع و ناواقیعیبوونی واتایان لە ژیانی خۆیان ئەزموون کردووە. هیچکامیان، تەنانەت ئەگەر بیشیویستایە، نەیدەتوانی لەم حەقیقەتە هەڵبێت.

تا ئەو شوێنەی کە پەیوەستە بە پێکهاتەی گشتی و توانا هێزەکییەکان لە شۆڕش و سەرکەوتن و شکستەکانی شیعری مۆدێرندا، دەشێت بڵێین کە کۆی ستراتیژە ڕیالیستییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعی سەردەمی نوێدا، لە سێکوچکەی بۆدلێر، ڕامبۆ و مالارمێدا کورت دەبێتەوە. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە شیعر و شێوازی کاردانەوە بەرانبەر بە واقیع، ئیدی مەتەڵێکی هەڵهێنراو و «ئاسانە« و شاعیران لەوەبەدوا دەبێت ملکەچی ئایدیالێکی دیاریکراو بن. گرنگیی ئەم سێ شاعیرە سیمبولیستە لەوەدایە، ئەگەر پێکەوە و لەتەنیشت یەکەوە سەرنج بدرێن، ئەوا تێگەیشتنێکی گشتی بۆ کۆی پارادۆکسی مۆدێرنیزم دەستەبەر دەکەن.

بۆ ناسینی شوناسی ڕاستەقینەی ئەم سیانە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای، یان یەکێک لە سەرەتاکانی سەردەمی نوێ. بۆ ئەو سەردەمەی کە بێلز پاسکاڵ، ئەو یەکەمین مۆدێرنیستە خودئاگا ناوازەیە، هەوڵی دا تا لە ڕێگای «تێڕوانینی تراژیدی»ی خۆی، ئەو ئاڵۆزی و مەتەڵانەی کە لەگەڵ مۆدێرنیزمدا دەردەکەوتن، ڕاڤە بکات[۳۱]. عەقڵگەراییی تراژیدیی پاسکاڵ، ئەویش لە فەلسەفەی شیکاریی دیکارت و شەیدابوونێکی گشتی سەدەی حەڤدە بەرانبەر زانستەکان جیا دەکاتەوە. هەروەها لە عەشقی عیرفانیی ڕۆمانتیک و شەیداکانی سیستمی دێرین. ناوەڕۆکی فەلسەفی و بەلاغی و ئەدەبیی فیکری پاسکاڵ، شوناسی ئەو وەک یەکەم دەرکەوتنی ئاگایی مۆدێرن دەستنیشان دەکات. یەکێک لە دەستەواژە بەناوبانگەکانی پاسکاڵ کە ڤالێریش زۆر حەزی لەوە بوو، کلیلی چارەسەرکردنی ئەم ئاگاییەیە. پاسکاڵ دەڵێت «مرۆڤ نە فریشتەیە، نە ئاژەڵ». ڕاڤەی ئەم ڕستەیە لەسەر بنەمای جۆرێک لە ئۆنتۆلۆژیای بوونگەرایانە، بە واتای بێئاگابوونە لە ڕەهەندە مێژوویی و کولتووری و دەروونییەکان و هەروەها

٣٠ Les poetes mauditنازناوێکە کە پۆڵ ڤالێری بۆ شاعیرانی سیمبولیستی هەڵبژاردووە.

٣١ لوسیان گۆڵدمان لە کتێبی «خودای شاراوە«، جەوهەری فیکری پاسکاڵ بەهاوکاریی ئەم چەمکە شی دەکاتەوە. بە بۆچوونی گۆڵدمان، «تێڕوانینی تراژیدی» دەرخەری نەریتێکی فەلسەفیی تایبەتە، کە بە پاسکاڵ دەست پێ دەکات و لە ڕێگای کانت و هیگڵ، دەگاتە مارکس و دواجار دەگاتە لۆکاچیش.

دەوڵەمەندیی ئەزموونیەتی. هیچ شتێک باشتر لە ژیان و شیعرەکانی بۆدلێر ئەم دەوڵەمەندییە ناوەکییە ئاشکرا ناکات. سەرلێشواویی بۆدلێر لەنێوان فریشتە و ئاژەڵ بە شێوازی جیاواز دەردەکەون: حەزی زۆر بۆ هونەری کلاسیک، لە بەرانبەردا ئینتیمای قووڵ بۆ تیۆروانینە نوێیە ڕۆمانتیک-سیمبولیستییەکان، بڕوابوون بۆ سەربەخۆیی تەواوی شیعری و ئامانجی جوانی لەبەرانبەر بێزاربوون لە ئایدیای «هونەر لەپێناو هونەر»دا، خەمۆکی و وەڕسی و کینە بەرانبەر هەڵقولانی عەشق، جۆشوخرۆشێکی ژیانی elan vital و دواجار جۆرێک لە پەرۆشیی ڕەسەنی ئایینی کە لە شێوەی ستایشی خراپە و «ڕێبازی هونەری» شەیتانپەرستیدا دەردەکەوێت. بۆدلێر خوازیاری ئەزموونی پەتی بوو. ئەویش وەک دۆستۆفسکی هەستی دەکرد لە سەردەمی نوێدا ئەم ئەزموونە تەنیا لە لوتکەی سەرلێشێواوی و گڕژی، لەدوا ساتەکان و لەزێدەڕەویدا بەدەست دێت و لەگەڵ ئوستاقرۆگین (پاڵەوانی ڕۆمانی شەیتانەکان)، ڕقی لەو شتە بوو کە بە گوتەی ئینجیل «نە ساردە، نە گەرم». (ئینجیلی یوحەنا، ۳. ۱٦). بۆدلێر بە ئاگایانەوە دەیویست خۆی فڕێ بداتە نێو چاڵی «ڕەها» و هەر بۆیە دەیگوت «بەهەشت بێت یان دۆزەخ، چ جیاوازییەکی هەیە؟» تەنیا لەم ساتانەدا بوو کە ژیان دەبووە ئەزموونێکی واتادار و واتا لەودیو «سیمبولێکی پەتی» بەرجەستە دەبوو، بەڵام بەهای ئەم ساتانەی کە لێوانلێون لە واتا، کەوتنە نێو چاڵی ترسناکی وەڕسی بوو، کە هەر جارێک تاریکتر دەبوو. بەم شێوەیە، ڕاپەڕینی تاکەکەسیی بۆدلێر دژ بە لۆژیکی ژیانی بۆرژوازی شکستیهێنا و ئەویش بەناچاری خۆی دا بەدەستەوە. ئەو ڕۆحەی کە بەسەر شیعرەکانی بۆدلێردا زاڵە، هیچ نییە جگە لە شیکردنەوەی ئەم شەڕە و شکستە مسۆگەرەکەی.

بەهەشت یان دۆزەخ، فریشتە یان ئاژەڵ. سەرلێشواوی و ئاوارەییی ڕۆحیی بۆدلێر، هەروەک گەڕانی نێو شەقامەکانی پاریس کۆتایی نەدەهات. بەڵام تەنیا بۆ یەک نەوە پاش خۆی، هەڵبژاردنی گەڕۆڵیولانەوازی وەک شێوازێک لە ژیان یان هونەر، ئەویش بەهاوکاریی خۆفریودان (یان وەک سارتەر دەڵێت «ئیمانی خراپ»)، دەڕەخسا. ئێستا ئەو هەموو کافترییایەی پاریس ئامادەی میوانداریی لەو «شاعیرە لانەواز و گەڕۆڵانە« بوون، تا ئیدی هیچ گلەیییەک نەمێنێت. پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی ۱۸٤۸، ئەورووپا خەریکبوو هێز و تواناکانی ئایدۆلۆژیای ئاشکرا دەکرد[۳۲].

۳۲ دەتوانین تارادەیەک چارەنووسی هەموو بزوتنەوە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی نوێ لەم دەستەواژەیەدا کورتبکەینەوە: سەرکەوتنی پاریس بەسەر ستایل و ڕێباز و قوتابخانە پاریسییەکاندا. لە بوهمیانیزم و بزوتنەوەی پارناسییەکانەوە بیگرە تا دادابیزم، سوریالیزم و

پاش بۆدلێر دەبوو شکستی شیعر و ئاگاییی ناوەکیی شیعر لە دۆخی دژبەیەکی خۆی، بە شێوەیەکی ئاگایانەتر و ڕاشکاوانەتر و «بە بەرنامەدارێژ»تر دەربڕایە. شتێک هاوشێوەی ئەوەی کە لە فەلسەفەی سارتەردا ناوی «پڕۆژەی تایبەتی»یە، واتە بەرنامە یان ئامانجێکی پتەو لەسەر کۆی ژیانێک یان بەرهەمێک، کە لە هەموو ساتەکان یان بەشێک لەو ساتانە بوونێکی کاریگەری هەیە. بەڵام سەروکارمان لەگەڵ «پڕۆژەی شیعر»یدا هەبوو و پرسیاری هۆڵدەرلینیش سەبارەت بە نەبوونی پێویستیی شیعر، ئاگادارکردنەوەیەک بوو کە پارادۆکسی خودی ئەم پڕۆژەیەی ئاشکرا دەکرد.

مالارمێ و ڕامبۆ، هەرکامەیان بە شێواز (یان ستراتیژی) تایبەتیی خۆیان، وەڵامی قەیرانی شیعر و دۆخە مێژووییەکەیان دایەوە. بە قبوڵکردنی مەترسی بەرەو سادەیی چوون، دەتوانین بڵێین کە هەرکام لەم دووانە یەکێک لە جەمسەرەکانی پارادۆکسی پاسکاڵیان هەڵبژارد و هەرکامەیان ڕەهەندێکی تایبەت لە «سەرلێشێواویی شیعری»ـییەکەی بۆدلێریان تا گەیشتن بە ئەنجامە لۆژیکییەکەی گرتەبەر.

مالارمێ بووە شەیدای جیهانی ئاسمانی و ڕۆحیی فریشتەکان، جیهانێک کە لەوێدا «غیابی بوون» نەک تەنیا شێوازێکە لە بوون، بەڵکوو دەرخەری «کاملێی بوون»یشە. خواستی مالارمێ بۆ شیعر و زمانی پەتی، ناگەڕێتەوە بۆ گەشبینییەکی ئایدیالیستی یان بڕوابوون بۆ ئایدیایەکی ئەفلاتونی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەم خواستە ڕەگوڕیشەکەی لەنێو «بەمەعنەویکردنی» شیعرە بە ناوبژیوانی فۆڕم لە ڕەشترین ڕەشبینیی میتافیزیکیدا. (هەرچەند ڕەنگە سیفەتی میتافیزیکی مەسەلەکە نەگەیەنێت و بابەتەکە لە مەبەست لا بدات، چونکە ڕەشبینییەکەی مالارمێ لە ڕاستیدا لە ئەنجامی لەناوچوونی و خاپووربوونی مێژوویی هەر چەشنە میتافیزیکێک سەری هەڵداوە). بە گوتەی سارتەر «ئەو بە گوژمێکی زیاتر لە نیچە، مەرگی خودای ئەزموون دەکرد و زۆر پێشتر لە کامۆ هەستی بەوە کرد کە خۆکوشتن پرسێکی سەرەکییە، بەرۆکی

ئیکسپێرسیۆنیزم، هەموویان دوای یەک ئامانج کەوتبوون: جیاکردنەوەی هونەر لە ڕەوتی وەڕسکەری دونیای خەڵکی عەوام. هەوڵی کۆمەڵگای مۆدێرن بۆ سڕینەوەی جیاوازییە تاکەکەسییەکان و یەکخستنی هەمووان بە یارمەتی ئایدیالە جەمعییەکانی مەسرەف و بەرهەمهێنانی زۆری کاڵا کولتوورییەکان، دوژمنی سەرەکیی ئەم بزووتنەوانە بوو. بەڵام پەرەسەندنی ئەم ستایلە هونەرییە نوێیانە، دواجار بووە هۆی لادان و گۆڕینی و لە کۆتاییدا بوو بە دژی خۆیان، واتە بوو بە «مۆدێلێکی گشتی». ئەو بەرهەمانەی کە بە مەبەستی نەفیکردن و گاڵتەپێکردن بە چینی ناوەڕاست و بەهاکانی بۆرژوازیی خولقێنرابوون، سەریان لە مۆزەخانە هونەرییەکان و هۆڵی خێزانە دەوڵەمەند و بەشکۆکان دەرچوو و ستایلە شۆڕشگێڕییەکان یەک بەدوای یەکدا پاڵاوتوو بوون و وەک ئایدیالی کلاسیکی هونەری مۆدێرن لە زانکۆکەکان دەخوێنران. ئەم بارگۆڕانە سەیرە خۆی یەکێکە لە دیارترین پارادۆکسەکانی مۆدێرنە.

مرۆڤ دەگرێت». ئەم فەزا فریشتەئاسایەی شیعرەکانی مالارمێ، دەبێت بۆ پاراستنی پاکییەکەی خۆی، بەردەوام خۆی بسڕێتەوە. مرۆڤ تەنیا لە ڕێگای غیابی بوون دەتوانێت «ڕەهایی» ئەزموون بکات و شیعری مالارمێ بواری دەرکەوتنی ئەم غیابەیە. پرەنسیپی کۆنی بێناونیشانی هونەرمەند یان شاعیر، لێرەدا گوازراوەتەوە بۆ خودی شیعریش. شیعرەکانی مالارمێ هەوڵ دەدەن شوێن پێی خۆیان بسڕنەوە. بە بەراورد لەگەڵ «شیعر هیچ گرنگییەکی نییە»ی ئیلیوتدا، دەتوانین بڵێین ئەنجامی گەڕانەکانی مالارمێ لەم ڕستەیەدا کورت بکەینەوە «شیعر مەحاڵە».

لەنێو کۆی ستراتیژە ڕیالیستییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزمدا، ستراتیژی ڕامبۆ لە ڕاستیدا سەرسوڕهێنەرە: خاپوورکردنێکی ڕێک و بەرنامە بۆداڕێژراوی عەقڵ، هۆش و هەست تا سنووری شێتی و تەنانەت لەودیو ئەوەشەوە. ڕامبۆ لەبری سەرکەوتن بۆ ئاگاییەکی پەتی فریشتەئاسا دەیویست بۆ نێو قووڵاییی ئاژەڵئاساکانی نەست و غەریزەی پەتیی خۆی بڕواتە خوارەوە. خەسڵەتە دژبەیەکەکەی ئەم ستراتیژە و شکستە پێویستەکەی، کاتێک ڕوونتر دەبێتەوە، کە ئەوە لەگەڵ جەمسەرەکەی دیکەی سمیبولیزمدا بەراورد بکەین.

پۆڵ ڤالێری، تاکە جێگرەوەی ڕاستەقینەی مالارمێ، ئاگاداری ئەو دژیەکییەی نێوان ئاگاییی پەتی و لایەنە تاریک و دژە عەقڵییەکانی غەریزە بوو. فریشتەکەی شیعری ڤالێری، کە سیمبولی ئاگاییی پەتی و ڕووناکیی ڕەهایە، بە نەتوانایی لە تێگەیشتن لە تاریکییەکی شاراوە لەنێو «دڵی ئاژەڵ»دا، بە غەمگینییەوە لە خۆی دەپرسێت «ئایا شتێکی دی جگە لە ڕووناکی بوونی هەیە؟» ئەمە پرسیارێکی بێوەڵامە، چونکە «فیکر یان زەین، ناتوانێت هیچ شتێک جگە لە خۆی و دروستکراوەکانی خۆی بناسێت». فیکر بەرانبەر هەڵهێنانی ئەم مەتەڵە دەستەوەستانە و «فرمێسکەکانی زەین لەنێو هەناوی ڕووناکی و تیشکدا بەڕێ دەکەون[٣٣]». ڕامبۆش لە سەفەرەکەی بۆ نێو «هەناوی تاریکی» لەگەڵ مەتەڵێکی هاوشێوە، بەڵام پێچەوانەکەی ڕووبەڕوو دەبێتەوە «چۆن دەکرێت بەئاگایانە بگەیت بە شێتی؟». یاریی بێمەترسیی سوریالیستییەکان لەگەڵ نەستدا، کە ئەمڕۆ بۆ هەموومان بووەتە شتێکی ئاسایی و وەڕسکەر، نەیدەتوانی ئامانجی ڕامبۆ بێت. شێتییەکی بێبەرنامە و ئاسایی هیچ ئازارێک سارێژ ناکات. ڕامبۆ دەیویست لە«هەناوی تاریکی»دا پرشنگێک لە ڕووناکی بهێڵێتەوە. هەرچەند مەحاڵ دەردەکەوت. ڕامبۆ لەبەر بەهرە ئەدەبییەکەی زۆر خێرا سنووری ئیمکانە شیعرییەکانی سەردەمی خۆی

٣٣ Paul valery, poems in the Rough, R.K.P, London ,١٩٧٠.

تێپەڕاند و لەپێناو بەرنامە شیعرییە تایبەتەکەی خۆیدا، بەتەواوی گەیشتە سنووری کۆتاییی شیعر. ئا لێرەدا بوو کە ڕامبۆ هەر بەسادەیی و بێ هیچ ڕێوڕەسمێک بۆ هەمیشە دەستبەرداری شیعر بوو. مەحاڵبوونی شیعری کە لە مالارمێدا هێشتا بە شێوەیەکی دژبەیەک لە شێوەی شیعردا دەردەکەوت، لە ڕامبۆدا بوو بە یاخیبوونێکی کردەیی. بۆ ڕامبۆ نەک تەنیا شیعر، بەڵکوو خۆکوشتنێکی سیمبولیکی شیعر چیدی بەس نەبوو، چونکە ئەم دەستەویەخەبوونەی «شاعیران»، نەک ئەوەی واقیعی ساختەیان نەدەگۆڕی، بەڵکوو خۆیان دەبوونە بەشێک لە ڕازاندنەوەی هونەرییانەی واقیع. کاتێک پاش ساڵانێک دوورکەوتنەوە لە جیهانی شیعر و ئەدەب، کەسێک بە ئاماژەکردن بۆ ئەم ناوبانگەی ڕامبۆ کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، بۆچوونی ئەوی لەمەڕ شیعر پرسی، وەڵامەکەی ئەمە بوو «گوو بە هەرچی شیعرە».

سێکوچکەی «نەفرەتلێکراو»ـی بۆدلێر، مالارمێ و ڕامبۆ، مەیدانی ڕاستەقینەی دەرکەوتنی دوالیزمەکانی سەردەمی مۆدێرن بوو. ئەوەی هیلەر ناوی لێ دەنێت «گەڕانی سیمبولیستەکان بۆ جەوهەرە گەردوونییەکان، یان جوانیی خەیاڵی»، هیچ نەبوو جگە لە کۆڵدان بۆ ئەزموونی مۆدێرنیزم لە بواری شیعردا. ئەگەر ئەم ئەزموونە هاوکاتی زیادەڕەویی ترسناک، قەیرانی شکست و لە کۆتاییشدا نەفیکردنی تەواوی شیعر بوو، هۆکارە سەرەکییەکەی ڕیالیزمی پەتی و ناوازەییی سیمبولیستەکان بوو، نە هیچ شتێکی دی. چارەنووسی شیعری ئەوان و مۆدێرنیستەکانی تر، لەگەڵ گۆڕانە مێژووییەکەی کۆمەڵگای مۆدێرندا، تەبابوونێکی ورد و ڕێکی هەبوو. داهێنان و نەریتبەزاندنە بەردەوامەکان، کە دەبێت ئەوە بە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعری مۆدێرن بزانین، هاوکات بوو لەگەڵ لۆژیکی دەروونی مۆدێرنیزاسیۆندا. تەنانەت سیمبولیستەکان لەم خاڵەش تێگەیشتن کە لە مۆدێرنەدا هەموو شتێک لە هەناوی دژەکەی خۆیدا لەدایک دەبێت: ئەنجامی ڕاستەقینەی فۆرمالیزمی مالارمێ و گەڕانەکانی ئەو لەپێناو جوانیی ئەبستراکتی پەتی، دەرکەوتنی یەکێک لە گرنگترین نمونەکانی «بەمەعنەویکردن»ی هونەر بوو لە سەردەمی نوێدا.

ئیریش هیلەریش وەک زۆربەی ڕەخنەگرە کۆنەپارێزەکانی مۆدێرنیزم، ناکۆکە لەگەڵ پێداگریی سەردەمی نوێ لەسەر تێرامان و دووبارەبیرکردنەوە لە مەسەلەکان، هەمان ئەو پێداگرییەی کە هاملێتی کردووە بە ئایدیالی سەرەکیی کەسایەتیی مۆدێرن. کەسایەتیی چەند

لایەنە، خودئاگا، ڕەند و لێوانلێو لە تەنزێکی تاڵ، کە دوژمنە ڕاستەقینەکەی لەنێو خۆیدایە. ئاماژەی هۆڵدەرلین و نیچە بۆ «غیابی خوداکان» لە ئەنجامی ئەوە بوو، کە لە سەردەمی نوێدا، مرۆڤ لە هیچ شوێنێکی جگە لە جیهانە دەستکردەکەی خۆی نییە و ناچارە کە ئاڵۆزییەکانی مێژووی مرۆیی لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی خۆیدا ئەزموون بکات. نیچە هەوڵی دا تا بە هاوکاریی ئیرادە و داهێنانی پەتی، زیهنیەتی مۆدێرن لە بەڵای تێڕامان و گومان و پەیوەستبوون بە ڕابردوو ڕزگار بکات و هەلی داهێنان و کردەی خۆڕسکانە بڕەخسێنێت. بەڵام ناکۆکی نێوان ترادیسیۆن و نوێگەری، یەکێکە لە پارادۆکسە چارەسەرنەکراوەکانی مۆدێرنیزم. پێداگریی هیلەر لەسەر «سادەیی» و «ڕیالیزم» (هەروەک هەڵهاتنی ڕۆمانتیکەکان بۆ ڕابردووی زێڕین یان ژیانێکی ناوەکیی پەتی) کاردانەوەیەکە بەرانبەر بەم بارودۆخە دژیەکە.

نهێنیی سەرنجڕاکێشبوونی ڕیلکە بۆ هیلەر (و ڕەخنەگرە کۆنەپارێزەکانی تر)یش لەم بابەتە خۆی حەشار داوە، کە ئەگەرچی ئەنجامی ئەم کارەی ڕیلکە «واقیعێکی تەواو مرۆیی»، یان جیهانێکی دروستکراو یاخود خولقێنراوی ئەو بوو، بەڵام ڕیلکە لە کردەوەدا گرنگترین نوێنەری ترادیسیۆن بوو، هەوڵی دەدا بگاتە شیعرێکی «نامرۆیی»، شیعرێک لەودیو پارادۆکسەکانی بارودۆخی مرۆیی. وا دەردەکەوێت کە «فەلسەفە«ی ڕیلکە لە قەسیدەکانی دوئینۆ و پێداگرییە ئاشکراکەی لەسەر تەنیاییی مرۆیی، تێپەڕاندنی ئەم بۆچوونە بێت. بەڵام ئەم بابەتە هیچ گۆڕانێک لە ماهیەتی شیعری ڕیلکەدا دروست ناکات. هەوڵدان بۆ هەڵهاتن لە پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزم هاوکات یەکێک بووە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ژیان و فیکری مۆدێرن، هەر بەم شێوەیەش لە زۆرێک لەو بابەتانەی پێداگری لەسەر تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی مرۆیی کراوە لە ڕوانگەی مۆدێرنیزم (هاوشێوەی پێداگری لەسەر «لەنێو مێژوودا بوون» و «کۆتاییی هەبوون» بوونی مرۆیی) تەنیا سەرەتایەک بووە بۆ «تێپەڕاندن» (یان باشتر بڵێین، هەڵهاتن بووە لە) مێژووی مۆدێرن (فەلسەفەی هایدیگەر یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترینی ئەم بابەتانە).

بە بەراورد لەگەڵ ڕەوتی سەرەکیی شیعری مۆدێرن، بەرهەمەکانی ڕیلکە دەرخەری کۆمەڵێک جیاوازي بەرچاوە. لەخوارەوە ئەم جیاوازییانە، کە لە هەمان کاتدا دەرخەری سنووردارییەکانی شیعری ڕیلکەن بە کورتی شی دەکەمەوە.

تا ڕادەیەک هەموو خوێنەرانی شیعری ڕیلکە لەسەر ئەوە کۆکن،

بنەڕەتیترین ئاستی شیعرەکانی و دەوڵەمەندی و جۆراوجۆری ئەزموونەکان، کە ڕەنگیان داوەتەوە تێیدا و کراوەیی زەین و زمانی ڕیلکە ئەزموونێکی فراوانی شیعری لەخۆ گرتووە. نەبوونی ئینتیمای ڕیلکە بۆ هیچ ڕێباز و قوتابخانەیەکی تایبەت، کە لە کردەوەدا بە واتای پەیوەستبوونی ئەو بۆ هەموو گروپ و ڕێبازەکان دەهات، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی. بەڵام ئەوەی ئەم «تایبەتمەندییە خودییە«ی ئەو سەرنجڕاکێش دەکات، دژایەتییەکەیەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی مێژوویی سەردەمەکەی، واتە دژایەتی بەرانبەر پێکهاتەی گشتی (کولتووری) و فەردی (دەروونی)، ئەزموونی مرۆیی لە سەردەمی نوێدا. پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەزموونە زێدەخواز و «چڕەکان» کرد لای بۆدلێر و دۆستۆڤسکی و ڕۆڵی ئەم ئەزموونانە لەشەڕ لەگەڵ «وەڕسی» و بێواتابوونی ئەزموونی لە ئاستێکی بەرفراواندا. بەرهەمەکانیان بەباشی گرنگیی دیاردەی «چڕی» دەردەخەن، چونکە ئێستا تەنیا بەهاوکاریی چڕی لە ڕەهەندی قووڵدا، دەتوانین ئەو واتا لە دەستچووەی لە ڕەهەندی ڕووکەشدا دەست بخەین. بەکارهێنانی وشەی «ڕووکەشگەرا-سەتحی» وەک جۆرێک لە هەڵسەنگاندنی نەرێنی یان جنێو، خۆی لەخۆیدا شایەتییە لەسەر وێرانکردنی پێکهاتەی واتاسازیی ئەزموون و زمان.

پەرتبوون و پەرتەوازەی بواتا لە ئاست و ڕووکەشی ئەزموونێکی ئۆبێکتیڤ، بەتایبەت لە ژینگەی شارەکان، بە شێوەیەکی پێویست لەنێو زیهنیەتی تاک و پێکهاتەی دەروونیی ئەودا دووبارە بەرهەم دێتەوە. لەئەنجامی ئەم بابەتەدا تاک ناچار دەبێت ڕۆڵی جۆراوجۆر (یان ماسکی جۆراوجۆر) ئەزموون بکات. خود یان ئەزموونی خودی ئەو هەرگیز ناتوانێت گشتێتییەکی هاوئاهەنگ پێک بهێنێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەو ناتوانێت پارچەپارچەبوون بەتەواوی قبوڵ بکات و بەتەواوی تەسلیمی ئەوانە ببێت. لە ئەنجامدا بۆ بەردەوامبوونی ڕۆڵی دەروونیی تاک و مانەوەی پەیوەندییەکان و نەزمی کۆمەڵایەتی، گەیشتن بە جۆرێک لە شوناسێکی دیاریکراوی تاکەکەسی پێویستە. بەڵام هەر بۆ گەیشتن بەم شوناسە ڕواڵەتییە، دەبێت بەهاکەی بدات و ئەمە حەقیقەتێکە کە زۆربەی خەڵک خۆیانی لێ دەدزنەوە. پاراستنی یەک شوناسی دیار لە ئاستی ئەزموونی مرۆییدا بە شێوەیەکی پێویست بووەتە هۆکاری ڕووکەشگەراییی ژیان. تێپەڕاندنی «بێواتاییی (ڕووکەش-سەتحی)» و دۆزینەوەی واتا لە ئاستێکی قووڵ پەیوەستە بە قووڵبوونەوە لەنێو قووڵاییی تاریکی ئارەزووو ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پارادۆکسە دەروونییەکاندا. لێکچوونە هاوشێوەکانی ئەزموونە

«چڕەکانی» دۆستۆڤسکی و ڕامبۆ لەگەڵ حاڵەتی تێکچوونی دەروونیدا هەر لەم بابەتەوە سەرچاوە دەگرێت. بەهاوکاریی دەستەواژەیەکی شۆپنهاوەر، دەتوانین بڵێین کە مرۆڤی ئاسایی سەردەمی نوێ ژیانی خۆی وەک بەرز و نزمییەک لەنێوان ئازار و وەڕسی و لە حاڵەتی زۆر توندا لەنێوان خەمۆکی و شێتیدا ئەزموون دەکات و ئەمەش بە واتای لەتوپەتبوونی ژیان و دابەشبوونی خودە بۆ ڕۆڵ و ماسکە جیاوازەکان و ڕێک لێرەدایە کە «ڕۆڵی» تایبەتی ڕیلکە ئاشکرا دەبێت. ئەو ئەم پارچەپارچەبوونە وەک بەهای عیرفانیی ژیان و بوونێکی پەتی ئەزموون دەکات، کە لەنێو ئەمەدا مرۆڤ لەگەڵ فریشتەکان جیهانێکی دی دەبینێت و هەستی پێ دەکات. ئەگەر تایبەتمەندیی فریشتەکانی ڤالێری ئاگایی پەتی بێت، لە بەرانبەردا فریشتەکانی ڕیلکە بوونی پەتی زیاتر هیچ نین. لە ڕاستیدا ڕیلکە جگە لە شەیدایی واتا دوای هیچ ئامانجێکی دیکە ناکەوێت. بەڵام وەها دێتە پێشچاو، کە دەیەوێت لە شیعرەکانیدا (بەتایبەت لەنێو قەسیدەکانی دوئینۆ و ئاوازەکانی ئۆرفیۆسدا) ئەم ئەزموونە قووڵە لە ئاستی گشتیی ژیاندا پەرە پێ بدات. واتە لە ئاستی قەڵەمڕەوە زۆر و ناکۆتاکانی ئەزموونی ژیاری، هەستی، دەروونی، ئەخلاقی، ئایینی، هونەری و میتافیزیکی و هتد. ئەو قەڵەمڕەوانەی کە لەوێدا مرۆڤ لەگەڵ شت، ڕووداو، ڕەنگ، بۆن، خەڵک، فریشتە، واتا، خولیاکان، خەم و شادییەکاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە و لە پشتەوەی ئەم ژیانە فرەڕەهەندە، جۆرێک لە یەکگرتوویی عیرفانی ئاشکرا بکات.

بۆ ڕیلکە، شیعر دەرخەری بنەڕەتیی ئەم «بوونە پەتی»ـەیە. گومانی تێدا نییە کە شیعر دەتوانێت مرۆڤ (شاعیر و خوێنەر) تا ئاستێک لە نەفرەتی ئەم پارچەپارچەبوونە ڕزگار بکات. بەڵام شیعریش خۆی بەتەواوی لەم نەفرەتە پارێزراو نییە. شیعر تەنیا کاتێک دەتوانێت یەکگرتن و واتا دروست بکات، کە پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ژیان و مێژوودا بپارێزێت. بەرکەوتنی دوولایەنی سیمبولیستەکان لەگەڵ شیعر و مەحاڵبوونی ئەوە لە سەردەمی نوێدا دەرخەری ئاگاییی ئەوانە لەم حەقیقەتە کە شیعر و ژیان هەم لەگەڵ خۆیان و هەم لەگەڵ یەکدیدا دژبەیەکن و قبوڵکردنی یەکێکیان لێکەوتەکەی دەبێتە هۆکاری نەفیکردنی ئەوی دیکەیان. هەربۆیە هەوڵی ڕیلکە بۆ قبوڵکردنی شیعر وەک بوون یان ژیانی پەتی، ئەنجامەکەی جگە لە نەفیکردنی ژیانی واقیعی هیچی بەدواوە نەبوو.

تا ڕادەیەک هەموو شاعیرەکان لە ژیانی هونەریی خۆیاندا، یەک یان چەند ماسکێکیpersona شیعرییان بۆ خۆیان خولقاندووە. خولقاندنی

ئەم ماسکانە لە ئەنجامی پارادۆکسی خود و زاتی شیعرییە لەگەڵ خودی ئەزموونی شاعیردا، بەڵام لە ڕیلکەدا ئەم پارادۆکسە بە هیچ شێوەیەک ئەو گوژم و گرنگییەی بابەتەکانی تری نییە. بۆ ئەو ژیان (ئەزموون) و شیعر، پێکەوە سازن و هەر یەک شتن. بە هەمان شێوە کە لە مەبەستە سیمبولیکەکەی ئەو سەبارەت بە پێگەی شیعر لە کەشتیی (کۆمەڵگا یان جیهان) دەردەکەوێت، ڕیلکە ئەو فیگورە پەیامبەرئاسا و عاریفەیە، کە لەودا هەموو ئەزموونە مرۆییەکان دەپاڵێورێن و تێکەڵ دەبن تا جەوهەر و پوختەی پەتیی ئەو ئەزموونانە لە شێوەی جۆرێک لەئیکسیری ژیانی شیعری بەرهەم بێت. بەپێچەوانەی (ڤ. ب. یس)، کە تەنیا هەولی دەدا ڕۆڵی جادووگەرێک ببینێت، ڕیلکە جادووساز و کیمیاگەرێکی ڕاستەقینەیە. شیعرەکانی، هەموو پارادۆکسەکان لەناو خۆیاندا «دەتوێنێنەوە« و هەر کەسێک لەم گوشراوە (پوختەوجەوهەری) ژیانبەخشە بنۆشێت، هێزی بە بەردا دێت تا ژیان لەوپەڕیدا ئەزموون بکات. ئەمە تاکە «شیعری پەتی»ی ڕاستەقینەیە، چونکە خۆی لە جیهان و کاتێکی «خەوشداری» ناڕاستەقینە بەتەواوی جیا کردووەتەوە.

ئا لێرەدایە کە جارێکی دی پرسیارە تراژیدییەکەی هۆلدەرلین بە خەیاڵدا دێت «لە ڕۆژگارێکی وەها بێڕۆح، بۆچی دەبێت شاعیر بیت؟»، ئەم پرسیارە نەک ماهیەتە مێژووییەکەی خۆی ناشارێتەوە، بەڵکوو بە ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ خەسڵەتی بێڕۆحی سەردەم، لایەنە مێژووییەکەی بەرجەستە دەکات. بەڵام ڕیلکە، تەواو بەپێچەوانەی هۆلدەرلینەوە، شاعیری هەموو سەردەمەکانە. ئەو هەرگیز ناتوانێت شاعیر بێت و پرسیارەکەی هۆلدەرلین سەبارەت بەو بێواتایە. ئەم گومانەی هۆلدەرلین پێشەکیی گومان و کنە و گەڕانە ناکۆتاکانی بۆدلێر و دڵنیاییە شاعیرانەکەی مالارمێ بوو سەبارەت بەمەحاڵبوونی شیعر. پرسیارەکەی ئەو دەربڕی ماهیەتە پارادۆکسییەکەی ئەزموونی شیعری بوو لە سەردەمی نوێدا و ئەمە مەسەلەیەکە کە ڕیلکە وەک پەیامبەری شیعری پەتی تەنانەت لە خستنەڕووی شتی وەها خۆی دەدزییەوە. بۆ ڕیلکە شیعر پێکهاتەیەکە لە سروود و نزا و ستایشی ژیان. بە ئاگایانەوە ڕیتمێکی نیمچە ئایینی دەبەخشێتە شیعرەکانی، بەڵام ئەم ڕیتمە «ئایینییە« هیچ هەستیارییەکی سەبارەت بەڕاستی و ئەزموونە ئاینییەکانی لەگەڵدا نییە. هەر ئەم مەسەلەیە ڕیلکە لەگەڵ بوونگەرایی یان ئەو ڕێبازانەی دی، کە هەوڵ دەدەن بە لاساییکردنەوەی شێوازێک لە ئەزموونی ئایینی، بازاڕیان گەرم بکەن، نزیک دەکاتەوە. ڕیلکە لەدوا شیعرەکانیدا ڕاڤەیەکی فەلسەفی بۆ ژیان و بوونی پەتی دەخاتە ڕوو، کە بنەماکەی گۆڕینی

شیعر و شاعیرییە بۆ «ئایینی سەردەمی نوێ» و دروستکردنی جۆرێک لە ڕێبازی شاعیرانەی ستایش و سرووودە. ئەوە ڕاستە کە سەبارەت بەم مەسەلەیە ئەو میراتگری هۆڵدەرلینە، بەڵام هۆڵدەرلین لە سەردەمێکدا هەوڵی دەدا تا جەوهەری ئەزموونی ئایینی لە ڕێگای شیعرەوە دەربڕێت، کە ئەم جۆرە خولانەوانەی واتا بە هیچ شێوەیەک باو نەبوو. چونکە هەر خۆی باجی ئەم ئەزموونە شیعرییەی، بە چڵ ساڵ ژیانی لەنێو تاریکیی شێتیدا دایەوە و بەم شێوەیە ماهیەتی سەرەکیی سەردەمەکەی خۆی ئاشکرا کرد.

پاشان هۆڵدەرلین سەبارەت بە ڕاستییە ئایینییەکان خەمسارد نەبوو. ئەزموونی خودایی بۆ ئەو شێوازی بنەڕەتی هەبوو: خوداوەندەکانی یۆنانی دێرین و مەسیح. لە هەردوو لایەنەکەوە توانی بە هەستیارییە شاعیرانەکەی خۆی دزە بکاتە نێو کرۆکی ئەم ئەزموونانەوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر دژیەکیی بنەڕەتیی نێوان ئەم دووانە یان گوێی پێ نەدات، ئەگەرچی گرژی نێوان ئەم دوو ڕاقە و هەڵسەنگاندنەی ئەو بۆ ئەزموونی خودایی، گڕوتینی بەخشییە شیعرەکانی، بەڵام ئەو هەرگیز جەوهەر و واتا زاتییەکەی ئەوانەی نەکردە قوربانیی «مەعنەویەتی شاعیرانە«، یان پێویستییە هەنووکەییەکانی سەردەمەکەی.

هاوتەریببوونی ڕاستەوخۆی ژیان و شیعر، هەمان ئەو شتەیە کە ڕیلکەی کرد بە شاعیری ڕەسەن و پەتیی «هەموو سەردەمەکان» و زەمینەی دەرکەوتنی ڕێبازی ستایشکردنی لەودا دەستەبەر کرد. ئەم «ڕێبازەی ڕیلکە« کە کەموکورتی و پێویستییە دەروونییە تایبەتییەکانی تێر دەکرد (هێشتاش هەروایە) لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی زۆری کتێب، گوتار و نامە و یادەوەریی تایبەتییەوە پتەوتر دەبوو. بە گوتەی هامبۆرگەر «چوار دەیە پاش مەرگی ڕیلکە، هێشتا هەر لافاوی کتێب و گوتارەکان سەبارەت بەو بەردەوامە، چمای لەو مەودایەدا هیچ شتێک ڕووی نەداوە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیەکی زۆری خوێنەرانی شیعر، بەحاڵەتێکی تا ڕادەیەک بێزارییەوە، لە شیعری ڕیلکە دوور دەکەونەوە». ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە توانیویانە زاڵ بن بەسەر پێویستییە فەردی و کۆمەڵایەتییەکانیان و چیدی پێویستیان بەم جۆرە «ڕێبازی شاعیرانە«یە نەبێت.

ڕیلکە و هیلەر، هەردووکیان هێشتا بە شێوەیەکی قووڵ پەیوەستن بە تێڕوانینی ڕۆمانتیکانە بۆ شیعر. (بەڵێ-کردن) و ستایشە تاکڕەهەندییەکەی ئەوان لە «واقیع» لەسەر بنەمای لەبەرچاونەگرتنی پارادۆکسەکانی مۆدێرنیزم، جیاکردنەوە و شیکارییەکی ڕاستەوخۆ بۆ

لایەنە پێکەوەبەستراوەکانی گشتێتییەکی مێژوویی و «چارەسەکردنی» هەموو پارادۆکسەکان بە شێوەیەکی زەینی و هەرەمەکی، ڕەگی داکوتاوە. تێڕوانینە، عیرفانییەکانی ڕیلکە، سەرەڕای هەڵبەزودابەزە توندەکانی کەشتییەکە، هاوکات بەستراوەتەوە بەو ئاسۆیانەوە کە دەکەونە ئەودیو مێژووەوە، بەڵام ناکرێت شیعر ببەستێتەوە بە شوێنێک لەودیو مێژووەوە، چونکە جێگیربوونی شیعر لە پلەیەکی وەهادا ناتەبایە لەگەڵ خەسڵەتی حەقیقەتی شیعری.

هونەر تەنیا لە ڕێگای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پارادۆکس و دژوازییەکانی واقیع دەتوانێت، واقیعی لەدەستچووی سیمبول بۆ ئەو بگەڕێنێتەوە. هونەرمەند وەک بەشێک لە واقیع ناتوانێت سەبارەت بە ماهیەتی مێژوویی سەردەمەکەی خۆی نامۆ و خەمسارد بێت، چونکە ئەنجامی وێناکردنێکی وەها، بە واتای جیاکردنەوەی واتا لەواقیع و خاپوورکردنی سیمبولەکان دێت. لە جیهانێکدا کە بەدەست بێواتایی، پەرشوبڵاوی و پارادۆکسە ناوەکییەکانەوە ئازار دەکێشێت، بەرەو ڕیالیزم چوون، نەک تەنیا تەبا نابێت لەگەڵ «سادەیی» و سادەگەرایی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، زمانی سیمبولیکی هونەر تەنیا بە ئاڵۆزتربوون دەتوانێت توانای دەربڕینی خۆی بەدەست بهێنێتەوە و ئاڵۆزیی زیاتر بە واتای قبوڵکردن و ئەزموونی پارادۆکسەکان دێت، نەک چارەسەرکردنیان لە ڕێگای گشتێتییەکی زیهنییەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت بڵێین دژیەکیی هونەر و واقیع، یان هەمان جیاکردنەوەی سیمبول لە واقیع، هەروەک پارادۆکسەکانی تری مۆدێرنیزم، ماهیەتێکی دوولایەنەی هەیە. قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی ئەم دژیەکە بەیەک ئاست هەڵەیە و ئەزموونی پراکتیکیی قوتابخانە هونەرییەکانیش ئەم مەسەلەیان پشتڕاست کردووەتەوە. ئەگەر ڕێبازی «هونەر لەپێناو هونەر» بە سڕینەوەی هەموو بەها ناجوانیناسییەکان لە «هونەری پەتی» ئەوی بۆ ئاستی فۆرمالیزمێکی نەزۆک دابەزاند، ئەوا هەوڵی ئاڤانگاردەکانی سەدەی بیستەم بۆ تێکەڵکردن و توانەوەی هونەر و واقیع لەگەڵ یەکدا، یان هەمان ئەو پڕۆژە نیچەییەی جوانیناسانەکردنی ژیان و جیهان، بووە هۆکاری ئەوەی خەسڵەتی داهێنەرانەی هونەر، تووشی لادان بێت و بە ڕەتکردنەوەی ڕەهەندی ترانسێندتاڵی هونەر و دابڕاندنی لە واقیع، هێزی ڕەخنەگرانەی هونەری سنووردار کرد.

هەوڵی هونەری پەتی بۆ جیاکردنەوەی تەواوی هونەر لە واقیع و هەوڵی هونەری ئاڤانگارد لە یەکگرتنی تەواوی ئەم دووانەدا، یەک ئەنجامی

لێکەوتەوە. نەفیکردنی پەیوەندییە دژیەکەکەی نێوان هونەر و ژیان وەک دوو قەڵەمڕەوی سەربەخۆ و لێکدانەبڕاو. سەبارەت بەم دوو هەڵوێستە، دەشێت بڵێین کە داهێنان و تێگەیشتن لە بەرهەمە هونەرییەکان، هیچ نییە جگە ئەزموونێکی ئاگایانەی پارادۆکسە شاراوەکانی نێو واقیعی مێژوویی، کە هونەرێکی سەربەخۆ خۆی بەشێکە لەوە. حەقیقەت و توانای ڕەخنەگرانە و ڕزگاریبەخشی هونەریش لەسەر ئەم تایبەتمەندییە ڕەگی داکوتاوە، واتە لەسەر دیالێکتیکی دووری و نزیکی یان مەودای دیالێکتیکی هونەر لە واقیع ـ مەودایەک کە جگە لە ڕیالیزم، حەقیقەتی خەیاڵی هونەر و هیوا بۆ بەدیهاتنی «واقعێکی تر» مسۆگەر دەکات. بەڵام لە سەردەمی ئێمەدا، هیوای ڕاستەقینە زۆر جار لە بێهیواییەکی ڕاستگۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت. شیکارییەکەی هیلەر لە شیعری مۆدێرندا وەک «سەرکێشییەکی ترسناک» دەریدەخات کە ئەو هێشتا بوێریی بێهیوابوونی نییە.

شارڵ بۆدلێر یەکەم کەس بوو کە لە ستایشی «جوانی و شکۆ و مەزنی»ی ژیانی مۆدێرن دوا. لە هەمان کاتدا ئەو یەکێک بوو لەو یەکەمین کەسانەی کە تێگەیشت ئەم ژیانە چ «پۆخڵەوات و سەرلێشواوی و هەژارییەکی» لەگەڵدایە. لەوکاتەوە تا ئێستا، بازدان «یان کەوتنە« نێو چاڵی تاریک و خۆبەدەستەوەدان بۆ ژیان لەنێو «هەڵدێرگەی مۆدێرنیزم» چارەنووسێکی حاشاهەڵنەگری ئێمە بووە. ئەمە هەڵدێرگەکەیە کە تێیدا بەهەشت و دۆزەخ، فریشتە و ئاژەڵ و جوانی و لەناوچوون لێکدانەبڕاون.

سەرچاوە:

شعر مدرن، از بودلر تا استیونس، مراد فرهادپور، نشر بیدگل، چاپ دوم، صص. ٤٥–٨٠.

# گفتوگۆ لەگەڵ موراد فەرهادپوور

لەم گفتوگۆیەدا موراد فەرهادپوور نووسەر و ڕووناکبیری ئێرانی، بە چڕی و درێژی دەربارەی کێشە و تەڵزمەکانی شیعر و ئەدەب لە سەردەمی ئێستادا قسە دەکات و بەوردی ئاماژە بە گرفتەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێرانی بەتایبەت شیعر دەکات و ڕەخنە لەو عیرفانییەتە دەگرێت کە لە ئەدەبیاتدا کراوەتە مۆدێل. موراد فەرهادپوور دەڵێت کێشەی شیعری ئێمە ئەوەیە بووەتە ڕێڕەوێک بۆ هەڵهاتن لە قەیران و کێشەکانی سەردەمی مۆدێرنە. بەجۆرێک هەر کە باس لە شیعر دەکەین، هەمووان ڕێک دەکەونە بیری ئەو مەعنەویەتە ڕەها و پاکەی کە دوورە لە گەندەڵییەکانی مۆدێرنە و ژانەکانی ژیانی شار. کە باس لە شیعر دەکەیت، هەمووان نەبرەی دەنگیان سۆزی تێ دەکەوێت و تووشی نوستالژیا دەبن. هەروەها دەڵێت ئەم عیرفانییەتەی نێو ئەدەب لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا هەڵیکردووە و خراپترین شێوازی ستەم و گەندەڵی قبوڵ کردووە.

پرسیار: بەڕێز فەرهادپوور، لەگەڵ ئەوەی سوپاست دەکەم بۆ ئەم چاوپێکەوتنە، یەکەم پرسیارم سەبارەت بەو ڕەخنەیەی تۆ، کە لەبارەی گوتاری «سەرکێشییەکانی شیعری مۆدێرن»ی هیلەر ئێریش نووسیبووت دەست پێ دەکەم. بە بۆچوونی تۆ ئایا شیعری مۆدێرنی ئێرانیش تووشی هەمان قەیران هاتووە؟

موراد فەرهادپوور: لەو گوتارەدا وەک لایەنێکی پۆزەتیڤ باس لە قەیران کراوە، لە ڕاستیدا پێداگریی ئەو گوتارە لەسەر ئەوە بوو، کە شیعری مۆدێرنی ئەورووپی لە هەناوی قەیرانی مۆدێرنیزمدا لەدایک بووە، باسەکە لەسەر ئەوە بوو کە بۆچوونە کۆنزەرڤاتیڤەکانی کەسانی وەک هیلەر پێداگری لەسەر واتا لە کۆمەڵگایەکی بێقەیران دەکات، کۆمەڵگایەک کە تێیدا واتا و ڕاستی لەگەڵ یەکدا هاوئاهەنگن، بەڵام بە بۆچوونی هیلەر لە سەردەمی مۆدێرندا ئەو هاوئاهەنگییە تێک چووە و ئێمە تووشی درۆینە-بوونی واتا و بێواتابوونی ڕاستی هاتووین و ئەم بابەتە شیعری مۆدێرنی بەرەو جۆرێک لە ئاڵۆزیی ساختە بردووە،

بەرەو خولْقاندنی واتاکان و جیهانە شیعرییە پەتییەکان لەودیو جیهانی ڕاستەقینەوە. کەسانی وەک هیلەر لەم بابەتەدا گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی کە شیعر دەبێت سەرلەنوێ فەزیلەتی سادەبوون بەدەست بهێنێتەوە. یەکێتیی وشە و ڕاستی، یان واتا و سمبول سەرلەنوێ بەگەڕ بخاتەوە. قسەی من لەوێدا ئەوە بوو کە دەولْەمەندیی شیعری مۆدێرن و پەیوەندی لەگەلْ واقیعی مۆدێرندا ڕێک قبولْکردنی ئەم حالْەتی قەیرانەیە. قبولْکردنی بێمانابوونی ڕاستی و قبولْکردنی هێرشی نیهیلیزمێکە کە نیچە باسی دەکات، کۆلْدان بۆ ئەم ئەزموونە نیهیلیستییە و چوون تا دواڕادەی ئەم ئەزموونانەیە، کە هاوکاریی شیعری مۆدێرنی ئەوروپی کردووە تا ئەم ئاستە دەولْەمەند و لە ڕاستیدا وەلامدەرەوە و ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەلْگا ئالْۆزە مۆدێرنەکان بێت. هەولْدان بۆ سەرکوتکردنی ئەم دیالێکتیک و پارادۆکسانە بە شێوەیەکی یەکلایەن، دەرخەری نۆستالژیا و دلْتەنگییە بۆ هەبوونی واتایەکی گشتگیر لە کۆمەلْگایەکی یەکپارچە و بێ پارادۆکس و قەیراندا، وێناکردنێکی بەم شێوەیەش لە ڕاستیدا بە واتای نەفیکردنی چالاکیی ناوەکیی خودی شیعری مۆدێرنە. ئەم بۆچوونەش، بۆچوونێکی کۆنزەرڤاتیڤانەیە کە ئامادە نییە هەبوونی پارادۆکسە دیالێکتیکییەکان قبولْ بکات و دەیەوێت هەموو شتێک بە شێوەیەکی یەکلایەن لە گشتیبوونێکی بێبەری لە پارادۆکس و دژوازی چارەسەر بکات. ئەمە کورتەیەک بوو لە قسەکانی من سەبارەت بە شیعری مۆدێرنی ئەوروپی و وەسفە کۆنزەرڤاتیڤ و یەکلایەنەکەی هیلەر لەو بارەیەوە. بەلام ئەوەی کە سەبارەت بە شیعری مۆدێرنی ئێرانی بارودۆخەکە چۆنە، دەبێت بلْێم ناکرێت ئەم باسە ڕاستەوخۆ بە شیعری مۆدێرنی فارسییەوە ببەستینەوە.

پرسیار: گوتاری شاعیر و ڕەخنەگرێک لە یەکێک لە گۆڤارە ئەدەبییەکاندا بلاو بووەتەوە کە سادەیی و سادەنووسی بە فریوی سادەنووسەکان ناوزەد کردووە. ئێستا دەمەوێت بپرسم ئەو قەیرانەی کە لە شیعری مۆدێرنی ئەوروپیدا باسی لێوە کراوە، ئایا لە کۆمەلْگای ئێمەشدا لەبەر هەبوونی هەمان هەلومەرجی کۆمەلْگا مۆدێرنەکان بوونی هەیە یان نا؟

موراد فەرهادپوور: هەرکام لەم شتانە ئەگەر بە شێوەیەکی یەکلایەن و ئەبستراکت و لە شێوەی دروشم بخرێنە ڕوو و هاوشێوەی ڕێسایەک بانگەشەی بۆ بکرێت، بە دلْنیاییەوە زۆر مندالانە و بێبەرهەم دەبێت. شیعر، دەبێت سادە بێت، بەلام لە شوێنێکدا سادەبوون پێویستیی ئەو شیعرە بێت و دەبێت ئالْۆز بێت، لە شوێنێکدا کە ئالْۆزی لەنێو زاتی

شیعردا حەشار دراوە. زۆر جاریش گەیشتن بە سادەیی پێویستی بە زەین و تاقانەبوونێکی ئاڵۆزە هەروەها بەپێچەوانەشەوە، زۆر جار ئێوە تەنیا بە هاوکاریی تەکنیکی سادە یان تێڕوانینێکی سادە دەتوانن لە شیعردا بگەن بە ئاڵۆزی. هەر بۆیە، ئەم بابەتە ئیتر بە شێوەیەکی جیاواز و هاوشێوەی ڕێسایەک بۆ شیعرنووسین دەخرێنە ڕوو و زیاتر لە کتێبەکانی چێشتلێنان دەچن. مەسەلەی تەنگژەی شیعری مۆدێرن، واتە ئەو بەشەی کە لەو کتێبەدا خراوەتە ڕوو، پرسێکی فەلسەفی-مێژووییە و لە ڕاستیدا دوو تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە مۆدێرنە و مۆدێرنیزم تا هەنووکە بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە شیعری مۆدێرن دەخەنە ڕوو. ناکرێت ئەم باسە ڕاستەوخۆ بگوازینەوە بۆ ئێرە. چونکە پێش زەمینەی مێژوویی ئێمە شتێکی ترە و لەم کۆمەڵگایەی خۆماندا ڕووبەڕووی تێڕوانینی وا نابینەوە. واتە کەس شیکارییەکی کۆنزەرڤاتیڤانە و نادیالێکتیکی لە مۆدێرنە نەخستووەتە ڕوو، تا من لە بەرانبەردا شیکارییەکی تر بخەمە ڕوو، ئەو دوو گوتارە لە کتێبی شاعیراندا لە بەستێنێکی مێژوویی و کولتووریی جیاوازدا، شیکاری بۆ بابەتێکی تر دەکەن.

بەڵام سەبارەت بە شیعری فارسی دەکرێت باس لە کۆمەڵێک قەیران و گرفتی تر بکرێت، کە شیعری مۆدێرنی فارسی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. گەر بمانەوێت باسی ئەم کێشانە بکەین، ئەوا یەکێک لە دەردەکان یان نەخۆشییە سەرەکییەکانی ئێمە ئەو شتەیە کە من ناوی لێ دەنێم زاڵبوونی تێڕوانینی ڕۆمانتیک و عیرفانی، بە تایبەت عیرفانی.

لە ڕوانگەی سیاسییەوە عیرفان و نەریتی هزری عیرفانی بۆ ئێمە بەتەواوەتی کارەسات بووە. دیکتاتۆریەتی ئاسیایی و ڕەگوڕیشەکانی هەر لەنێو ئەم تێڕوانینە عیرفانییەدا خۆی مەڵاس داوە. لە بواری کولتووریشدا بە بۆچوونی من عیرفان بەرئەنجامی زۆر نێگەتیڤی بۆ کۆمەڵگای ئێمە بەجێ هشتووە، بەتایبەت لە بەرکەوتنی ئێمە لەگەڵ مۆدێرنە و لە دەسکەوتنی جۆرێک لە پێگەیشتنی مێژووییدا. عیرفان و نەریتی عیرفانی بە واتایەک دەرخەری جۆرێک لە هەڵهاتنن لە واقیعی چواردەور و بێدەنگی بەرانبەر بە نەهامەتییەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا. جۆرێک لە خۆفریودان و پەنابردنە بۆ فەزایەکی مەعنەویی ساختە و درۆزنانە. بۆیە جێی خۆیەتی گوتاری عیرفانی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە لە ڕوانگەی مێژووییەوە ڕەخنەی لێ بگیرێت. یەکێک لە پێشمەرجە بنەڕەتییەکانی ئاگایی و پێگەیشتنی

مێژوویی ئێمە بەوە دەستەبەر دەبێت، کە بتوانین بە شێوەیەکی ڕەخنەیی ڕووبەڕووی ئەم گوتاری عیرفانییە ببینەوە و خۆمان لە بەرئەنجامە نەرێنییەکانی ڕزگار بکەین. واتا و مەعنەوییەت هاوکات لە ئەنجامی گۆڕانی مێژووییەوە لەدایک دەبن، واتە لەدایکبوونی ئامادەبوونی واتا لە جیهانێکی ماددی و مەعنەوی و لێوانلێو لە گرژی و پارادۆکسدا. هەر ئەم هۆکارانەشە دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانی مێژوویی. کاتێک ئێمە ئەم گرژی و پارادۆکسە بەلاوە بنێین، ئەوا بەم شتە لە ڕاستیدا واتایەکی ڕەهای گشتی دەخەینە ڕوو، کە بەڕواڵەت زۆر مەعنەوی دیارە، بەڵام لە ناواخندا ئەوە تەنیا ڕووکەش یان سەرپۆشێکی مەعنەوییە لەسەر ڕاستییەکی ئەزموونی کە بوونی قبوڵ کراوە. دوا بەرهەمیشی بە جۆرێک تێکەڵکردنی ئەزموونگەرایی و عیرفانە. لە ڕاستیدا ئەمانە حوکمی دووڕێرەویان هەیە کە هزر و کولتووری ئێمە لەسەری دەڕۆن: ئەزموونگەراییەکی پەتی و عیرفانی پەتی، ئەم مەعنەویەتە ڕەها و پەتییە بەرانبەر بە جیهان، بەرانبەر بە مێژوو و کۆی ڕاڤەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتیی سەربەخۆ دەبێت. مەعنەویەتێکی بێ کات و بێ شوێن، کە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی ماددیی تێدا نییە. پاشان ئەم مەعنەویەتە عیرفانییە لەبەر ئەوەی لەگەڵ واقیعی جیهاندا دەستەویەخە نابێت، ئەوا واقیعیش ناگۆڕێت و ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئێوە لەتەنیشت ئەم واتا ڕەهایەدا، بەدوای جۆرێک پەرستنی کرچ و کاڵی ڕاستییەکاندا، بەدوای جۆرێک لە ئەزموونگەرایی کرچ و کاڵیشدا دەگەڕێن. بە جۆرێک کە لە کرداردا خراپترین فۆڕمی ماتریاڵیستی لە پشتەوەی ئەم عیرفانە ساختەیە نووستووە. عیرفان واتە ڕەتکردنەوەی مێژوو، ڕەتکردنەوەی ئەوەی کە مەعنەوییەت لە هەناوی پارادۆکس و تێهەڵچوونی واتا لەگەڵ ڕاستیدا، لەگەڵ شتێک جگە لە واتا دەردەکەوێت. واتە لە ڕێگای بەرجەستەبوونی واتا و ئامادەبوونی واتا لە جیهانێکی مێژوویی کە هاوکات لەگەڵ گۆڕانکاری، پارادۆکس و گرژی تێکەڵ بووە. لەم ڕێگایەوەیە کە واتا لەدایک دەبێت. لە کاتێکدا ئێمە دەست لە مێژوو هەڵدەگرین، ئەوا لە ڕاستیدا دەستمان لە گرژی و ئەم پارادۆکس و دژوازییە هەڵگرتووە، ئەنجامەکەشی هیچ نابێت جگە لە نوقمبوون لەنێو تێڕوانینێکی ئوستورەیی و مەعنەویەتییەکی ڕەها و پەتی لە دەرەوەی مێژوو و لە دەرەوەی کات، کە جەوهەرەکەی تەنیا شتێکی دووبارە و قەدەر و چارەنووس و یان چارەنووسی دووبارەیە. لە ڕوانگەی هزری ئایینیشەوە دەکرێت بگوترێت ئەم مەعنەویەتە لە ئەنجامی ڕۆچوون بەرەو کوفر دروست دەبێت، چونکە ڕەگوڕیشەی تێڕوانینی تاکباوەڕی

هەر لە پەیوەندیی واتا لەگەڵ مێژوو و لەگەڵ گۆڕانی ڕاستیدا خۆی حەشارداوە.

لە کۆنتێکستی کولتووری و نەریتی عیرفانیدا، مەعنەویەتی ڕەها دەکەوێتە تەنیشت ئەزموونگەراییی ڕەهاوە. ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە ئێمە واقیعێکی دوورەدەست لە هەر واتا و مەعنەویەتێک قبوڵ دەکەین و هیچ گۆڕانێکی تێدا دروست ناکەین، لە هەمان کاتیشدا بە هاوکاریی کەرەستەی مەعنەویەتی عیرفانی، چاکسازی تێدا دەکەین و دەیڕازێنینەوە و کامڵی دەکەین.

پرسیار: ئێستا بە بۆچوونی تۆ، مەیل و خولیای کۆمەڵگای ئێمە پاش شۆڕشی ئیسلامی بۆچی بەرەو شیعرەکانی هاوشێوەی وەک سوهراب سپێهری دەگەڕێتەوە؟

موراد فەرهادپوور: لێرەشدا مەسەلە سەرەکییەکە هەر ئەم عیرفانە ساختە و ئەم مەعنەویەتە ڕەهایەیە، کە بە شێوەیەکی تاکڕەهەند ڕاستییەکان وەک خۆی بەجێ دەهێڵێت و هیچ گۆڕانکارییەکی تێدا دروست ناکات. چونکە هەر لە بنەمادا بڕیار وایە کەرەستەیەک بێت بۆ هەڵهاتن لە پارادۆکسەکان و تێکهەڵچوونەکانی ئەم ڕاستییانە. ڕۆمانتیزمی هاوشێوەکانی سوهرابیش ڕێک لێرەدا بەکارهێنانە ئایدۆلۆژییەکەی خۆی پیشان دەدات: جۆرێکە لە هەڵهاتن لەو پارادۆکسانەی کە مۆدێرنە دروستی کردووە، خواست و مەیل بۆ سادەکردنەوە و هەڵهاتن بۆ دونیایەکی یەکپارچە، هەڵهاتن بۆ شوێنێک هەمووان باشن، هەمووان گەرموگوڕن. دەتوانن نموونەی ئەمانەش لەو فیلمانەی کە لە تەلەفزیۆن بەرهەم دێت و پەخش دەکرێت ببینن. هەموو ئەو ماڵانەی کە حەوشە و حەوزی ئاویان هەیە و دوورن لە ژیانی مۆدێرنی ئاپارتمان-نشینی لەگەڵ دار پرتەقاڵێکی جوان لە سووچی حەوشەکە و داپیرەیەک و بەکورتی ئەو دونیا تەندروست و دەست لێ نەدراوەی، کە هیچ شوێنەوارێک لە دەلاڵی و پارە و کێبەرکێ و لێدە و ببڕە و و تاوان و گەندەڵی و توندوتیژی و تەواوی پارادۆکسەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنی تێدا بەدی ناکرێت. دونیایەکی زۆر بچووکی تایبەت و پاک و دڵگیر کە لەوێدا هەمووان لەگەڵ یەک بران و یەکسانن و هیچ گرژییەک لە ئارادا نییە. تەنانەت لە ناخی مرۆڤەکانیشدا هیچ لایەنێکی تاریک و نەرێنی بوونی نییە، ئەم جۆرە هەڵهاتنە بۆ نێو ژیانێکی سادە و بە ڕۆمانسیکراو لە شیعر و بە شێوەیەکی گشتی لە کولتووری ئێمەدا دەبینرێت. هەڵهاتن لە جیهانێک، کە هەموو باشییەکانی تێکەڵ بووە و تەنانەت لەسەر بنەمای هەڵپە و توندوتیژی و درۆ و ڕەزالەتیشە، هەمان

ئەو جیهانەی کە وەک نیچە دەڵێت: لە پشتەوەی هەموو شتە باشەکان و جوانییەکانی وەک شارستانییەت، کولتوور و ئەخلاقیات، دەریایەک خوێنی دڵڕەقی، خۆی شاردووەتەوە. دەکرێت بڵێین ئەمە یەکێکە لە دەردەکانی شیعری ئێمە، شیعر بووەتە ڕێڕەوێک بۆ ئەم جۆرە لە هەڵهاتن و بووەتە مۆڵگەی هەڵهاتن. بەجۆرێک هەر کە باس لە شیعر دەکەین، هەمووان ڕێک دەکەونە بیری ئەو مەعنەویەتە ڕەها و پاکەی کە دووره لە گەندەڵییەکانی مۆدێرنە و دەردەکانی ژیانی شار. تا باس لە شیعر دەکەیت، هەمووان نەبرەی دەنگیان سۆزی تێدەکەوێت. تووشی نوستالژیا دێن. وەک بڵێی هەرگیز نەکرێت شیعرێکی ساردی بێوێنە و گوتەی سۆزدار و بێ ئاهـ و ناڵە باوەکان بنووسرێت، یان بخوێنرێتەوە. شیعر خێرا و بێ هیچ نێوەندگرێک ئێمە دەبەستێتەوە بە دەروونناسیی کەسانەوە. دەمانبەستێتەوە بە زام و ئاهـ و ناڵە تاکەکەسییەکانیان. لە ڕاستیدا نێوەندگیرییە کولتوورییەکان و ئەو شتەی شیعر دەکات بە شیعر، لەناو چووە. واتە هەمان ئەو ڕەگەزانەی کە شیعر لە حاڵەتی تەجەلای پەتی و بێ نێوەندگیریی ئەزموونە دەروونییەکانی کەسێک دەردەهێنێت و لە ڕێگەی کەرەستەی تری وەک زمان و ڕەوانبێژی و نەریتە شیعرییەکانەوە دەیکات بە بەرهەمێکی ئەدەبی. بەرهەمێک کە دەتوانێت بۆ هەمووان واتادار بێت و تەنیا بریتی نەبێت لە ئاهـ و ناڵە و ڕەنجی کەسێک کە گریمانەی ئەوە بکرێت تووشی گرفتی دەروونی هاتووە. کاتێک هەموو ئەم نێوەندگیری و کەرەستانە دەپچڕێت، ئەوا شیعر تەنیا دەبێتە تەجەلای پەتی و گرێ و ڕەنج و ناڵەی دەروونی، کە ئەمە دیسان دەرخەری خواستی هەڵهاتنە بۆ دونیایەکی سادەکراو، کە شیعر ئەمەی لە چوارچێوەی عیرفاندا دەستەبەر کردووە.

لە ڕاستیشدا ئەمە دەرخەری دەروونناسیی کەسانێکە، کە ئامادە نین لە ئەزموونەکانی جیهانی مۆدێرنە تێبگەن و ملی بۆ بدەن. هەربۆیە هاوکات دڵتەنگی و حەسرەت و نۆستالژیای ڕابردوویان هەیە. دڵتەنگبوون بۆ سەردەمی منداڵی و پاکیی خۆیان، ئەم هاوبەرانبەرکردنەی پاکی، لەگەڵ گەندەڵیی ژیانی مۆدێرندا شتێکە، کە لە هەموو پنتەکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێت، تەنانەت چوون بۆ شاخ و شاخەوانی بە جۆرێک لە ڕێوڕەسمی عیرفانی بۆ ڕزگاربوون لە پیسییەکانی ژیانی شار دادەنرێت، تا بگات بە شێوازی شیعر خوێندنەوەی کەسانێک تەنانەت شیعرەکانی سوهراب خۆیشی، کە لە هەموو ئەم مەسەلانەدا ئێمە لەگەڵ جۆرێک لە دەروونناسیی ترساو تا ترسێنراو و تاکڕەهەندی و بێ نێوەندگیرییەک و تاڕادەیەک کرچ و کاڵ ڕووبەڕوو دەبینەوە، کە ئامادە نییە کۆڵ بۆ ئەکت

و پارادۆکسـەکانی مۆدێرنـە بدات. ئـەم جۆرە مامەڵەیـە لەگـەڵ ژیانـی مۆدێرنـدا، پیشـاندەری غیابـی پێگەیشـتنە. مـرۆڤ لـەم سـاتانەدا تووشـی برینـی ڕۆح دەبێت و دواتـر بـێ هیـچ نێوەندگیرێـک ئـەم برینـە لـە شـێوەی قیـژە و هـاوار و دەربڕینـی ناڵـە و فوغانـدا لـە چوارچێوەی مەعنەویەتێکـی وەهـادا دەردەبڕێـت. ئەنجامەکەشـی برەودانـە بـە تێڕوانینـی عیرفانـی. لـە ڕاسـتیدا کـۆی باسـەکە لەسـەر ئەوەیـە کـە واتـا لـە کام فۆڕمـی هونەریـدا لـە ڕێگـەی تێکەڵبوونـی ئـەم ڕەهەنـدە پارادۆکسـانە دروست دەبێت، نـەک لـە ڕێگای جیاکردنەوەیـان و دروسـتکردنی دونیایەکـی سـاختە بـۆ خـۆت لەژێـر حوکمـی عیرفـان و عیرفانیبوونـدا. نـەک ئـەوەی سنوورەکانی ژیـان بۆ خۆتان بەرتەسـک بکەنـەوە و بـۆ نموونـە ژیانـی خۆتـان بـۆ کۆمەڵێـک پنـت دابـەش بکـەن کـە بەتـەواوی لـە یـەک جیابـن، لـە دەرەوەی ماڵـەوە گورگێکـی هـار بـن کـە بـە دەلاڵـی دوای دۆلار بکـەون و لـە ماڵـەوەش باوکێکـی میهرەبـان بـن، لـە میوانیشـدا ڕۆڵـی کەسـێکی تـر بگێـڕن. هەڵبـەت ئەمـە کۆمەڵێـک جیاکارییـە کـە ژیانـی مۆدێـرن بەسـەر ئێمـەدا دەیسـەپێنێت، بەڵام زیهنییەتـی مۆدێـرن، زیهنییەتێکـە هـەوڵ دەدات لـە پارادۆکـس و گرژیـی نێـوان ئـەم ڕۆڵـە جیاوازانـە تێبـگات و ڕێگاچارەیەکیـان بـۆ بدۆزێتـەوە. مرۆڤایەتـی و تاکێتیـی هەرکەسـێک بـەم هەوڵـەوە بەسـتراوەتەوە، کـە کەمتریـن بەرهەمـی ئەمانـە ملهـوڕی و جۆرێـک لـە ویژدانـی ناوەکـی و تاکەکەسـییە، هـەر ئـەم ویژدانەشـە کـە ڕاسـتگۆیی چ لەنێـو پەیوەندیـی کەسـی و چ لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتـی دەگۆڕێت بـۆ بەهایەکـی بنەڕەتیـی ژیـان و ئەزموونـی مۆدێـرن و لەنێو دیالێکتیکی ئـەم ڕۆڵانـە و دەربڕینیـان بـە شـێوەیەکی ڕاستگۆیانەیە، کـە مرۆڤـی مۆدێـرن شوناسـی خـۆی بەدەسـت دەهێنێـت. نـەک ئـەوەی ئـەم ڕۆڵانـە لێـک جیاکرێتـەوە و هەرکامەیـان لـە شـوێنی خۆیـدا بـەکار ببرێـت. واتـە لـەو شـوێنەی کـە پێویسـتی کـرد ببێتـە کەسـێکی مەعنـەوی و عاریـف و چەنـد سـاتێک پـاش ئـەوە دابنیشـێت، چەنـد نەفـەر کەبـاب بخـۆی. ئـەو جـۆرە زیهنییەتـەی کـە دەتوانێـت لـە مـاوەی دە خولەکـدا دەسـت بـکات بـە گریـان و پاشـان بـڕوات کەبـاب بخـوات، نـەک مەعنـەوی نییـە، بەڵکوو زیهنییەتێکـە کـە دەتوانێـت مەعنەویـەت وەک کاڵا و کەرەسـتە بەکارببـات، تـا پاسـاو بـۆ خراپتریـن شـێوازی نەبوونـی مەعنەوییـەت و خراپتریـن شـێوازی نیهیلیـزم بهێنێتـەوە. هـەر لەبـەر ئـەم هۆکارەشـە، کـە دەبینیـن خراپتریـن شـێوازی ماددەپەرسـتی و دۆلارپەرسـتی لـە کۆمەڵگایەکـدا پەرەدەسـێنێت، کـە لافـی مەعنەویـەت لـێ دەدات. ڕێـک لەبـەر ئـەوەی ئـەم دوو گوتەزایـە بـە شـێوەیەکی جیـاواز لەیـەک، گریمانـەی بـۆ کـراوە، چونکـە واتـا لـە سـەرەتاوە بـە شـێوەیەکی ئوسـتورەیی و جیـا لـە ڕاسـتی، گریمانـەی بـۆ

کراوە، هەر بۆیە هاوکات دەتوانێت پەناگەیەک بێت کە ئێمە تەنیا وەک کەرەستەیەک بەکاری دەبەین و هەر بۆیە ئەم واتایە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە ڕاستییەوە نییە تا واقیع و ڕاستی بگۆڕێت، یان لایەنە نامەعنەوییەکانی ئاشکرا بکات. هەربۆیە خۆیشی مەعنەوی نییە. چونکە مەعنەویەت خۆیشی لە هەناوی ئەم دەستەویەخەبوونەدا لەگەڵ ڕاستی لەدایک دەبێت. لە شوێنێکدا کە ئەم دەرگیربوونە بوونی نەبێت، ئەوا ئێوە لە ڕوانگەی تاکەکەسییەوە تەنیا کۆمەڵێک کەرەستەی دەروونیتان لە بەردەستدایە بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێ ڕۆحییەکانی خۆتان، یان کۆمەڵێک کەرەستەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی چین و توێژەکان و بە درێژاییی مێژوو بینیومانە کە ئەم عیرفانە مەعنەوییە چۆن لەگەڵ دیکتاتۆریەتدا هەڵیکردووە و توانیویەتی خراپترین شێوازی ستەم و گەندەڵی تەحەمول بکات و قبوڵی بکات. بێئەوەی تووشی بچوکترین ئازاری ویژدانیش بێت. ئەویش لەبەر ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بڕیار وایە ئەم دوو ڕێڕەوە بەریەک نەکەون. بۆیە ئەم شەمەندەفەرە دەتوانێت تا ئەبەد سوورانەوەیەکی لەسەر ئەزموونگەراییی ماددی و سوورانەوەیەکیشی لەسەر عیرفانی مەعنەوی هەبێت و بۆ پێشەوە بچێت و تا کۆتاییی دونیاش نەگات بە خودئاگایی و هۆشیاری، هەم دەلاڵ سیفەت بێت و هەم کەی پێویست بکات ئەو مەعنەویەتە پەتییە بەکار ببات. شیعریش لە یاری نێوان ئەم دوو ڕێڕەوە کە واتا پەیدا دەکات. واتە شیعری ئێمە ڕێک بووەتە ڕێڕەوێک بۆ گۆڕینی هێڵ لە ئەزموونگەرایی بۆ سوودگەرایی، لە دۆلارپەرستی بۆ عیرفان و مەعنەوییەت و دەروونگەرایی.

پرسیار: ئێستا ئەم باسە دێتە پێشەوە کە تۆ بە جۆرێک بڕوات وایە دەبێت قەیرانەکانی مۆدێرنیزم لە ئەدەبیات و بەتایبەت لە شیعردا ڕەنگ بداتەوە، تێڕوانینێکی تریش هەیە پێی وایە ئەدەبیات دەبێت ناڕازی و ڕەخنەگر بێت. ئایا ئەم دوو پرسە یەک ناونیشانیان هەیە؟ یان جیان لە یەکدی؟

موراد فەرهادپوور: نەخێر. ئەمە دوو گوتەزای جیاوازن. بەڵام لە ڕوانگەیەکی ترەوە پێکەوە پەیوەستن. ئەمەش دیسان یەکێکە لە پارادۆکسەکانی مۆدێرنە، کە لە کولتووری مۆدێرنیزم و لە شیعریشدا دەردەکەوێت. واتە کاتێک دوای هونەری پەتی دەکەون سەر لە هونەری سیاسی دەردەهێنن و کاتێک بەدوای هونەری سیاسیدا دەگەڕێن، سەر لە هونەری پەتیدا دەردەهێنن. چونکە لە ڕاستیدا ئەم دوو گوتەزایە دەتوانن ببن بە یەک. بۆ نموونە شیعری لیریک کە تایبەتیترین و تاکەکەسیترین

ئەزموونی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، دەتوانێت ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤیش بێت. چونکە لە پشتەوەی قووڵترین و تایبەتیترین ئەزموونەکانی تاکدا دیسان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خۆی حەشار داوە. هەر بۆیە لەو شوێنەشدا کە شیعری لیریک سەرقاڵی تاکێتیی پەتییە، ڕەنگە بتوانێت باشتر لە هەر شیعرێکی سیاسی یان حەماسی، جەوهەری مێژوویی سەردەمەکەی خۆی بخاتە ڕوو. بۆیە بەپێچەوانەی شیعری سیاسییەوە، واتە شیعرێک کە بە ڕواڵەت دەیەوێت سەرقاڵی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکان بێت، دەکرێت تووشی ڕووکەشبینی بێت و نەک ئەوەی نەتوانێت جەوهەری مێژوویی واقیع دەرببڕێت، بەڵکوو ببێتە سەرپۆش و کەرەستەیەکی ئایدۆلۆژی بۆ شاردنەوەی حەقیقەتی مێژوویی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو قۆناغە تایبەتەدا.

ئاشکرایە کە پرسی بەرپرسیارێتی دوو ڕەهەندە. بۆ نموونە مامەڵەی بەرپرسانی سۆڤێت لەگەڵ هونەری مۆدێرندا لەبەرچاو بگرن، کە زۆریش لایەنگری هونەری بەرپرسیارانە بوون، بۆچی ئەوان ئەوەندە ڕقیان لە هونەری مۆدێرن بوو؟ لە کاتێکدا هونەری بۆرژوازی و ڕیالیستی کە دژ بە خۆیان بوو، پێیان قبوڵ دەکرا. بۆچی هونەری مۆدێرنیان قبوڵ نەبوو؟ چونکە هونەری مۆدێرن لەگەڵ ئەو ڕواڵەتە سیاسییەی، پارادۆکس و گرژییەکانی مۆدێرنەی باشتر و بێ پەردەتر دەردەبڕی. بە شێوەیەک کە تەنانەت پۆلیسی ڕووسیاش تێدەگات، کە شیعری مایکۆفسکی مەترسیدارە بۆی. شێوەکاریی پۆل کلی مەترسیدارە بۆی، مۆسیقای شۆنبێرگ بۆی مەترسیدارە. بۆچی؟ چونکە ڕەنگدانەوەی پارادۆکسەکان و گرژییەکانی ڕۆحی مۆدێرنەیە. شانۆی بێکێت زیاتر مەترسیدارە بۆی، تا شانۆی ڕیالیستی، چونکە ئەو شانۆیە ڕێک پەنجە لەسەر زامە قووڵەکانی ژیانی مۆدێرن دادەنێت و ئەوانە دەردەبڕێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە بینیمان لە سۆڤێتدا هونەری مۆدێرن کەوتە بەر لێدان. سەرکوت دەکرا و سانسۆر دەکرا. لە کاتێکدا شوێن بۆ ئەدەبی ڕیالیستی زۆر کراوە بوو. گەر ئەوە قبوڵ بکەین کە مۆدێرنیزم تەنیا شێوازی ڕاستەقینەی ڕیالیزمی ئەم سەردەمەی ئێمەیە، کەواتە هونەری پەتیی مۆدێرن، شێوازی ڕاستەقینەی ڕیالیزمە. بەم شێوەیەش ئەگەر مۆدێرنیزم و گرژییەکان و پارادۆکسە شاراوەکانی نێو کۆمەڵگای مۆدێرن بەو واتایە بێت، کە دەربڕینی ڕاستییەکان بە شێوەیەکی تەواو سڕابێتەوە و خستنەڕووی واتا بەشێوەی عیرفانی لە شێوازی واتایەکی ئامادەکراو بێت، کە بێبەری بێت لە هەر چەشنە نیهیلیزم و گەندەڵی و بۆشایی و پارادۆکسێک، شتێکی نەکردەیە و چیتر واتایەکی وەها بوونی

نییە. هەربۆیە ئەدەبیاتی ڕیالیستی، شیعری ڕیالیستی و هەر چەشنە هونەرێکی ڕیالیستی گەر بیەوێت ئەم شێوازە لە واتا بخاتە ڕوو، لە ڕاستیدا هیچ نییە جگە لە ئایدۆلۆژیا و فریو بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان، واتە بە تەواوەتی دژە ڕیالیستییە. هونەری ڕیالیستی هێشتا پێی وایە شتێک بە ناوی ڕاستی و واقیع بوونی هەیە، ڕاستییەکی یەکپارچە، کە دەکرێت نواندنەوەی بۆ بکرێت و لە ڕاگەیاندنی هونەریدا بە هەمان شێوەی کە دیارە و بوونی هەیە، دەرببڕدرێت. لە کاتێکدا دەزانین کە ڕاستی و واقیع زۆر لەوە زیاتر تێکشکێنراوە، تا بتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی باس لە شتێک بە ناوی ڕاستییەوە بکرێت. مەگەر ئەو گشتە تۆتالیتارە نەبێت، کە لەلایەن دەسەڵاتە باڵاکان بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنرێت. سەرەڕای ئەمەش لە دەربڕینی هونەریدا مەسەلەکە تەنانەت ئاڵۆزتر و تێکشکاوتر و پارادۆکس-ئامێزترە. دەکرێت بگوترێت هونەری ڕیالیستی لە ڕاستیدا بەتەواوی ناڕیالیستییە و جۆرێکە لە فریودان.

پرسیار: لانی کەم لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە زۆر مەترسیدار نییە؟

موراد فەرهادپوور: بەڵێ، لانی کەم مەترسیدار نییە. بە هەرحاڵ لە کاتی باسکردنی ئەم مەسەلەی بەرپرسیاریەتییەدا، بارودۆخەکە بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت و هەر لایەنێک لە کۆتاییدا قسەکەی وەک قسەکانی ئەوەی بەرانبەری لێ دێت. هونەری بەرپرسیار و هونەری پەتی دووسەری یەک دیالێکتیکن، کاتێکیش لە یەک جیاببنەوە، ئەوا ئێمە ڕووبەڕووی ئایدۆلۆژیا دەبینەوە. لێرەدایە کە هونەر ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژی وەردەگرێت. ئیتر هەر لایەنێک بێت، چ لایەنە پەتییەکەی بێت، چ بەرپرسیارەکەی. من ناتوانم ئەم دوولایەنە لێک جیاکەمەوە. لە ڕاستیدا هونەری مۆدێرن لە خستنەڕووی ئەو پارادۆکسانەی کە لە هەناوی کۆمەڵگای مۆدێرندا حەشاردراوە، زیاتر لە هەر هونەرێکی تر دەتوانێت ڕەهەندێکی ناڕەزایی و ڕەخنەیی هەبێت.

پرسیار: نزیکەی بیست ساڵی پڕ لە هەڵچوون و گرژیمان هەیە، هاوکات کۆمەڵگایەکی بەسیاسیبوو و سیاسەت بۆ نێو هەموو توێژێکی کۆمەڵگا شۆڕ بووەتەوە، بەڵام غیابی سیاسەت لەنێو ئەدەبیات و شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی ئێمەدا دەبینرێت. هۆکاری ئەمە چییە؟

موراد فەرهادپوور: کۆمەڵگایەک کە بەم چەشنە توندە هەموو ڕەهەندەکانی بە سیاسی کرابێت و هەموو شتێک و هەموو کارکردێک بەسترابێتەوە بە سیاسەتەوە، بمانەوێت یان نا، کۆمەڵێک پەرچەکرداری

لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەوەی بۆچی سیاسەت لەنێو ئەدەبیاتی ئێمەدا ئامادەیی نییە، خۆی بەشێکە لە پرسیارێکی گشتیتر. ئەویش ئەوەیە کە بۆچی ئێمە ناتوانین لەنێو بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆماندا تێڕامان لەسەر ئەزموونی مێژووییمان بکەین. واتە بۆچی ئەزموونی مێژوویی ئێمە لەنێو ئەدەبیاتدا ڕەنگ ناداتەوە. لە بنەمادا بۆچی ئەدەبیات لە دروستبوونی خودئاگایی و هۆشیاریی ئێمەدا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە؟ یەکێک لە ڕەگوڕیشە یان هۆکارەکان، ڕەنگە ئەوە بێت کە ئێمە هێشتا بەتەواوەتی نەگۆڕاوین بۆ کولتوورێکی مێژوویی، تەنانەت بەپێچەوانەی هەموو ئەو بانگەشانەی کە دەکرێت، نە تەنیا ترادیسیۆنیش نین، بەڵکوو زۆر دژە ترادیسیۆنین. بیرەوەریی مێژوویی ئێمە لێوانلێوە لە پچڕان. لەم وڵاتەی ئێمەدا تەنانەت گۆڤارێکی تیۆریش ناتوانێت دیزاینی بەرگەکەی بۆ ماوەی ساڵێک وەک خۆی بهێڵێتەوە، چ جا نەریتە فیکری و نەریتە کولتوورییەکان. لە ڕاستیدا دەکرێت بگوترێت ئێمە بە پێچەوانەی ئەو بانگەشانەی کە بۆی دەکرێت، خاوەنی هیچ ترادیسیۆنێکی کۆن و ڕەگوڕیشەدار نین. ئەم پچڕان و ناتواناییە لە گواستنەوە و نەبوونی ڕەنگدانەوەی ئەزموونی مێژوویی لە هۆشیاریی مێژووییمان، دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەدەبیاتی ئێمەش هەژار بێت و نەتوانێت خۆی بە ئەزموونە مێژووییەکانمان و بە سیاسەتەوە سەرقاڵ بکات. بۆ نموونە، ئەزموونی شۆڕشی ئیسلامیش نەیتوانی، ئەدەبیات و نەریتی ئەدەبیی تایبەت بە خۆی دروست بکات.

پرسیار: تەنانەت ئەزموونی جەنگی ئێران-عێراقیش لە ئەدەبیاتی ئێمەدا ڕەنگی نەداوەتەوە و بە دەگمەن بەرهەمێکی باش لەم بوارەدا بڵاو دەبێتەوە.

موراد فەرهادپوور: هەڵبەت ئەزموونی جەنگ بە شێوازێک بوو کە ئەزموونی واتا لە بەرەی جەنگدا، ئەزموونی ڕەهەندی باڵای واتا لە بەرەی جەنگدا، جیابوو لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. لە ڕاستیدا ئەو جەنگەی ئێمە تێیکەوتین، تەنیا لە سنوورەکان بوو و جگە لەو ناوچانەی کە جەنگیان لە نزیکەوە ئەزموون دەکرد، خەڵکی تر ئەوەیان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگای هەواڵ و بانگەشەی فەرمی، واتە بە شێوازێکی ئایدۆلۆژی، ئەزموونی جەنگیان دەکرد. بۆ تاران ئەزموونێکی زیندووی جەنگ، جگە لە چەند دەنگێکی ئاگادارکردنەوە و یەک دوو بۆردومانی ئاسمانی زیاتر تێنەدەپەڕی. ئەگەرچی هەموو خەڵک بەرئەنجامە خراپەکانی ئەم جەنگەیان لە ژیانی خۆیاندا بەرکەوتبوو. هەر بۆیە ئەم ئەزموونە نەیدەتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەزموونی گشتیی

هەموو خەڵكدا تێكەڵ ببێت. بەڵام بەگشتی تەنانەت لەو شوێنەش كە ئەزموونی مێژوویی ڕەهەندێكی گشتی هەیە، ئێمە دیسان لە هۆشیاری پەیداكردن بەرانبەر بەوەدا كێشەمان هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆكارەشە ئەدەبیاتی ئێمە ناتوانێت هەموو ڕاستییەكان دەرببڕێت. لە ئەنجامیشدا ناتوانێت سیاسەتیش بەو شێوەیەی كە دەبێت دەرببڕێت. ڕەگوڕیشەی ئەم مەسەلەیەش دیسان هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێنەگەیشتنە مێژووییە، واتە قبوڵكردنی هەموو قەیران و گرژی و ئەو پارادۆكسانەی لەنێو مۆدێرنەدا كە لەگەڵیدا دەستوپەنجە نەرم دەكەین. هەڵهاتن و ڕاكردن بەرەو جیهانێكی پەتیی مەعنەوی و عیرفانی، بەتایبەت لە ڕێگای هونەر و ئەدەبیاتی شیعرییەوە، بە واتای هەمان نەریتی عیرفانی و نیمچە ڕۆمانتیک دێت، كە بووەتە هۆكاری ئەوەی بۆ ئێمە ئەدەبیات و هونەر هاوكات ڕۆڵی ماسک یان ڕووپۆشێكی ڕازاوە یان فرتوفێڵێكی ڕیاكارانە بگێڕێت. هەر لەبەر ئەم هۆكارەیە كە ئێمە هیچ كات ڕۆمانێكی ڕیالیستیی بەهێزمان نەبووە. جگە لە قۆناغێكی كورت نەبێت، كە ئەویش وەک نەریتێک بەردەوام نەبوو. ئێمە لە هەموو ئەدەبیاتی وڵاتی خۆماندا، خاوەنی هەمان ئەو كێشانەین كە بۆ شیعریش باسم كرد. ئەدەبیاتی ئێمە بە شێوەیەكی سەرەكی ڕەنگدانەوەی فۆڕمە جیاوازەكانی دەروونناسیی تاكەكەسییە، ڕەنگدانەوەی ململانێ تاكەكەسییەكانی نووسەرە، بێ ئەوەی ئەو بتوانێت هەڵگری دەربڕین و گواستنەوەی ئەزموونە گشتییەكانی قۆناغێكی مێژوویی بێت.

پرسیار: لە بەرهەمەكانی مەحموود دەوڵەتئابادی، ئەحمەد مەحموود و... جۆرێک بەسەركردنەوەی مێژووی ڕابوردوو بەدی دەكرێت. ئایا ئەم جۆرە ئەدەبیاتە دەرخەری زاكیرەی مێژووییە، یان جۆرێكە لە ڕابردووخوازی؟

موراد فەرهادپوور: لەگەڵ ئەدەبیاتی ئەمڕۆی ئێراندا هێندە ئاشنا نیم، تا بتوانم قسەیان لەبارەوە بكەم، یان تەنانەت وەک خوێنەرێک لەم بوارەدا ڕای خۆم دەرببڕم، وەک خولیای خۆم هەرگیز بەرەو ڕۆمانی فارسی نەڕۆیشتووم و نەمخوێندووەتەوە و ئەمەش لەبەر ئەوەی وا دەزانم چیرۆک و ڕۆمانی ئێمە چ لە ڕووی ناوەڕۆک و فۆڕمەوە و چ لە ڕووی ئایدیای نوێیەوە زۆر هەژارە. هەر بۆیە ناكرێت بڕیارێكی دروست سەبارەت بەوانە بخرێتەڕوو. یان تەنانەت بگوترێت ئەم ئەدەبیاتە دەرخەری ڕابردووخوازییە. چونكە ڕابردووخوازی وەک نەریتێكی كولتووری، دەتوانێت شوێن-پێیەكی بۆ خۆی هەبێت و هەم

قسەیەکیشی بۆ گوتن هەبێت. بە هەرحاڵ ئەمە هیچکام لەوانە نییە. تەنانەت ڕابردووخوازیی ڕاستەقینەش نییە. بەڵکوو تەنیا بەرهەمی خولیا و سەلیقەی تاکەکەسیی ئەو کەسانەیە. ڕەنگە لە قۆناغێکدا بۆ نمونە کەسێک گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی ڕۆمانی وەها بنووسێت. لە هەندێک لایەنیشدا دەکرێت هۆکاری کۆمەڵایەتی بۆ ئەم بابەتە باس بکرێت. بۆ نموونە هەمان هەڵهاتن بۆ واقیعێکی سادەکراو. ئاشکرایە کە گوند بەراورد لەگەڵ شاردا، کەمتر ئەو ئاڵۆزییەی ژیانی مۆدێرن دەردەخات. هەربۆیە ڕۆشتن بەرەو گوند، بە واتایەکی تر دەتوانێت دەربڕی هەمان ڕەگوڕیشەی عیرفانی بێت. هەربۆیە دەکرێت بگوترێت ڕۆشتن بەرەو ڕۆمانە گوندییەکان، ڕەنگدانەوەی ڕاکردنە لە ڕاستییەکان و ڕاکردنە لە ژیانی شار. ڕۆمان خۆی دیاردەیەکی شارییە. ڕەنگە باشتر وابێت ئەم خاڵە زیاتر شی بکەینەوە. بە بەراورد لەگەڵ شیعری لیریکیدا، ئەدەبی سوارچاکی یان ئەدەبیاتی شانۆ و نمایش، ڕۆمان لە هەر ژانرێکی تر باشتر دیالێکتیکی تاک و کۆمەڵگا دەخاتەڕوو.

دیالێکتیک نە بە واتای گەڕان بەدوای خاڵێکی ناوەنددا، نە بە واتای نێوەندگیریی ڕەگەز یان هۆکاری سێیەم، نە دەرخەری ئەو هاوکێشەیەی سەنتێز یان تێکەڵکردنی تێز و ئەنتی تێزە. دیالێکتیک واتە پەرەپێدانی لۆژیکی ناوەکیی هەر ئایدیا یان ڕەگەزێک تا دوا ڕادەی، تا شوێنێک کە ئەو ئایدیایە لەبەر هۆکاری پەرەپێدانی گرژییەکان و پارادۆکسە ناوەکییەکانی پەیوەستبوونی خۆی بۆ جەمسەری بەرانبەری ئاشکرا بکات. دیالێکتیک ئەوە دەردەخات کە جەمسەرە هاوبەرانبەرەکان لە ئەنجامی یەکتردا دروست دەبن، چونکە هەرکامەیان لە هەناوی ئەوی تردا ئامادەییان هەیە. دیالێکتیکی تاک و کۆمەڵگاش هەر بەم شێوەیە پەرە دەسێنێت و دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ، تا ڕاستییە پەیوەندیدارەکان بە شێوەیەکی هەمەکی و ئەبستراکت، ڕەهەندەکانی کۆمەڵگا لە هەناوی تایبەتمەندی و ئەکتەکان و ژیانی تاکەکەسیدا ببینین. شار گۆڕەپانی بەدیهاتنی ئەم دیالێکتیکەیە. چونکە تەنیا لە شاردایە کە هەردوو جەمسەرەکە واتە تاک و کۆمەڵگا، دەتوانن تا دواڕادەی خۆیان پەرەبستێنن. بە دڵنیاییەوە ڕۆمان گرنگترین و دەوڵەمەندترین فۆڕمی سەرهەڵدانی هۆشیاریی مەدەنییە و پێکهاتە و توانا بێسنوورەکانی ڕۆمان، لە زۆر لایەنەوە هاوشێوەی ئاڵۆزییەکان و ململانێ ناکۆتاکانی ژیانی شارە.

پرسیار: ئەمڕۆ لە ئەدەبیاتی ئێمەدا زۆر بانگەشەی سڕینەوەی واتا لە شیعردا دەکرێت. پێت وایە ئەمە یەکێکە لە ئاکامەکانی کۆمەڵگای

مۆدێرن. یان ئەم شتانە جۆرێکە لە کۆپیکردنی تیۆرەکانی خۆرئاوا؟

موراد فەرهادپوور: تا ڕادەیەک دەبێت بە شێوەیەکی کۆنکرێتی سەبارەت بەم مەسەلەیە دادوەری بکرێت، دەبێت سەبارەت بە بەرهەمێکی تایبەت قسە بکرێت. ڕەنگە بێواتایی، بەشێکی جەوهەری خودی بەرهەمەکە بێت. بۆ نموونە ڕۆمانێک کە کۆتایی نەبێت، لە بنەمادا ڕەنگە خۆی پێویستی بە کۆتایی نەبێت. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە دەیەوێت جۆرێک لە ناکۆتایی بوون و خۆدزینەوە بخاتە ڕوو. یان لە بەرهەمێکی تردا قەیران بە شێوازێک بەناوەکی کراوە، کە لەوێدا ئێوە ئەزموونی جۆرێک لە ڕۆمانی کۆتایی نەهاتوو دەکەن، جۆرێک لە دووبارەکردنەوە. دەبێت ئەم بابەتە پەیوەست بە هەر بەرهەمێکی تایبەت بڕیاری لەسەر بدرێت. یان ئەم مەسەلەی بێواتایی بوون و دابڕانە. ئەم لەتبوون و لەناوچوونی ڕێسایە، پیشاندەری ئەزموونێکی ڕاستەقینەیە. ئەزموونی کەسێکە کە لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگادا دەرگیر بووە، بۆشاییەکان و فشارەکانی واقیعیش لەنێو ئەو بەرهەمەدا نوێ دەبنەوە و بەرهەم دێن و لە شێوازی تەقینەوەی ڕێسای ئەدەبی و دژەنەریتی و بێواتاییی ڕەهادا ڕەنگی داوەتەوە و یان وەک تۆ دەڵێیت، یارییەکی تاکەکەسییە، ئەویش لەپێناو کات کوشتن و سەرقاڵکردنی کەسانی دیکەدا. بەگشتی بەرانبەر بەم تەکنیکە ئەدەبییانە ڕەشبینم، چونکە لە سەرەتادا کاتێک دەتوانی ئیشێکی وەها بکەیت، کە ئێوە تا کۆتاییی ئەزموونی ڕاستییەکان ڕۆشتبێتن، واتە تا ئەو شوێنەی کە چیتر بابەتەکان تاکەکەسی نین. نووسەر و شاعیری مۆدێرن، دەبێت لەگەڵ قەیرانەکانی خۆیدا ڕاستەوخۆ دەستەویەخە بووبێت و کەموکوڕییەکان و پچڕان و بۆشاییەکان و تاریکییەکانی نێو خۆی ئەزموون کردبێت، تا دواتر بتوانێت لە ڕێگای تێڕامان لە خۆیدا، نەریت ببەزێنێت. هەڵبەت ئەم نەریتبەزاندنە بە جۆرێک بەردەوامییە بە نەریت، واتە هەمان ئەو نەریت و ترادیسیۆنەیە کە لە کاتی خۆیدا، دەرفەتی تەقینەوەی خۆی دەڕەخسێنێت، لەبەر ئەم هۆکارەشە بە زیندوویی و چالاکی دەمێنێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کاتێک سەیر دەکەین، نیچە بەشێکە لە نەریتی ئەوروپی و سەرەڕای هەموو هێرشەکانی بۆ نەریتی مەسیحی-ئەوروپی، فەلسەفەکەی بەرهەمی هەمان نەریتە و هێرشەکانیشی دیسان بە جۆرێک لەنێو هەمان دیالۆگی هەمیشەیی نێوان مەسەلەی کۆن و نوێدا، لەنێوان ترادیسیۆن و مۆدێرنەدا دەخرێتەڕوو و بەردەوام دەبێت. بەڵام لە کاتێکدا دیالۆگ یان جووڵەیەکی بەم شێوەیە لە کولتووری ئێمەدا ئامادەیی نەبێت، من گومانم زۆرە کەسێک توانیبێتی بە تەنیا و خۆی تا دوا

ڕادەی ئەزموونی ڕاستییەکان چووبێت و ترادیسیۆنی لە ئەزموونی خۆیدا گەیاندبێتە کۆتایی، تا بتوانێت لە ڕێگای تێڕامان لە نەریت و ڕەخنە لێی، نەریت ببەزێنەێت.

پرسیار: جەنابی فەرهادپوور لە ناسینی شیعری ئەمڕۆی جیهاندا بۆچوونت جێگای قبوڵە و هەر لەسەر ئەم بنەمایە، هەندێک لە هاوڕێیان باس لەوە دەکەن کە نیما و شاملو چیتر مۆدێرن نین. بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟

موراد فەرهادپوور: ڕەنگە قسەی ئەم هاوڕێ شاعیرانە بەرهەمی ئەو تێڕوانینە یەکلایەن و کرچ و کاڵە بێت سەبارەت بە مۆدێرنە، وا دەزانن کە مۆدێرنە تەنیا بە واتای ململانێی نێوان نوێ و کۆن دێت، لە کاتێکدا مۆدێرنە زیاتر دەرخەری ململانێی نوێیە لەگەڵ نوێتردا. هەر بۆیە مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئێوە قۆناغێکی پێش مۆدێرنتان هەبێت و دواتر شتێکی سەیروسەمەرە دێت بە ناوی سەردەمی مۆدێرن و ڕێی پێدەگرێت. لە ڕاستیدا سەروکارمان لەگەڵ پرۆسەیەکی درێژخایەنی ڕووخاندن و سەرلەنوێ دروستکردنەوە و دیسان ڕووخاندنەوەدا هەیە. هەر ئەم بابەتەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی مۆدێرنە هەم چالاک بێت و هەم دڵتەزێن، کۆمەڵگای مۆدێرن بەردەوام دەستکەوتەکانی خۆی وێران دەکات، بۆئەوەی جارێکی تر ئەوانە لە فۆڕمی تر و لە پانتاییەکی فراوانتر و بە دینامیزمێکی توندتر بخاتەوە سەرپێ. ئەم پرۆسەیە بە خێراییەکی تۆقێنەر ڕوو دەدات، بە شێوەیەک کە نەک تەنیا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەڵکوو سایکۆلۆژیای تاکەکانیش لەژێر فشاری ئەم گرژی و ململانێیانەدا تووشی وێرانبوون و ڕووخان دێت، لەناوچوونی بەهاکان و نیهیلیزم تاڕادەیەک لە ئەنجامی خێرایی ئەم ڕووخاندنە یەک بەدواییەکانەدایە، هەربۆیە ئەوەی کێ مۆدێرنە یان کێ مۆدێرن نییە، پرسیارێک نییە کە یەکجار وەڵام بدرێتەوە، مۆدێرنە دەتوانێت قۆناغی جیاوازی هەبێت. هەڵبەت ناکرێت ئەم بابەتە فەرامۆش بکرێت کە نەریتبەزاندن بەردەوام تووشی غوسڵ تەعمید (ئاوەشۆرکردن-لەئاوهەڵکێشان: مەراسیمێکی ئایینی مەسیحییە بۆ پاکژکردنەوە لە گوناه) دێت و دیسان خۆی دەبێتەوە بە ترادیسیۆن و شوێنی خۆی لەنێو ئەکادیمیا یان مۆزەخانەکان دەدۆزێتەوە تا جارێکی دی، کەسانی دی دژ بەم مۆدێرنە فەرمییە ڕاپەڕن و ئەم حوکمەش تا ئەو شوێنە واتای هەیە، کە هەم ئەم ڕاپەڕینە بوونی هەیە و هەم بەفەرمی بوون و غوسڵ تەعمیدی ئەو ڕاپەڕینە و هەم دیسان ڕاپەڕینێکی تازەتر. ئەمە شتێک

نییە کە بتوانیت خاڵی پێ بدەیت بە کەسانێک کە کامەیان مۆدێرنترە. گەر لە ڕاستیدا کەسانێک هەبوونایە و شیعری نوێیان بگەیاندایەتە دوا خاڵی خۆی، ئەگەر نەریتی شیعریی نوێ بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە ئەزموون کرابایە و بە کۆتا گەیشتبا، ڕەنگە بکرایە لە هەناوی ئەمەدا دژ بەم شیعرە نوێیە، ڕاپەریبای و شیعری نوێتر و دژە شیعر، یان شیعری دژە واتات بکردایە بە ئەڵتەرناتیڤی ئەوە. بەڵام دیسان گومانم بەرانبەر بەم ڕەوتە شیعرییانە هەیە. ئایا ئێمە ئەو شیعرە نوێیەی کە نیما و شاملو و مەهدی ئەخەوان سالس و فروغ خستبوویانە ڕوو، توانیومانە بیگەیەنینە لوتکەی خۆی و لەسەر بنەمای ئەوانە ئەزموونی جیاوازترمان کردووە؟ لە هەزار گۆشەنیگاوە ڕەخنەی ئەوانەمان کردووە؟ سەبارەت بە هەرکامەیان چەندان بایۆگرافیامان نووسیوە؟ سەبارەت بەم شاعیرانە و شیعرەکانیان دەیان تێزمان نووسیوە؟ یان سەدان کتێبی ڕەخنەیی، کە بەم شتانە بۆ نموونە ئەوانەمان غوسڵ تەعمید کردبێت و خستبێتمانە نێو مۆزەخانەوە. دروستکردنی بوارێکی نوێ لە قەڵەمڕەویی کولتووری بە ناوی سەردەمی هونەری پەتی کە لە فەرەنسا و لەگەڵ دەرکەوتنی بۆدلێر و فلۆبێردا ڕوویدا، بووە هۆکاری شتێک بە ناوی هونەری پەتییەوە. دروستبوونی ئەم هونەرە پەتییە خۆی پرۆسەیەکی مێژوویی بوو. هونەری پەتی لە بەرانبەر هونەری بازاڕی و هونەری بۆرژوازیدا سەري هەڵدا. بە تێپەڕینی کات ئەم هونەرە پەتییە تووشی غوسڵ تەعمید هات و بووە بابەتێکی کلاسیکیی نێو زانکۆکان، پاشان لەبەرانبەردا شەپۆلی هونەریی ئاڤانگارد سەری هەڵدا. دژایەتیی لەگەڵ مەسەلەی واتاش، یەکێک بوو لە تایبەتمەندي هەندێک لە لقەکانی هونەری ئاڤانگارد، کاتێک لە کۆمەڵگای ئێمەدا پرۆسەیەکی بەم شێوەیە تێنەپەڕێنراوە، بۆچوونی ئەوەی کێ مۆدێرنە و کێ مۆدێرن نییە، نیما و شاملو مۆدێرنن یان نا، تاڕادەیەک زۆر بێمانایە، ئەو کەسانەی کە بابەتی وەها دەخەنەڕوو، دەبێت بوارە مێژووییەکەی، دادوەرییەکی وەها پیشان بدەن.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم شاعیرانە دەستیاندایە ئەزموونێکی هونەری لە چوارچێوەیەکی مۆدێرندا و لانی کەم ئەزموونێکی سەرەکیی مێژوویی لە دروستبوونی شیعری نوێ و بەرهەمەکانی ئەم شاعیرانەدا دەبینرێت. ئەویش ئەگەر بکرێت وشەی مۆدێرن بە شێوەیەک مانادار لە پەیوەند لەگەڵ کولتووری هاوچەرخی ئێرانیدا بەکار ببرێت، ئەوا سەبارەت بەو گۆڕانانە، دەبێت کە نیما و شاملو و فروغ و مەهدی ئەخەوان سالس لە بواری شیعردا دروستیان کرد. دوای ئەوان بە دڵنیاییەوە بارودۆخی

شیعری فارسی، چوونەپێشەوەی بە خۆیەوە نەبینیوە.

پرسیار: ئەمڕۆ وشەی پۆست مۆدێرن زۆر بەکار دێت و هەرکەسە و بە بۆچوونی خۆی و بەپێی تێڕوانینی خۆی پێناسەی جیاواز و ڕەگەزی کەسی خۆی لە پۆست مۆدێرندا دەخاتە ڕوو. دەمەوێت بزانم پێناسەی تۆ بۆ ئەدەبی پۆست مۆدێرن چییە؟ ئایا لە وڵاتی خۆماندا ئەدەبی پۆست مۆدێرنمان هەیە؟ لە شیعر یان لە ڕۆمان و چیرۆکدا؟

موراد فەرهادپوور: دیسان هەمان مەسەلەی ئەم وشانەیە. چونکە ئەم باسە لەبەر ئەوەی سەرچاوەکەی لە خۆرئاوایە، ئیتر لەوێش کۆتایی پێهاتووە و هێندە کتێب و گوتار بە ناونیشانی جیاواز وەک کۆتاییی مۆدێرنە، مانەوەی مۆدێرنە و یان مۆدێرنەی تەواونەکراو و هتد لەسەر بڵاو کراوەتەوە کە...

پرسیار: بەڵام لە کۆمەڵگای خۆماندا بەتایبەت لە ئەدەبیاتدا ئەم باسە تازە دەست پێ دەکات..

موراد فەرهادپوور: لەوێ کۆتایی پێهاتووە و لێرەش ناکرێت بڵێی بە چەند گوتار و یەک دوو کتێب دەستی پێ کردووە. پۆست مۆدێرنیزم تەنیا تیۆرییەک یان داهێنانی چەند فەیلەسوف و کۆمەڵناسێک نییە. مەسەلەی گۆڕانی مێژوویی لە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و گۆڕانکاری لە بناغەکانی کۆمەڵگای مۆدێرنیشدا لە ئارادایە. ئێمە هێشتا لەگەڵ ئەو ئەزموونانەی کە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لەگەڵیدا تووشیبوون، ڕووبەڕوو نەبووینەتەوە، بەڵام بە هەرحاڵ لە وەڵامی پرسیارەکەی تۆدا، دەبێت بگوترێت کاتێک سەرنجی گفتوگۆ تیۆرییەکان دەدەین، دەبینین ئەو پۆست مۆدێرنیزمەی کە لە فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا باسی لێوە دەکرێت، لە ڕاستیدا زۆربەی چەمکەکان و تێزە سەرەکییەکانی لە مۆدێرنیزمی هونەری و لە مۆدێرنیزمی جوانیناسی کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێ کردبوو وەرگرتووە. هەر بۆیە گوتەزای ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرن بە بۆچوونی من تاڕادەیەک بێواتایە. پۆست مۆدێرنیزم لە بواری فەلسەفەدا بە شێوەیەکی سەرەکی، هیچ نییە جگە لە گواستنەوەی هەندێک تێڕوانینی هونەریی مۆدێرنیستی. هەر لە شێوەکاریی پاش قۆناغی ئەمپرسیۆنیستەکانەوە بیگرە، تا مۆسیقای ئاتونال شۆنبێرگ و ڕۆمانەکانی جۆیس و ڤێرجینیا وۆلف تا هەر ئەزموونێکی مۆدێرنی تر، کە لە بواری هونەریدا ڕووی داوە، گوتەزا سەرەکییەکانی پۆست مۆدێرنیزم لەم ئەزموونانەوە وەرگیراوە. وەک تێکشکانی کات،

ڕێژەگەراییی گشتی، تێکچوونی ئەو پێکهاتە گشتییە، کە وەک ڕاستی باسی لێوە دەکرا و پارچە پارچەبوونی جیهان و هەموو ئەم گوتەزایانە ڕەگوڕیشەیان لە هونەرە مۆدێرنەکانی سەدەی نۆزدە و بیستدا هەیە. یەکێک لە ڕەهەندەکانی ئەدەبیات، کەشفی کولتوورە نائەوروپییەکان و تێکەڵبوونی کولتوورەکانە لەگەڵ یەکدیدا، هەڵبەت پلورالیزمی کولتووری، کە ئەمڕۆ یەکێکە لە ڕەگەزەکانی پۆست مۆدێرنیزم. بەڵام کاتێک سەیری ئەم گوتەزایانە دەکەن ئەوەتان بیر دێتەوە، کە هونەری ئەفریقی لە سەرەتای سەدەی بیستدا، لەلایەن پیکاسۆ و شێوەکارە سوریالیستەکانەوە کەشف کرا، کەسانی وەک ئاندرێ برۆتۆن ماسکە ئەفریقییەکانیان کەشف کرد و بە جارێک شەیدای کولتووری ئەفریقی بوون. یان ئەزرا پاوەند کە کولتوور و شیعری چینیی کەشف کرد، یان ئەوانەی هایکۆی ژاپۆنییان ئاشکرا کرد. دروستبوونی مۆسیقای ئاتونال زۆر جار لە ئەنجامی گەڕانەوە بووە بۆ باخ. واتە سەرلەنوێ کەشفکردنەوەی باخ و گەڕانەوە بۆ مۆسیقای کڵێسایی و مۆسیقای گۆرانیی سەدەی پازدە و شازدە. کەواتە ئەوە بەدی دەکەن کە گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، تەنانەت لە هونەر و مۆسیقای مۆدێرنیستی سەرەتای سەدەی بیستدا کاریگەر بووە. بە بۆچوونی من، پۆست مۆدێرنیزم لە بواری ئەدەبیات و هونەردا جگە لەوەی سەدەی نۆزدە و بیست، هیچی تر نییە. هەڵبەت گەر لە بواری کۆمەڵناسی و فەلسەفەدا بڕوانینە بابەتە ئابووری و سیاسییەکان، ئەوە باسێکی ترە. بەڵام شتێک بەناوی ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرن جیا لە ئەزموونەکانی مۆدێرن، بوونی نەبووە و نییە.

پرسیار: سەبارەت بە ڕۆمانیش پێم وایە چەند بۆچوونێکت هەبوو کە دەتویست بیخەیتە ڕوو، تکایە فەرموون.

موراد فەرهادپوور: بۆچوونەکەی من دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی ڕۆمان لە تێڕامان بۆ خود، دەستکەوتنی هۆشیاریی مێژوویی و ناسینی ئەزموونە مێژووییییەکان. بەداخەوە لە کولتووری خۆماندا وێنایەک بوونی هەیە، کە ڕۆمان شتێکە بۆ خۆسەرقاڵکردن، کە هەڵبەت ئەم وێناکردنە تا ڕادەیەک لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای خۆماندا یەک دەگرێتەوە، چونکە بەگشتی ڕۆمان وەک خۆسەرقاڵکردنێک نووسراوەتەوە و هەر بۆ خۆسەرقاڵکردنیش دەخوێنرێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆمان یەکێکە لە گرنگترین ئەو فۆڕمانەی تێڕامان لە خود و هۆشیاریی مێژوویی لە دونیای مۆدێرندا. کاتێک ئەم بابەتە ئاشکرا دەبێت، کە ئێمە سەرقاڵی مەسەلەی گێڕانەوە بین. ئەگەر باسە فەلسەفییەکانی ئەم چەند دەیەیەی دوایی چاو لێ بکەن،

دەبینین کە بە شێوەیەکی کردەیی هەموو قوتابخانە فەلسەفییەکان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە دروستکردنی سیستمێکی ئەبستراکتی فۆرمی، بۆ شیکردنەوەی مەعریفە کارێکی مەحاڵە، ئەوانەی کە دژ بە هەر ئەپستمۆلۆژیایەکن و هەندێک کەسی زۆریش کە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی، کە هیچ شتێک بە ناوی ئەپستمۆلۆژیایەکی پەتیی ئەبستراکت کە هەموو کێشە مەعریفییەکانی ئێمە چارەسەر بکات، بوونی نییە و نابێت هەرگیز بەدوای شتی وەهادا بگەڕێیت. لە بەرانبەردا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بەشێکی فراوانی مەعریفەی ئێمە، بەرهەمی گێڕانەوەیە. گێڕانەوەیەک کە لە ئاستی جیاوازدا تەنانەت شوناسی ئێمەش دروست دەکات. بۆ نمونە گێڕانەوە ئوستورەیییەکان، شوناسە نەتەوەیییەکانی دروست کردووە و تەنانەت شوناسە ئایینییەکانیش لەسەر بنەمای ئەو گێڕانەوانەی کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هاتووە بونیاد نراوە. لە ژیانی ڕۆژانەشدا تەنانەت هەرکامەمان کەسایەتیی خۆمان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک گێڕانەوە دروست دەکەین، ئێمە ئەزموونی خۆمان لەسەر بنەمای گێڕانەوە بونیاد دەنێین و لە ڕێگای ئەم بابەتەوەیە، ئەزموونی ئێمە توانای گواستنەوەی هەیە.

شوناسی تاکەکەسیی ئێمە لە ئەنجامی ئۆتۆبایۆگرافیایەکی نەنووسراوەوەیە. هەرکام لە ئێمە چەند بیرەوەرییەکی ژیانی خۆمانمان بە شێوازی گێڕانەوە لە زەینی خۆماندا هەیە، کە دەبێتە دروستکەری شوناسمان. هەر ئەم گێڕانەوەیەشە کاتێک تووشی گرفتی دەروونی دێین، دەیخەینە بەردەستی کەسی دەروونشیکار. بە واتایەکی دی هەم تاک، هەم کۆمەڵ و نەتەوەکان ئەزموونی خۆیان لە واقیع لەسەر بنەمای گێڕانەوە دروست دەکەن. تەنانەت لە زانستیشدا ئەم بابەتە قبوڵ کراوە. لە زانستە سروشتییەکانیشدا شێوازی گێڕانەوەی تیۆری، گرنگیی خۆی هەیە. ئێوە سەیری ئیشەکانی ڤایبراند بکەن، ئەو سەلماندوویەتی چۆن ستراتیژی گێڕانەوە جیاوازەکان لە دروستبوونی تیۆرییە زانستییەکاندا کاریگەرییان هەبووە، لە زانستە مرۆیییەکاندا ئەم تێز و بابەتانە زۆرن. بۆ نموونە زانستی مێژوو بە تەواویی پشت ئەستوورە بە شێوازە جیاوازەکانی گێڕانەوە: گێڕانەوەی تراژیدی، گێڕانەوەی کۆمیدی، گێڕانەوەیەک کە لەسەر بنەمای ڕۆمانسییەتە، یان گێڕانەوەیەک لەسەر بنەمای تەنز. هایدن ڤایت تیۆرییەکی زۆر فراوان و گشتگیری سەبارەت بە جۆرەکانی گێڕانەوە و جۆرە جیاوازەکانی فەلسەفەی مێژوو، کە لەسەر بنەمای ئەم گێڕانەوانە دروست دەکرێن خستووەتە ڕوو. بە کورتییەکەی هەم لە زانستە مرۆیییەکان و هەم لە زانستە سروشتییەکاندا، هەم لە ژیانی

ڕۆژانە و لە ئەزموونی مێژووییشدا، مەعریفە لەسەر بنەمای گێڕانەوە و چیرۆک هۆنینەوە دروست دەبێت. واتە ئێمە ناچارین ئەو پێدراوانەی کە ئەزموونی ئێمە دروست دەکەن، لەسەر پلانی چیرۆکێک کۆ بکەینەوە و لە شێوەی چیرۆکێکدا ڕێکیان بخەین، تەنانەت ئەو باسەی کە کانت سەبارەت بە ڕێکخستنی ئەزموون دەیکات، دیسان بە جۆرێک بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە، کە ئەوە خۆمانین فۆڕم دەبەخشینە ئەزموون. بەڵام کانت دەڵێت: ئێمە لەسەر بنەمای تێزەکانی پێشوو، فۆڕم دەبەخشینە ئەزموونەکانی خۆمان، لە کاتێکدا فەیلەسوفێکی وەک پۆڵ ڕیکۆر پێی وایە کە بنەمای کاری ئێمە، گێڕانەوە و چیرۆکبێژییە و ئەمەش ڕێک واتە دروستکردنی پلانی چیرۆک لەسەر کۆمەڵێک پێدراو، چ لە ئاستی ژیانی خۆمان و چ لە ئاستی ئەزموونە مێژووییەکانمان. ئەم پرۆسەیەش دروستکەری مەعریفە و لەئەنجامدا دروستکەری هۆشیاری و شوناسی ئێمەیە. ئێستا ئەگەر ئەم شتە ڕاست بێت، ئەوا ئاشکرایە کە لە ئەزموونی مۆدێرنە و مێژووی مۆدێرندا ئێمە بە شێوەیەکی کردەیی پێویستیمان بە شێوازە جیاوازەکانی گێڕانەوە هەیە و لەم نێوەدا وا دێتە پێش چاو، کە ڕۆمان ئەو فۆڕمە لە گێڕانەوەیە، کە باشتر لە هەر شێوازێکی تر، دەتوانێت ئەزموونی مۆدێرنە بگێڕێتەوە و بە هەمان شێوە کە پێشتر گوتمان، ئەم بابەتە بۆ دەوڵەمەندیی ڕۆمان دەگەڕێتەوە. ئیمکانەکانی ڕۆمان لە ڕوانگەی ناوەڕۆک، بابەت، فۆڕم و شێوازی دەربڕینەوە، تاڕادەیەک بێسنوورە. هەرلەبەر ئەم هۆکارەشە دەتوانێت ئەزموونی قەرەباڵغ و تێکهەڵچوو و فرەیی مۆدێرنە دەرببڕێت.

ڕۆمان شێوازێکی گێڕانەوەیە، کە بەرهەمی سەردەمی نوێیە و باشتر لە هەر گێڕانەوەیەکی تر، دەتوانێت سەردەمی نوێ بە کەسانی دی بناسێنێت و تێیانبگەیەنێت و دەریببڕێت و پیشانی بدات. ڕۆمان وەک گرنگترین شێوازی گێڕانەوە لە سەردەمی مۆدێرندا، خاوەنی بەهایەکی مەعریفی و مێژووییە و لە ڕوانگەی تێڕامان لە خود و بەدەستهێنانی هۆشیاری و پێگەیشتنی مێژووییەوە هۆکارێکی گرنگە. ئەمەش پیشاندەری ئەو گرنگییە ناوازەیەی ڕۆمانە. لە پێداگری بۆ ئەم شتانەدا دەردەکەوێت کە مامەڵەیەکی هاکەزایی لەگەڵ ڕۆماندا وەک شتێکی ڕووکاری و بۆ سەرقاڵی، پیشاندەری نوقسانی و قەیرانی کولتوورییە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کە دەبێت بەسەریدا زاڵ بین. گەر بمانەوێت تێبگەین کە سەرگەرمی چین و چیمان بەسەردا هاتووە و بڕیار وایە بەرەو کوێ بڕۆین، ئەوا دەبێت ڕابردوو و ئێستای خۆمان لە چوارچێوەی کۆمەڵێک گێڕانەوەدا بۆ خۆمان و ئەوانی دی شی بکەینەوە. بەشێک لەم کۆمەڵەیەش دەبێت لە

شێوازی ڕۆماندا بنووسرێت.

پرسیار: لە خۆرئاوا شیعری شاعیرانی وەک سیلان و تراکل و کەسانی دی، فەیلەسوفانی وەک هایدیگەر ڕاڤە و ڕەخنەی دەکەن، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگای خۆماندا زۆربەی شاعیر و نووسەرە شکستخواردووەکان سەرقاڵی ڕەخنەنووسین دەبن. بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە ڕەخنە لە کۆمەڵگای ئێمەدا چییە؟

مورادفەرهادپوور: نەریتی ئەدەبی کلاسیکیی ئێمە، ناتوانێت وەڵامی ئەزموونی مۆدێرنە بداتەوە. هەر بۆیە ئەدەبیاتی کلاسیکیی ئێمە، بووە بە دیکۆراسیۆنی مەعنەوی و بە شێوەیەکی کردەکی ئامادەبوونێکی زیندووی لەنێو کولتووری ئێمەدا هەیە. لەسەر بنەمای ئەو باسانەی کە تا ئێستا هەمان بووە، بینیمان کە ئەدەبیات نەیتوانیوە بەو شێوەیە بێت، کە دەبایە وا بێت، واتە ڕەنگدانەوەی پێگەیشتنی مێژوویی نەتەوەیی ئێمە بێت. لەسەر ئەم بنەمایەش خەسڵەتێکی سەرگەرمی و کات بەسەربردنی وەرگرتووە، ئاشکراشە کاتێک ئەدەبیات هەڵگری ئەزموونێکی مێژوویی نەبێت، ڕەخنەکردنیشی سەرنجڕاکێشییەکی ئەوتۆی نابێت. لە بنەڕەتدا ئەدەبیاتێکی بەم چەشنە ئەو هێزی ڕاکێشانە بەدەست ناهێنێت، کە بتوانێت ببێتە چەقی قورسایی. تۆ باس لەوە دەکەیت لەوێ فەیلەسووفەکان ڕەخنەی شیعر دەکەن، بەڵام لێرەدا شاعیرە شکستخواردووەکان سەرقاڵی ئەوەن، دەکرێت من ئەو پرسیارە لە تۆ بکەم فەیلەسووفەکانی ئێمە کێن، تا ڕەخنەیان هەبێت یان نا؟ لە ڕاستیدا تۆ، باس لەو فەیلەسووفانە دەکەیت بوونیان نییە و ڕەخنە لەو کەسانە دەگریت، کە بوونیان نییە. سەرەتا دەبێت فەیلەسووفێک بوونی هەبێت و کارێکی داهێنەرانەی لە هەمان بواری فەلسەفیدا بڵاو بکاتەوە، دەبێت نەریتێکی فەلسەفی بوونی هەبێت و ڕێڕەوێک ببڕێت تا دوایی ببین و بڵێین بۆچی ئەم نەریتە خۆی بە ئەدەبیاتەوە سەرقاڵ ناکات. کامانەن ئەو فەیلەسووفە ئێرانییانەی لە بواری فەلسەفەدا ئیشی داهێنەرانە دەکەن، تا ئێمە ببین و بڵێین بۆچی ئێوە ئیشی ڕەخنەی ئەدەبی ناکەن؟

پرسیار: مەبەستی من زیاتر ئەوە بوو، کە ئێمە تەنانەت لە زانکۆکانیشدا ئەم جووڵەیەمان نییە، واتە مامۆستاکانی زانکۆ لەئەمڕۆشدا سەرقاڵی ئەدەبی ئەمڕۆ نین.

موراد فەرهادپوور: کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئایا لە زانکۆکاندا فەزایەکی زیندووی کولتووری بوونی هەیە یان نا، سیستمی هەڵبژاردنی

قوتابیانی زانکۆ بە شێوازێکە کە ئێوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئەنجامدا لە ئەدەبیات و هونەردا تەنبەڵترین کاندید قبوڵ دەکەن. لە ناوچە هەژارەکاندا لەگەڵ ئەو سیستمە جیاوازانەی وەرگرتنی قوتابیاندا بۆ چوونە زانکۆکانەوە، بێ هیچ پێشینە و چالاکییەکی کولتووری، چاوەڕێ دەکەن چ شتێک لەم زانکۆیانەدا بێتە دەرەوە؟ لە خۆرئاوا کولتووری داهێنەر و بەرهەمهێنەر، لە هەناوی کۆمەڵگاوە بەرەو زانکۆکان لێوڕێژ دەبێت، بۆ نمونە لە ڕێگای هەمان ئەو پرۆسەی غوسڵ تەعمید(ئاوەشۆرکردن-لەئاوهەڵکێشان)ەی کە باسم کرد، نەریتبەزێنەکان پاش ماوەیەک خۆیان دەبن بە ترادیسیۆن و ڕەهەندێکی فەرمی لەخۆ دەگرن و لە زانکۆکاندا دەخوێنرێن. کەواتە ئەو داهێنانە دەبێت بوونی هەبێت، تا لێوڕێژ ببێت و بەرەو زانکۆکان بڕوات و زانکۆش دەبێت جێگایەک بێت بۆ تێڕامان و لێکۆڵینەوە لەم داهێنانە. قسەی سەرەکی لەوەدایە کە زانکۆ ناتوانێت ئەدەبیات دروست بکات. ئەدەبیات دەبێت بوونی هەبێت، داهێنان دەبێت بوونی هەبێت، تا بەشێک لەوە لە فەزای کولتووریی زانکۆکاندا ڕەنگ بداتەوە. تازە ئەو کاتەش دەبێت شایەتیی کێبەرکێی فەزای ئەکادیمی بێت لەگەڵ کولتووری نائەکادیمی و گرژیی نێوان ئەم دووانە، کە هەر ئەمە خۆی جۆرە چالاکییەکی لە فەزای کولتووریدا لێ دەکەوێتەوە. کاتێک ئەم هۆکار و کەرەستانە بوونی نەبێت، ئاساییە کە هیچ شتێکیش نەخرێتە ڕوو. بە هەمان شێوە کە باسم کرد، زانکۆکان تەنانەت بە ڕواڵەتیش هیچ پەیوەندییەکیان بە ئەدەبیاتی هاوچەرخەوە نییە. کاتێک باس لە ئەدەبیات یان هونەری مۆدێرن دەکەین، ئەوە باس لە شێوەیەکی پێشکەوتووی تێڕامان لەسەر کولتووری مۆدێرن و ژیانی مۆدێرن دەکەین. واتە کەسێک کە هەر لە منداڵییەوە لە تەنیشت هونەری مۆدێرن و بەرهەمە هونەرییە مۆدێرنەکان و کولتووری مۆدێرنەوە بووە و لەگەڵیدا هاوسۆزی هەیە، یان پێش چوونی بۆ زانکۆ، کولتووری کتێب خوێندنەوە و هونەرە مۆدێرنەکانی تری وەک شێوەکاری و مۆسیقا و شانۆی ناسیوە و لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەوانەی ئەزموون کردووە و ئێستا بەو کەرەستە خاوانەی کە لە زەینیدایە هاتووەتە زانکۆوە. ئێوە کاتێک لەگەڵ کەسێکدا ڕووبەڕوو دەبنەوە کە لێی دەپرسن ئایا لە ژیانتدا ڕۆمانێکت خوێندووەتەوە؟ کەس دەست هەڵنابڕێت. ئەوەشی کە دەست هەڵدەبڕێت ئەوپەڕی دەڵێت من ئۆسکارلیتم خوێندووەتەوە. لە شوێنێکدا کە [بەدبەختانە] مۆسیقای شەهرامی نازری و شەجەریان وەک ئەزموونێکی قووڵ و ئاڵۆزی هونەری هەژمار دەکرێت. واتە دەبێت ئێوە ئەو کولتوورە سەرەتاییەتان هەبێت، تا لە هەناوی ئەوەدا کولتووری

گشتی و شتێک بە ناوی ئەدەبیات و هونەری مۆدێرن دروست ببێت.

پرسیار: پێوەری تۆ بۆ هەڵبژاردنی شیعرێک بۆ وەرگێڕان چییە؟ لەگەڵ ئەوەی دەزانیت کە ئەمڕۆ خواستێکی زۆر بۆ شیعر وەرگێڕان لە کۆمەڵگادا سەری هەڵداوە و شیعری ئەمڕۆمان لەنێو ئەم شیعرانەدا وەک نامۆیەکی لێهاتووە.

موراد فەرهادپوور: بە سەرنجدان لەوەی شیعری ئێمە بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەمان چوارچێوەی ڕۆمانتیزمی عیرفانزەدە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، دەکرێت بگوترێت ئەزموونی نوێی زۆر کەم بووە و لە فەزایەکی بەرتەسکدا دەست و قاچی ڕاوەشاندووە. هەر بۆیە گرنگە ئێمە وەرگێڕانی شیعرمان زیاتر بێت، تەنانەت وەرگێڕانی خراپیش کە تەنیا ئەوە بخاتە ڕوو لە جیهاندا شێوازێکی تر لە ئەزموونی شیعری بوونی هەیە. بۆ نموونە شیعر دەتوانێت زۆر سادە و هیچ وێنەیەکی تێدا نەبێت، یان پێویست ناکات خوێنەر تووشی خەم و پەرێشانی بکات، بەڵکوو ڕێک دەتوانێت بە هەمان ساردیی ڕیکلامێک بنووسرێت و بخوێنرێتەوە. هەزار و یەک ئەزموون لەژێر ناونیشانی وەک شیعری پەتیی سیاسی، شیعری ئاڤانگارد، شیعری وێنەی و هتد دەتوانێت لە بواری شیعردا ڕوو بدات. کاتێک ئێوە سەیری شیعری مۆدێرنی جیهانی دەکەن، دەبینن کە هەر لە سەردەمی سیمبولیستەکانەوە تا ئەمڕۆ دەیان و سەدان جۆری ئەزموونی شیعری بوونی هەبووە. بەداخەوە ئێمە تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا جووڵەمان کردووە، تەنانەت لە وەرگێڕانیشدا بەرەو ئەو شیعرانە ڕۆشتووین، کە لەگەڵ حاڵەتی زەینیی کولتووریی ئێمە و ئەزموونە عیرفانییەکانی ئێمەدا بگونجێت. بۆ نموونە وەرگێڕانی شیعرەکانی لۆرکا، سەرکەوتن لە وەرگێڕانی ئەم شیعرانەشدا ڕێک لەبەر ئەم هۆکارە بووە، چونکە بە هەرحاڵ زمان و کولتووری ئێمە وەرگێڕانی شیعرەکانی لۆرکای زۆر ئاسانتر لە شیعرەکانی ئیلیوت هەرس کردووە. بەڵام ئەگەر بڕیار بێت لەم چوارچێوە بەرتەسکە بێینە دەرەوە، کە لەگەڵ ئەزموونی تر لە شیعردا ئاشنایەتی پەیدا بکەین، ئەوا هەرچەند وەرگێڕانی شیعر زیاتر بێت، هێشتا کەمە، چونکە لە یەکەم حاڵەتدا ئاشنایی بەم شیعرانە گرنگە.

پرسیار: بەڵام تۆ باسی پێوەری خۆتت بۆ هەڵبژاردنی شیعر بۆ وەرگێڕان نەکرد.

موراد فەرهادپوور: پێوەری سەرەکیی من ئەوەیە شیعرەکە مل بۆ

وەرگێـڕان بـدات، ئـەوەی کـە ئەنجامەکـەی ئـەوە دەربچێـت، وەرگێڕانەکـە سروشـتی شـیعری تێـدا بێـت و ماهیەتـی شـیعری خـۆی تـا ڕادەیـەک بپارێزێـت. هەڵبـەت مەبەسـتم شـیوەن و ئاهـ و ناڵـە نییـە. لـەوەی کـە هێشـتا پێوەرەکانمـان فۆڕمێکـی کۆنکرێـت و گشـتیی پەیـدا نەکـردووە، زۆربـەی قسـەکان لـە چـواردەوری شـیعری زەوقـی و کەسـییە و شـەڕەکانیش زیاتـر تاکەکەسـییە. لەبـەر ئـەم هـۆکارە ڕەنگـە هێشـتا نەکرێـت ڕێکبکەویـت لەسـەر ئـەوەی چـی شـیعرە و چـی شـیعر نییـە. هـەر لەسـەر ئـەم بنەمایـە، مـن ناتوانـم پێوەرێکـی کۆنکرێـت بـۆ ئێـوە بخەمـەڕوو. هەڵبـەت ئێمـە ئێسـتا لـە هەلومەرجێکدایـن، کـە لـە شـیعری فارسـیدا هیـچ پارادایـم و هیـچ نمونەیەکـی دیاریکـراو لـە بەردەسـتدا نییـە، کەواتـە ناتوانیـن بڵێیـن بوونـی وەرگێڕانـی خـراپ و ئاڵـۆز و ناشـیرین، ئایدیالـی شـیعری ئێمـە تێـک دەدات و دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی شـیعری ئێمـە بـەرەو ناڕوونـی بـڕوات. ئێسـتا لـە شـیعری فارسـیدا جـۆرە ژاوەژاوێـک لـە ئارادایـە. بۆیـە هـەر وەرگێڕانێـک بـە مەبەسـتی ئەزموونکـردن و فێربـوون بێـت باشـە. ئیتـر هـەر شـیعرێک بێـت کـە لـە شـاعیرێکی بەرچـاو وەرگێڕانـی بـۆ بکرێـت. تەنانـەت ئەگـەر خراپیـش وەرگێڕانـی بـۆ بکرێـت، بـە دڵنیاییـەوە لـەو «شـیعرانە»ی کـە فلانـە خانـم لـە فیسـارە شـار و شـارۆچکە بـۆ ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان پۆسـتی دەکات، باشـترە.

سەرچاوە:

سـایر محمـدی، هـر اتاقـی مرکـز جهـان اسـت، گفـت وگـو هایـی بـا اهـل قلـم، انتشـارات نگـاه، ۱۳۸۰، صـص ۲۵۷–۲۷۷.